ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە: ٧٠٣ هەینی ١٥ی بانەمەڕی ١٣٩٦ _ ٥ی مای ٢٠١٧

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## سەردانی دوکتور مەحمود عوسمان لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان

پاش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠ ی ئاوریلی ٢٠١٧ دوکتور مەحمود عوسمان کەسایەتیی سیاسیی ناودار و بەڕابردووی کورد سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازیی لێ کرا.

بەمەبەستی نوێ کردنەوەی دیدار و ئاڵوگۆڕی بیروڕا سەبارەت بە پرس و بابەتە سیاسیەکانی رۆژ، بەڕێز د. مەحمود عوسمان کەسایەتیی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هاوڕێ مستەفا مەولودی سکرتێری گشتیی حیزب و چەند کەس لە کەسایەتی و ئەندامانی رێبەریی حیزبەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.

لەو دیدارە دۆستانەیەدا، سەرەتا دوکتور مەحمود عوسمان پیرۆزبایی خۆی سەبارەت بە وەرگرتنی بەرپرسایەتیی سکرتێری بە کاک مستەفا مەولودی راگەیاند و هیوای خواست کە ناوبراو لە ئەرکی نوێی دا سەرکەوتوو بێ. دواتر هاوڕێ مستەفا مەولودی و هاوڕێیانی وێڕای بەخێرهێنانی د. مەحمود عوسمان سوپاس و ئەمەگناسیی خۆیان سەبارەت بە هەڵوێستی برایانە و هاوپێوەندیی ناوبراو لەگەڵ کوردی رۆژهەڵات بەگشتی و حیزبی دێموکرات بەتایبەتی دەربڕییەوە.

دواتر هەردوولا لەسەر کۆمەڵێک پرسی پێوەندیدار بە ئێستا و ئایندەی باشووری کوردستان بەتایبەتی لەپێوەندی لەگەڵ پرسی ریفراندۆمی سەربەخۆیی‌دا، بارودۆخی گشتیی ناوچە و ئێران و بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

# شەهیدانی ٤٦ ـ ٤٧ لە دوای نیوسەدە، سەرمەشقی لاوانی شۆڕشگێڕن



بانەمەڕی ئەمساڵ نیو سەدە بەسەر رووداوێکی مێژوویی لە بزووتنەوەی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا تێدەپەڕێ. بانەمەڕی ١٣٤٦ کۆمەڵێک لە رێبەرانی لە خۆبوردووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە کردەوە بیرکردنەوەی خۆیان سەبارەت بە هەڵایسانی شۆڕشێکی چەکداری بۆ رزگاری کوردستان و لە نێو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا هێنایە ئاراوەو، بە دەنگی چەخماخەی تفەنگەکانیان خەوی ئارامی‌یان لە دەوڵەتی حەمەڕەزاشا تێکدا.

لە دوای تێکشکانی کۆمار و لەبەریەک هەڵوەشانی رێکخراوەکانی حیزب بەدوای هێرشەکانی ١٣٣٨ و ١٣٤٢ی هەتاوی بەهۆی پەلاماری ساواکەوە، لە باوەڕی کەس‌دا نەبوو کە جارێکی دیکە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو جۆرە سەرهەڵبداتەوە، جگە باوەڕی بەهێز و شۆڕشگێڕانەی ئەو پۆلە لاوە روووناکبیر و بە ئومێد و فیداکارە نەبێ کە بۆ سەلماندنی حەقانییەتی خۆیان، بە ورە و ئیرادەیەکی خەباتگێڕانەوە هاتنەوە مەیدانی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزی زۆر و زەوەن و پۆشتە و پەرداخی رێژیمی شا. ئەوان پشت‌بەستوو بە ئیرادەی خۆیان و پشتگیری خەڵکی هیواخوازی کوردستان ئەم کارەیان دەستپێکرد. لەدوای ١٨ مانگ ئەگەر بەشی زۆری رێبەرانی ئەم جووڵانەوە شەهیدبوون و شکستیان هێنا، بەڵام مێژوویەکیان بۆ نەتەوە و حیزبەکەیان تۆمار کرد کە دوای ٥٠ ساڵیش هەر سەرمەشقی لاوانی بەهەست و شۆڕشگێڕن.

سەروتار

## هاوهەڵوێستیی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە گرەوی وڵامی خەڵکدا

**سمایل شەرەفی**

پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند روویەکەوەو بە چەند هۆکارێکی دیار، بە قۆناغێکی جیاوازدا تێدەپەڕێ. بە سەرنجدان بە هەموو ئەو ئاڵۆزی و قەیران و ئاڵوگۆڕانەی کە لە ناوچەکەدا لە ئارادایە، دیسانیش بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئەم بەشە لە نیشتمان، تەنانەت لە چاو هەرسێ پارچەکەی دیکە، جۆرێک لە «کپ‌بوون»ی پێوە دیارە. گومان لەوەدا نیە کە ئەم کپ‌بوون و لە رۆژەڤدا نەبوونە کۆمەڵێک هۆکاری ناوچەیی، ئێرانی و ناوخۆیی(کۆمەڵگاو حیزبە سیاسی‌یەکان) هەیە کە، ئاماژە پێ‌کردنیان خوێندنەوەیەکی وردی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووری دەوێ کە ئامانجی ئەم وتارە نیە.

ئەوەی لەم وتارەدا ئاماژەی پێ‌دەدەین و پێوەندی راستەوخۆی بەم پێشەکی‌یە کورتەوە هەیە، قسەکردن لە یەکێک لەو هۆکارانەیە کە ئەم دۆخە تایبەتی‌یەی بە رۆژهەڵاتی کوردستان بەخشیوە. ئەویش پرسی «هاوهەڵوێستی» و «یەکڕیزی»ی نێوان هێزە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

لەم ساڵانەی دوایی‌دا زۆر باس و بابەت لەم پێوەندی‌یەدا کراون و نووسراون کە هەر هەموویان قسە لە کەمایەسیی نەبوونی هاوهەڵوێستی و نەبوونی یەکریزی و، نەبوونی گوتاری هاوبەشی نێوان هێزە سیاسی‌یەکان دەکەن. هەروەها هەر لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کۆمەڵانی خەڵک لە ناوخۆی وڵات لە هەر دەفەتێک‌دا کە بۆیان هەڵکەوتبێ داوایان لە هێزە سیاسی‌یەکان کردوە یەکگرتوو و هاوهەڵوێست بن. تەنانەت زۆربەی نزیک بە تەواوی حیزب و رێکخراوە سیاسی‌یەکانیش، دان بەوەدا دەنێن کە؛ یەکڕیزو هاوهەڵوێست نین و هەر ئەم هاوهەڵوێست نەبوونەیشیان بە هۆکاری سەرەکیی ئەم باردووخە هەنووکی‌یەی رۆژهەڵات دەزانن.

***

دوای کردەوە تێرۆریستی‌یەکەی شەوی یەڵدای ساڵی رابردوو لە بەردەم بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە شەهیدبوونی پێنج پێشمەرگەی دێموکرات و دوو پێشمەرگەی سەربە دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستانی لێ‌کەوتەوە و، دوای کۆبوونەوەیەکی بەرینی نزیک بە سی حیزبی هەرچوارپارچەی کوردستان بۆ هاودەردی و هاوخەمی لە گەڵ حیزبی دێموکرات، شەش لایەنی رۆژهەڵاتی کوردستان لە مەجال و دەرفەتی جۆراوجۆردا پێکەوە دادەنیشن و تاوتوێی پرسە سیاسی‌یەکان دەکەن. ل٢

## پێکهاتنی کۆبوونەوەیەکی سیاسی / تەشکیلاتی بۆ بەشێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

پێش‌نیوەڕۆی رۆژی ٤ی بانەمەڕی ٩٦ی هەتاوی ، لە یەکێک لە سالۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی پێوەندی‌دار سەبارەت بە چەند پرسی گرینگی نێوخۆی وڵات و، هەروەها دۆخی نێوخۆی حیزب ، بە بەشداریی بەشێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک‌هات.

ئەو کۆبوونەوە سیاسی و تەشکیلاتی‌یە بۆ باس کردن و شیکردنەوەی باسەکانی کۆبوونەوەی کومیتە ناوەندی ٢٦ی خاکەلێوە گیرا، کە بەمەبەستی تاوتوێ کردنی چەند پرسی گرینگ وەکوو هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و چەند پرسی تەشکیلاتی وئورگانی نێو حیزب بەڕێوەچوو..

لە کۆبوونەوەدا مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئاوردانەوەیەک لە هەلومەرجی سیاسیی ئێران بە گشتی و بەتایبەتی دۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان، چەند خاڵێکی جێگای سەرنجی لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕی ئەمساڵ ، بۆکادرو پێشمەرگەکان خستە ڕوو.

ناوبراو وێڕای سپاس وپێزانین بۆ خۆڕاگری کادروپێشمەرگەکانی حیزب

بە باس کردن لە تەوەرەکانی دانیشتنی کۆمیتەی ناوەندی بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک باسی پێوەندیداری لەوبارەوە پێشکەش کرد و، کورتەیەک لە هەلومەرجی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک‌کۆماری وشووڕای گوند و شارەکانی خستە بەرباس ل٢

## تێکۆشەرێکی دێرینی نێوسەنگەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ماڵاوایی لە ژیان کرد

شەوی ١٢لەسەر ١٣ی بانەمەڕی ٩٦ی هەتاوی یەکێک لە پێشمەرگە خۆڕاگرو وەفادارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوی عەلی سولێمانپوور، ناسراو بە "عەلیشا" دوای تەمەنێک ژیانی شۆرشگێرانە، دڵە پر ئاواتەکەی لە لێدان ڕاوەستا.



مام عەلی دێموکرات، یەکێک بوو لەو تێکۆشەرانە کە هاتا دوایین هەناسەی ژیانی، لە سەنگەری خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و سەرخستنی گەلەکەی ،لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات مایەوەو، تەنانەت چەند ساڵ کە بە هۆی نەخۆشییەوە لە جێ‌دا کەوتبوو بەڵام هەردەم ورەبەخش و هاندەرێکی بە بیر و بڕوا بوو. ل٢

## دەقی راگەیەندراوی شەش حیزبەکەی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی مانگی بانەمەر

کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستان!

کۆماری ئیسلامی ئێران، رۆژی ٢٩ی بانەمەڕی ئەمساڵ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و شوراکانی شار و دێ بەڕێوەدەبات. ئەوەی بەناوی هەڵبژاردن لەو رۆژەدا لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوە دەچێت، بە هیچ پێوەرێکی دێموکراتیکی ئەورۆیی ناتوانرێت ناوی هەڵبژاردنی ئازادی لەسەر بێت. لە بارودۆخێک‌دا کە حیزبە سیاسی‌یەکانی نەیاری رێژیم قەدەخە کراون، دەربرینی رای ئازاد تاوانەو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە سەرەتایی‌ترین مافی نەتەوایەتی و ئینسانی خۆیان بێ‌بەش کراون، ئەو بەناو هەڵبژاردنە بە واتای بێ مافکردنی کۆمەڵانی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانە و، یەکێک لە هۆکارەکانی درێژکردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و نیزامی سەرەڕۆ و داپلۆسێنەرە لە ئێران‌دا.

بەم بۆنەوە داوا لە هەموو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین وەکو کاردانەوەیەکی لێبڕاوانە، بەرنبەر بەو هەموو بێ مافی‌یە، لە هەڵبژاردنەکانی رۆژی ٢٩ی بانەمەڕدا بەشداری نەکەن. بە بەشداری نەکردنی خۆتان لەم شانۆگەری‌یە پەیامێکی روون لە ئیرادەو یەکدەنگی خۆتان بەرانبەر... ل٣

## شورای نیگەهبان و هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامی‌دا

هەر چوار ساڵ جارێک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا هەڵبژاردن بەرێوە دەچێ...

عومەر باڵەکی ل ٣

## سامانی رۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاروانی رۆژنامەنووسیی کوردی‌دا خاوەن رۆڵ و جێگە و پێگەیەکی تایبەتە. ...

قادر وریا/ ل٤

## دەرچوون لە کۆڵانە داخراوەکانی سیاسەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان

پرسی کوردان لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە رێژەیەکی گونجاو لە ئاستی ناوچە و جیهاندا ناسراو...

عەزیز شێخانی/ ل ٥

درێژەی:

## هاوهەڵوێستیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گرەوی وڵامی خەڵکدا

تەنانەت لە دوایین دانیشتن و کۆبوونەوەیان لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردەکانی سەرکۆماری و شووراکاندا کە ٢٩ی مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ بەڕێوە دەچێت، بە هەڵوێستێکی هاوبەش لە سەر بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕ گەیشتوون. ئەم شەش لایەنە لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا داوایان لە تێکڕای خەڵکی کوردستان کردوە کە، «وەکو کاردانەوەیەکی لێبڕاوانە، بەرانبەر بەو هەموو بێ مافییە، لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕدا بەشداری نەکەن و بە بەشداری نەکردنی خۆتان لەم شانۆگەرییە پەیامێکی ڕوون لە ئیرادەویەکدەنگی خۆتان بەرانبەر بە ڕژیمێک کە مافە ئینسانی و ڕەواکانی ئێوە پێشێل دەکات،بە جیهان ڕابگەیەنن».

با هەر لە سەر ئەم هەڵوێستە هاوبەشەی شەش لایەنەکە لە سەر تەحریمی هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕ، بە هێنانەگۆڕی پرسیارێک قسە لە «پێویستیی هاوهەڵوێستی و جۆری هاوهەڵوێستی» بکەین. پرسیارەکە ئەوەیە کە؛ئەگەر ڕێژەیەکی بەرچاوی خەڵک بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕدا کرد، ئایا دەکرێ پرسیار لە سەر ئەم هاوهەڵوێستییە، کە هەموولایەک بە باشی دەزانن، درووست بێ!؟

لە وەها حاڵەتێکدا حەق وایە ئازایانەو بەرپرسانە وڵامی کۆمەڵێک پرسیار لە سەر جیاوازیی نێوان خوێندنەوەی هێزە سیاسییەکان و جۆری ڕەفتاری خەڵک بە پرسە جۆراوجۆرەکان بدرێتەوە. لێرەدایە کە دەبێ هەڵوێستە لە سەر جۆر و ناوەڕۆکی «هاوهەڵوێستی» بکرێ.

هەڵوێستی هاوبەشی هێزە سیاسییەکان ئەگەر بەرهەمی تێگەیشتنی هاوبەش لە واقعەکانی کۆمەڵگای ناوخۆی وڵات و،تێگەیشتن لە پتانسێلەکانی کۆمەڵگەو خوێندنەوەی هاوبەش و لانیکەم لێکنزیک لە ڕەفتاری چین و توێژەکانی کۆمەڵگە نەبێت، ناتوانێ ئامانج و ڕەساڵەتی خۆی بپێکێ. بە مانایەکی زۆر سادەو سەرەتایی، نابێ تەنیا بۆ ئەوەی نیشان بدەین کە هاوهەڵوێستین، هاوهەڵوێستی پێک بێنین. هاوهەڵوێستی و یەکریزی ئەو کاتە دەتوانێ وڵامی دڵخوازی خۆی لە خەڵک و کۆمەڵگە وەربگرێت کە، ئەکتەرەکانی ئەم «هاولوێستی«یە توانیبێتیان چ بە جیا و چ پێکەوە، بەرداشت و خوێندنەوەیەکی دروستی وەک یەکیان لە واقعەکانی کۆمەڵگەو ئەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە هەبێت کە دەیانهەوێ بەم کردەوەیە(هاوهەڵوێستی)، ئاراستەیەکی دیاری پێ بدەن. لە ئەگەری پێچەوانەی ئەم حاڵەتە دایە کە «هاوهەڵوێستی» نەتەنیا ناتوانێ ئاکامی دڵخوازی لێبکەوێتەوە، بەڵکوو حیزبەکانیش تووشی جۆرێک لە بێهیوایی و بەتاڵبوونەوە لە ئیبتکارو خەلاقییەت دەکات.

بەداخەوە لە ماوەی لانیکەم دوو دەیەی ڕابردوودا هەڵوێست و خوێندنەوەکانی زۆربەی حیزبە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ هەڵوێست و ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لانیکەم لە ڕووی سیاسەتی ڕۆژ و تاکتیکەوە، ئەگەر نەڵێین لێک دوور بوون، زۆر ناهەماهەنگ بوون. هەر بە نیسبەت کۆمەڵێک پرسی سیاسیی لە ناوخۆی وڵات زۆر جار شاهیدی ئەوە بووین کە حیزبەکان هەڵوێستێکیان هەبووەو خەڵکیش هەڵوێستێکی تەواو جیاوازی لە دەرکی حیزبەکان هەبووە. بۆ نموونە سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردنەکان کە زۆر دیارو بەرچاوە، ڕەفتاری خەڵک زۆر جیاواز بووە لەو هەڵوێست و داوایەی کە لە لایەن حیزبەکانەوە داوایان لێکراوە.

کە جێی خۆیەتی لەم پێوەندی‌یەدا ئاماژە بە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕویکەردی نێوی ئەم حیزبە بۆ ڕەفتاری خەڵکی کوردستان لە مەجال و دەرفەتی جۆراوجۆردا بکرێ کە توانی تارادەیەک ئەم ڕوانینە باو و چەقبەستووە بگۆڕێ بە ڕوانین و خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە.

هەرچەند لە ساڵانی ڕابردوودا بە شێوەی هاوبەش و لە چوارچێوەی بەیانییە، یان داوایەکی هاوبەش دا نەبووە، بەڵام لە پێوەندی لە گەڵ زۆر پرس و بابەتدا بەشی زۆری حیزبەکان و جاری وایش هەبووە کە «هەموویان»، هەڵوێستی وەک یەکیان هەبووەو داوای وەک یەکیان لە خەڵک کردوە. کەچی نەتەنیا وڵامی دڵخوازیان نەدراوەتەوە، بەڵکوو ڕەفتاری تەواو پێچەوانەی هەڵوێست و داوای حیزبەکانیان لە خۆ نیشان داوە. کەوابوو شەرت نیە هەموو «هاوهەڵوێستی»یەکی حیزبەکان، وڵامی دڵخوازی لە لایەن خەڵکەوە لێ بکەوێتەوە.

«هاوهەڵوێستی» حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بێ‌گومان چ لە لایەن کۆمەڵگای کوردستان و چ لە لایەن خودی خۆیانەوە هەست بە زەروورەت و پێویستبوونی کراوە، ئەوەندەی پێوەندی بە خۆیانەوە هەیە، زۆر لەوە زیاتر پێوەندی بە خودی خەڵک لە ناوخۆی وڵاتەوە هەیە. بە واتایەکی دیکە دەبێ لە هاوهەڵوێستیانەدا خوێندنەوەی کۆمەڵگا(خەڵک) و، جۆری مودیرییەت‌کردنی ڕەفتاری خەڵک، تەوەری سەرەکی بێت و، ئامانجی کۆتایی هاوهەڵوێستی نە پێداگری لە سەر مەوزعی حیزب، بەڵکوو دابینکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی خەڵک و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوە گشتی‌یەکە بێت لە هەموو ڕەهەند و مەیدانەکاندا.

لە کورتخایەن‌دا دەکرێ بە وردبوونەوە لە ڕەفتارو هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕ، هەڵسەنگاندنی دیاردەی «هاوهەڵوێستی»ی نێوان شەش لایەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین و، لەم پێناوەدا قسە لە نەخشە ڕێگایەکی وڵامدەر بکرێ.

درێژەی:

### پێکهاتنی کۆبوونەوەیەکی سیاسی / تەشکیلاتی بۆ بەشێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆماری لە ئێراندا گوتی؛ بەداخەوە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، هیچ کام لە سەرۆکۆمارە بەربژێرو سەرکوتوو لە هەڵبژاردنەکاندا ،بەرنامەو پرۆژەی وایان نەبووە بۆ گەلی کوردو، سەرەڕای ئەمەش حیزبی دیموکرات هەمووکات هەوڵی داوە کە خوێندنەوەی سیاسی و واقع بینانەی هەبێ و، لە هاتنە ئارای هەرچەشنە دەرفەتێکی سیاسی و فەرهەنگی بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی حیزب و چارەسەری پرسی کورد لە ئێران پێشوازی کردووە.

مستەفامەولوودی ئاماژەی دا بە کارنامەی چوارساڵەی حەسەن روحانی کە زیاترین وادە و بەڵێنی دابوو بە خەڵکی ئێران و بەتایبەتی سەبارەت بەپرسی نەتەوەکان لەو وڵاتەدا ، بەڵام کەمیشی جێبەجێ نەکردوە، ئەمەش نیگەرانی ودڵساردی خەڵکی ئێران وکوردستانی لێکەوتوەتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە جیاکردنەوەی پرسی شووڕاکانی گوندو شارەکان داواکاری ئەوەبوو کە خەڵکی کوردستان هەوڵ بدەن کەسانی باش و جێ متمانەو و خۆشناو ئەگەر ڕێگەیان پێدرا خۆیان کاندید بکەن ، هەڵبژێرن بۆ ئیدارەی گوندوشارەکانی خۆیان و لەهەمبەر کۆدەنگی حیزبە ڕۆژهەڵاتیەکانیش سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕ گوتی؛ حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو پاڵپشت و دەسپێشخەری هاوکاری وکۆدەنگی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد، ئامادەی هەرچەشنە هاوکاری وهاولوێستییە سەبارەت بە پرسە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران وکوردستان بەتایبەتی.

دوای باس کردن لە سەر هەلومەرجی هەڵبژاردنەکان لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەدا مستەفا مەولوودی لەسەر چەند پرسی تەشکیلاتی و نێوخۆیی حیزب درێژەی بە قسەکانی دا، یەکەم باس‌کردن لە ئاڵوگۆڕی بەڕێوەبەرانی ئورگانەکان، بە مەبەستی باشتر بەڕێوەبردنی حیزب و دوویەم پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان بوو.

بەڕێزیان لە پێوەندی لەگەڵ یەکگرتنەوەی بنەماڵەی تێکۆشەرانی دیموکرات وتی: هەمووان دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین کە بەهاوکاری وهاوخەمییەوە ، پرسی گرینگی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان چارەسەر ببێ و، حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک هەمیشە بۆ ئەو مەبەستەش بە تەواویی ئامادەگی خۆی دەربڕیوە.

لە کۆتایی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، لە گفتوگۆیەکی کراوەدا، بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکان، بە گەرمییەوە تێبینی و پرسیارو ڕەخنەی خۆیانیان باس کرد و ،پاشان لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزب و، قادروریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەڵامدرانەوە.

درێژەی:

### تێکۆشەرێکی دێرینی نێوسەنگەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ماڵاوایی لە ژیان کرد

ناوبراو کە خەڵکی گوندی بنوخەڵەفی ناوچەی سەردەشت بوو، هەر لە هەڕەتی لاویەتی‌دا بە هۆی هەلومەرجی سیاسی ساڵە کانی ٤٦ و ٤٧و ناسینی شۆڕشگێرانی دێموکراتی ئەو سەردەمە هۆگری تێکۆشانی سیاسی دەبێ و، دواتر بە هۆی پێوەندی لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبەوە لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتی بۆ ماوەی چوارمانگ دەسبەسەر دەکرێ.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ، لە ساڵی ٥٧ی هەتاوی مام عەلی و چەند کەس لە هاوڕێیانی بە چەک کردنی پایگایەکی سەر بە ڕێژیم لە بنوخەڵەف سەرلە نوێ سەنگەری دێموکرات لە ناوچەیەدا، ئاوەدان دەکەنەوە.

شایانی باسە هەستی کوردپەروەری ونیشماندۆستی عەلی سولیمانپوور، بنەماڵەیەکی خەباتکاری لێکەوتوتەوەو، کوڕە گەورەی ناوبراو بە ناوی سولێمان سولێمانپوور دوای لەبەر کردنی جلی پیرۆزی پێشمەرگانە لە ساڵی ٧٣ی هەتاوی لە ناوچەی مەهاباد بە دەستی پیسی خەیانەت شەهید کرا.

شایانی باسە پێش‌نیوەڕۆی ڕۆژی ١٣ی بانەمەڕ تەرمی کوچکردوو مام عەلی، لە مەزارگەی تێکۆشەرانی دێموکرات بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی بە خاک سپێردرا و، هەروەها لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشی تێکۆشەر عەلی سولێمانپوور بەڕێوەچوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا ،هاوڕێ عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتی دەفتەری سیاسییەوە، لە پەیامێکدا وێڕای سەرەخۆشی کردن لەسەرجەم کەسوکارو بنەماڵەی سولێمانپوور، چەند وتەیەکی لەسەر ژیان وخەباتی مام عەلی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

بەڕێزیان بە خستنەڕووی کورتەیەک لە ژیان وبەسەرهاتی عەلی سولێمانپوور لەو پێوەندییەدا، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بەنرخی ئەو شۆڕشگێرە وەفادارەی بۆ ئامادەبووان باس کرد.

لە کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمەدا عومەر سێونەیی ئەندامی بنەماڵەی سولێمانپوور، بەنوێنەرایەتی بنەماڵەکەیەوە سپاسی ئامادەبووانی کرد.

## چەند چالاکییەکی حیزب

### دیدار و چاوپێکەوتنەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حدک لە سوئێد

لە پەراوێزی سەردانێکیدا بۆ سکاندیناڤی، ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی بانەمەڕ د. ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێک لێپرسراو و دامودەزگای سوئێدی دیدار و چاوپێکەوتنی کرد. . سەعات ١٠ی بەیانی ئەو ڕۆژە، بەڕێز ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتی حدک بە هاوڕێیەتی بەڕێزان کەماڵ گرویسی بەرپرسی کۆمیتەی سوئێد و ئارێز ڕەمەزانی بەرپرسی پێوەندییە سوئێدییەکانی کۆمیتەی سوئێد، لە پارلمانی سوئێد دەگەڵ ئەندام پارلمان و بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی سوسیال دیموکراتی سوئێد خاتوو " ئاندرینێ وینتێر" و خاتوو " ئەوین ئینچیر" بەرپرسی پێوەندییە دەرەکییەکانی ناوەندی ئۆلۆف پاڵمە دیداری کرد. لەو دیدارەدا جێگری سکرتێری گشتیی حیزب باسێکی تێروتەسەلی لەسەر هەلومەرجی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و دۆخی کوردەکان لە ئێران و سیاسەتی هەڵاواردن و زەبر و زەنگی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران دژی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران کرد. ئینجا وڵامی پرسیارەکانی هەیئەتی خانەخوێی لەپێوەندی لەگەڵ دۆخی ئێستای ئێران و خەباتی کورد و حیزبی دێموکرات دایەوە. لە بەشێکی دیکەی ئەم دانیشتنەدا، د. ئاسۆ حەسەن زادە سەبارەت بە پێوەندیی نێوان سوئێد و ئێران و بە گشتی سیاسەتی ئورووپا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تێبینی‌یەکانی خۆی خستە ڕوو. لە کۆتاییدا هەردوولا دواتر سەبارەت بە پێوەندیی و هاوکاریی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و سۆسیال دێموکراتەکانی سوئێد و ناوەندی ئۆلاف پاڵمە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لە دیدارێکی دیکەدا کە سەعات ١١ی هەمان ڕۆژ و لە پارلمانی سوئێد دەگەڵ بەڕێز فریدریک مالم ئەندام پارلمان لە حیزبی لیبراڵەکان و بەرپرسی رایەڵکەی کورد لە پارلمانی ئەو وڵاتە بەڕێوە چوو، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب وێڕای سوپاس و ڕێزلێنان لە هەوڵ و هەڵوێستەکانی تا ئێستای ناوبراو لەپێوەندی لەگەڵ دۆخی کورد و خەباتی ڕزگاریخوازانەی پارچەکانی کوردستاندا، بە وردی باسی هەلومەرجی دژوار و ئەستەمی کوردەکان لە ئێرانی کرد و سەبارەت بە هەلومەرجی ئێستای خەباتی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات و هەروەها هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئێران بەرچاورروونی دایە فریدریک مالم و ئاماژەی بەو هۆکارانە کرد کە ئەمساڵ شەش لایەنی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێناوەتە سەر ئەوە کە لە هەڵوێستێکی هاوبەش‌دا داوا لە خەڵکی کوردستان بکەن کە هەڵبژاردنەکانی ئێران بایکۆت بکەن. پاشان هەردوولا سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی سوئێد لە مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا گفتگۆیان کرد. لەو بەشەدا فردریک ماڵم وێڕای ڕەخنەگرتن لە چوونی شاندێکی پایەبەرزی حکوومەتی سوئێد بۆ ئێران لەم دوایی‌یانەدا و پشتگوێ خستنی گلەیی و گازندەی خەڵک لە شێوازی هەڵسوکەوتی شاندەکەی سوئێد لە ئێران، جەختی لەسەر ناکارامەیی ئەم جۆرە سیاسەت و مامەڵانە لەگەڵ ڕێژیمگەلی وەک کۆماری ئیسلامی کرد. لە کۆتایی ئەم دیدارەدا، هەردوولا سەبارەت بە هێندێک کار و پرۆژەی هاوبەش کە دەکرێ لە ئایندەدا بە هاوکاریی هەردوولا بەڕێوە بچن، ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لەدرێژەی دیدارەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبدا لە سوئێد، سەعات ١ی دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، بەڕێز ئاسۆ حەسەن زادە بە هاوڕێیەتی بەرپرسی کۆمیتەی سوئێد و بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب لە سوئێد سەردانی بارەگای سەرەکیی ڕێکخراوی ئامنێستی ئەنترناسیۆناڵ (لێبوردنی نێونەتەوەیی) لە سوئێد کرد و دەگەڵ بەرپرسی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە سوئێد خاتوو " ئاندرییا بوودەکول" کۆبوەوە. لەو دانیشتنەدا ناوبراو باسی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد و هەروەها باسی هەلومەرجی نالەباری زیندانیانی سیاسی و ژیانی کۆڵەمەرگیی کۆڵبەرانی کوردی کرد کە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم جارناجارێک دەیانده‌نە بەر دەسڕێژی گوللە و شەهیدیان دەکەن. لەو بەشەدا هەیئەتی حیزب هێندێک داتا و زانیاریی نوێی لەپێوەندی لەگەڵ پێشێلکاریی توندی مافەکانی مرۆڤی کورد لە ئێران دایە بەرپرسی ئەمنێستی لە سوئێد و خاتوو ئاندرییاش بەڵێنی دا کە کاکڵی ئەو قسە و باسانە بۆ دەفتەری ناوەندیی ڕێکخراوەکەیان لە لەندەن و بەگشتی ڕایەڵکەی ڕێکخراوەکەیان بگوازێتەوە. لە کۆتایی ئەم دانیشتنەدا هەردوولا سەبارەت بە شێوازی ریپۆرت کردنی ڕێک‌وپێک و بەداتای زانیارییەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کاناڵەکانی بەدواداچوونی کەیسە ئۆرژانسەکان گفتگۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

### سەردانی شاندێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دەفتەری نوێنەرایەتی حیزب لە هەولێر

ڕۆژی سێ شەممە ٥ی بانەمەری ٩٦ ( ٢٥ی ئاوریلی ٢٠١٧ ) شاندێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان بەهمەن حسێن ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی و دوکتۆر هیوا سەید سەلیم بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ،سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەولێریان کرد و لە لایەن ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەم دانیشتنە دوستانەدا، سەرەتا بە گرینگی‌یەوە باس لە پێوەندی هەردوولایەن کرا و جەخت کرایەوە لەسەر بەهێزترکردنی پێوەندییەکانیان و، دواتر کۆمەڵێک بابەتی گرینگی گرێدراو بە مەسەلەی کورد بە گشتی و باروودۆخی هەستیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وهەڵبژاردنەکانی ئێران و هەڵوێستی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کەوتنە بەرباس و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

پاشان لە لایەن میوانانەوە، دۆخی هەرێمی کوردستان و بە تایبەت پرسی لە ئارادابوونی ڕێفراندۆمی باشووری کوردستان هاتە گۆڕێ و لایەنە جۆراوجۆرەکانی لێک درانەوە و، چۆنیەتی تەعامول و بە ئاکام گەیاندنی ڕێکارەکانی ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵک ، قسەوباسی لە سەرکرا و لەوبارەوەش، کۆدەنگی و هاوکاری و یەکریزی حیزبەکانی باشووری کوردستان بە فاکتەری سەرەکی لە قەڵەم درا.

دواتر برایم زێوەیی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە گەڵ دەربڕینی سپاس بۆ سەردانەکەی شاندی حیزبی زەحمەتکێشان، هاوسۆزی و پشتیوانی حیزبی دیموکراتی بۆ هە موو هەوڵەکانیان لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی خەڵک لە باشووری کوردستان بە میوانەکان ڕاگەیاند.

کوردستان
ژمارە: ٧٠٣
١٥ی بانەمەڕی ١٣٩٦ _ ٥ی مای ٢٠١٧

# شورای نیگەهبان و هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامیدا



عومەر باڵەکی

هەر چوار ساڵ جارێک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێ جا ئەو هەڵبژاردنە بۆ سەرکۆماریی کۆماری ئیسلامی بێت یا نوێنەرانی مەجلیس و..هتد.

هەر کاتێک باسی هەڵبژاردن لە ئێران گەرم دەبێ ناوی ئۆرگانێکی کۆماری ئیسلامی لە هەموو دامودەزگاکانی ئەو نیزامە زەقتر و بەرچاوتر دەبێ کە ئەویش شوورای نیگەهبانە، کە بە پێی قانوونی ئەساسی ئێران دەسەڵاتێکی رەهای هەیە لە دانان و لابردنی بەربژێرەکان بۆ هەر هەڵبژاردنێک کە لە ئێران بە رێوە بچی. لەو وتارەدا ئاوڕێک لە پرۆسەی هەڵبژاردن و شورای نیگەهبان و دەسەڵاتەکانی ئەو ئۆرگانە دەدەینەوە.

پرۆسەی هەڵبژاردن و هەڵبژاردن لە وڵاتانی دێموکراتێکدا هەل و فورسەتە ، هەم بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان بەربژێر کردوە و هەم بۆ خەڵک کە دەتوانن ئازادانە دەنگ بدەن و نوێنەری دڵخوازی خۆیان لە نێو بەربژێرەکان هەڵبژێرن. کە دەگوترێ بۆ خەڵک و بەربژێرەکان فورسەتە بەو مانایە کە هەر کاندیدایەک لە ماوەی یاسایی‌دا پرۆژە و بەرنامەکانی خۆی پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکا و لە کاتی دەنگ دان‌دا خەڵک دەستی ئاواڵەیە کە بە کام کاندیدا و بەرنامە دەنگ دەدا. واتە لێرەدایە کە سەنگ و قورسایی بەربژێرەکان دەردەکەوێ و لە سیستمی ئاوادا ئەوە خەڵکە بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی وڵات دەدا نەک ئۆرگانێک یان دەزگایەک کە بەو شێوە کە لە کۆماری ئیسلامی‌دا هەیە، چونکە لە سیستمی دێموکراتیکدا نوێنەری هەڵبژێردراو چ سەر کۆمار بێت یا نوێنەری مەجلیس یا هەر ئۆرگانێکی کە بە هەڵبژاردن بێت دوای هەڵبژاردن لە بەرامبەر خەڵکدا بەرپرسیارە وچونکە خەڵک دەسەڵاتی پێداوە و هەر خەڵکیشە بە پێی قانوون دەتوانێ دەسەڵاتی لێ وەربگرێتەوە. هەر بۆیە لەو جۆرە سیستمەدا ئاڵوگۆڕی دەسەڵات زۆر سەهل و ئاسانە، بەڵام لە سیستمی کۆماری ئیسلامی و هاوشێوەی ئەو ئاڵوگۆڕەی دەسەڵات نەک زەحمەت و دژوارە بەڵکوو جاری وایە دەبێتە مەحاڵ. لە سیستمی دیموکراتیکدا کەسێک کە دوای هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە بوو بە سەرکۆمار یان ئەندام پارلەمان... و لە هەڵبژاردنی دوایی‌دا یا مافی نەبوو خۆی بەربژێر بکا یا دەنگی متمانەی خەڵکی نەهێناوە فرێ نادرێ بەڵکوو هەوڵ دەدرێ لە شوێنێکی دیکە لە تەجروبە و وزە و توانای ئەو کەسە بە قازانجی وڵات کەڵکی لێ وەربگیرێ. بەڵام لە نیزامی کۆماری ئیسلامی و هاوشێوەکانی ئەو نیزامە هەر ئەوەندە بەسە کەسەکە پۆستەکە لە دەست بدا و بە چاو هەڵتەکاندنێکی رێبەر لە پەراوێز بخرێ. چونکە لە کاتی وەرگرتنی بەرپرسایەتیش‌دا هەر بە چاوهەڵتەکاندنی رێبەر ئەو پۆستە و بەرپرسایەتییەی وەرگرتووە وخەڵک لە دانانی و دیاری کردنی رۆڵ و نەخشیان نەبووە. لە نیزامی کۆماری ئیسلامی و ئەو مەرجانەی کە بۆ پاڵاوتنی سەرکۆمار و ئەندامانی مەجلیس و...هتد لە نەزەر گیراون لە هیچ جێگایەکی دنیادا نموونەیان نیە و لە ئەساس‌دا رەچاوکردنیان بە ئاشکرا پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و مافی کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایینەکانە لە وڵاتی فرەنەتەوەیی ئێران. لەو نووسینەدا رەنگە مەجال نەبێ یەک بە یەک باسی ئەو مەرجانە بکەین کە لە قانوونی ئەساسی‌دا دەست نیشان کراون بۆ بەربژێربوون بۆیەکێک لە پۆستەکانی سەرەوەی دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامی و لەو باسەدا تەنیا بەسەندە بە یەک مەرج دەکەین کە پایە و بناخەی هەموو نەشیاوبوونی بەربژێرەکانە لە روانگەی شوورای نیگەهبانەوە.

ئەگەر بە مێژووی کۆماری ئیسلامی‌دا بچینەوە بە باشی و روونی بۆمان دەردەکەوێ کە شەڕ و ململانێیەک کە لە رۆژی دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە نێوان بیر و بۆچوونە جیاوازەکان کە



خۆیان بە میراتگری ئینقلاب دەزانی دەستی پی کردو لە ئاکامدا دیتمان ئەو روانگەیە سەرکەوت کە پێداگربوو لەسەر پابەندی «تعهد» بەسەر روانگەی لێزانی و کارزانی «تخصص»دا. هەر بۆیە دەستکرا بە پاکسازی و هێزێکی زۆری لێزان و شارەزا لە بەڕێوەبردن و ئیدارە کردنی وڵات لە هەموو بەشەکانی دەوڵەت، لە ژێر ناوی ئەوەی کە «تعهد»یان بە نیزام نییە لە کار لادران و بە جێگای خەڵکی مەکتەبی و باوەردار بە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌یان دانا کە هیچیان لە بەڕێوەبەری و ئیدارەدان نەدەزانی و ئەو فەرهەنگە بوو بە سیاسەتی هەمیشەیی و پێ بەپێی تەمەنی کۆماری ئیسلامی هات و بەشێوەی قانوونی خۆی لە دەزگایەکدا بە ناوی شوورای نیگەهبان‌دا دیتەوە و بوو بە چاو و گوێی رێبەری کۆماری ئیسلامی تەنانەت هەر بەوەندە بەسەندە نەکرا بەڵکوو لە ساڵی ١٣٧٤ بەولاوە بە پەسەندی قانوونێک لە مەجلیس شوورای ئیسلامی چاوەدێری شوورای نیگەهبان بوو بە چاوەدێریی «استصوابی»بەو مانایە هەر روانگە و بۆچوونێک کە لە شوورای نیگەهبان لەسەر هەڵبژاردنەکان دەربچێ حوکمی قانوونی هەیە و هیچ ئۆرگانێک بۆی نییە کە بتوانێ ئەو قانوونە هەڵبوەشێنێتەوە.

یەکێک لە مەرجە سەرەکی‌یەکانی سیستمی دێموکراتیک ئەویە کە دابەشکردنی دەسەڵاتی تێدا بێت. واتە بۆ هەرکام لە بەشەکانی «قانوون دانان، بەڕێوەبەری ، دادوەری» بە پێی قانوون ئەرک و سەڵاحیەتیان دیاری کرابێ و بە شێوەی سەربەخۆ لە یەکتر کار بکەن و لە هەمان حاڵدا تەواوکەری یەکتر بن لە سیستمی ئیدارەدانی وڵاتدا کە ئەو شێوە بەڕێوەبەری‌یە دەبێتە هۆی سەقامگیری سیاسی لە وڵاتدا و دەسەڵاتی خەڵک بە باشی خۆی دەردەخا و پێش لە دروست بوونی تەک رەوی وسەرەڕۆیی کەسێک یا تاقمێک دەگرێ کە بیانهەوێ دەسەڵاتی وڵات قۆرغ بکەن .

لە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا لەگەڵ ئەوەدا بە زاهیریش بێت دەسەڵاتەکان لە یەکتر جیاوازن هەر سێ دەزگای «قانوون دانان، بەڕێوەبەری ودادوەری» هەیە، بەڵام بوونی دەزگایەکی دیکە بە ناوی شوورای نیگەهبان بە دوو وەزیفەی جیاواز لە راستی‌دا هەم سەلاحییەتی هەر سێ دەزگاکەی دیکەی هێناوەتە ژێر پرسیار وهەم بوەتە نوێنگەی فەرا قانوونی، واتە لە سەرەوەی هەموو قانوونەکان قەراری گرتووە ، هەر وەک پێشتر گوترا لە بەرامبەر هیچ دەزگایەک بەرپرسیار نییە، تەنیا رێبەر نەبێ.

شوورای نیگەهبان هەم قانوون‌دانەرە و هەم قەزاوەت و چاوەدێری بەسەر بەڕێوەچوونی ئەسڵەکانی قانوونی ئەساسی و هەڵبژاردنەکان‌دا دەکا. بە پێی ئەسڵی ٩٤ی قانوونی ئەساسی شوورای نیگەهبان ئەو مافەی پێی دەدرا کە پەسەند کراوەکانی مەجلیس شورای ئیسلامی پەسەند بکا یا رەدەیان بکاتەوە. واتا هەر قانوونێک لە مەجلیس دەربچێ بە پێی ئەو ئەسڵە دەبێ لە پاڵاوتنی شوورای نیگەهبان دەربچێ ئەوکات دەبێتە قانوون و لەوەش بەولاوەتر، بە پێی ئەسڵی ٩٣ی قانوونی ئەساسی کاتێک مەجلیس شوورای ئیسلامی بە ئیستلاح هەڵبژێردراوی خەڵک شەرعییەت پەیدا دەکا کە شوورای نیگەهبان بوونی هەبێ واتە دەنگی خەڵک و هەڵبژاردن ناتوانێ بەڵگە بێت بۆ قانوونیبوونی مەجلیس و ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەموو بەربژێرەکان بە نوێنەرایەتی مەجلیس و سەرکۆماری پێش ئەوەی پرۆژە و بەرنامەی خۆیان بۆ خەڵک رابگەیەنن و تەبلیغ بۆخۆیان بکەن دەبێ لە پاڵوێنەی شوورای نیگەهبان دەرچووبن.

هەروەک باسمان کرد شوورای نیگەهبان بێجگە لەوە وەک ئۆرگانی قانوون‌دانەر کار دەکا ئەرکی قەزاوەت و چاوەدێری بەسەر قانوونی ئەساسیشی لە ئەستۆیەو، بە پێی ئەسڵی ٩٩ لە قانوونی ئەساسی، شوورای نیگەهبان چاوەدێری بەسەر هەموو هەڵبژاردەکان‌دا دەکا کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا بەڕێوە دەچن. ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەو ئۆرگانە خۆی هەڵبژێردراو نییە بەڵکوو هەر ١٢ ئەندامەکەی بە شێوەی راستەوخۆ لە لایەن رێبەرەوە دەست نیشان دەکرێن. بە پێی ئەسڵی ٩١ لە قانوونی ئەساسی لەو ١٢ کەسە ٦ کەسیان راستەوخۆ لە لایەن رێبەرەوە دەست نیشان دەکرێن و ٦ کەسەکەی دیکەش لە لایەن سەرۆکی دەزگای داد کە خۆی دەست نیشاندەی رێبەرە، بە مەجلیسی شوورای ئیسلامی دەناسێندرێن بە مانایەکی دیکە ئەو ٦ کەسەش هەر بە تەئیدی رێبەر گەیشتوون.

لە کۆتایی دا دەتوانین بەو ئاکامە بگەین لە وەها نیزامێکدا پرۆسەی هەڵبژاردن بە داخەوە ناتوانێ ببێتە فورسەت بۆ خەڵک و بەربژێرەکان و هەر هەڵبژاردنێک هەرچەند خەڵکیش تێیدا بەشدار بن بەلاڕێدا دەڕوا و دەنگی خەڵک دەفەوتێ.

## چەند هەواڵی کوردستانی

### هێزەئەمنییەکانی شاری مەهاباد مەزارگەی رێبەرانی کۆماری کوردستانیان داخست

رۆژی ٦ی بانەمەڕ مەزارگەی شەهید پێشەوا قازی محەممەدو هاورێیانی لە شاری مەهاباد لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعات وسپای پاسدارانی ئەوشارە قفڵ دەدرێ و بە کامێراش جموجۆڵی خەڵکیان خستوەتە ژێر چاوەدێرییەوە.

زانیارییەکان باس لەوە دەکەن ترسی ناوەندە ئەمنیەکان و کونترۆڵ کردنی مەزارگەی نەمران پێشەواو یارانی وەفاداری پێوەندی هەیە بە نزیکبوونی ١١٥ساڵەی یادی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد و هاوکات بوونی ئەم رێکەوتە لەگەڵ فەزای بانگەشەی هەڵبژرادنەکانی شووڕای شارو گوندەکان کە رەنگە کەسانێک لە بەربژێران بیانهەوێت لەو شوێنە حەماسییە متینگ وگردبوونەوە بەرێوە ببەن.

شیاوی باسە مەزارگەی پێشەوا قازی محەممەد و هەڤاڵانی لە مێژە بوەتە شوێنی کۆبوونەوەی کوردپەروەران و ساڵانە لە سەرانسەر ی کوردستان ، چین وتوێژەکان بەتایبەتی چینی خوێندکار ولاوان سەردانی ئەو شوێنە پیرۆزە دەکەن و بەرێزو حورمەتەوە گڵکۆی پێشەوای مەزن لە ئامێز دەگرن.

هەر ئەمەش بوەتە جێی نیگەرانی ناوەندە ئەمنییەکان و بە شێوەی جۆراوجۆر کونترۆڵی جموجۆڵی خەڵک دەکەن لەو شوێنە پیرۆزە.

### ئێران، کۆسپ و تەگەرە دەخاتە بەردەم راپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان

تلویزیۆنی ئەلعەرەبیە لە راپۆرتێکدا بڵاوی‌کردەوە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە نانەوەی ئاژاوە لە نێو لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان، کۆسپ و تەگەرە دەخاتە سەر رێ بەرێوەچوونی راپرسیی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان.

قاسم سلێمانی، یەکێک لە فەرماندەکانی سپای قودسی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ماوەیەک لەوەپێش لە سەردانێک بۆ هەرێمی کوردستان هەڕەشەی لەلایەنە سیاسی‌یەکان کرد کە لە بەرێوەچوونی راپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان خۆبپارێزن و هەروەها گوتی ئێمە عێراقێکی یەکپارچەمان دەوێ.

ناوبراو بە فشارهێنان لە رێگەی میلیشیا چەکدارەکانی حەشدی شەعبی‌یەوە، لە هەوڵی ئەوە دایە کە هەرێمی کوردستان لە بەرێوەچوونی راپرسیی بۆ سەربەخۆیی دوور بخاتەوە.

فشارەکانی تاران تەنیا رێگریکردن لە راپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان نییە بەڵکوو ئەو وڵاتە بە بیانووی بوون و چالاکی‌کردنی حیزبە کوردی‌یەکانی نەیاری ئەو وڵاتە لە هەرێمی کوردستان لە رێگەی نیزامییەوە دەست لە کاروباری ئەو هەرێمەش وەردەدا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بەوە تاوانبارە کە چەندین جار هێرشی کردوەتە سەر حیزبە کوردی‌یەکانی دژبەری لە هەرێمی کوردستان، چەند مانگ لەوەپێش لە رێگەی دانانەوەی بۆمب لە نزیک مەقەری سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان چەندین کادرو پێشمەرگەی ئەو حیزبە و تەنانەت پێشمەرگەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش شەهید بوون.

زۆر جار راگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران باس لەوە دەکەن کە ئەگەر هەرێمی کوردستان لەسەر بەرێوەچوونی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی پێداگربێ ، لەوانەیە هاوکاریی و پێوەندی‌یە ئابووریی و سیاسی‌یەکانیان لەگەڵ ئەوان بپچڕێنین یان کەمیان بکەینەوە

### تورکیەو بەردەوامی بوردومانی هێزە کوردی‌یەکان

فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیە رۆژی رابردوو ناوەندی هێزە کوردییەکانی لە عیراق و سووریە بۆردومان کرد و لە ئاکامدا زیاتر لە ٢٠شەڕکەری کورد کە لەلایەن ئەمریکاوە لە شەڕی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داعش پشتیوانی‌یان لێدەکرێ گیانیان لە دەستدا

بەپێی راپۆرتی چاودێرانی مافی مرۆڤ لە سووریە، لە هێرشێکی ئاسمانیی تورکیە لە شاری ماکیکیەی سووریە لە نزیک سنوورەکانی تورکیە، ١٥ کەس لە یەکینەکانی پارێزگاریی گەل و ٣ کەس پرسنێلی پزیشکیش گیانیان لەدەستدا. ئەو هێرشە کەخوێناویترین هێرش دژی هێزە کوردی‌یەکانی سووریە بووە یەک رۆژ دوای ئەوەبوو کە بەرەی کورد و عەرەب «هێزە هێزە دیموکراتیکەکانی سووریە" گەیشتبوونە شاری "تەبەقەی ئەو وڵاتە.

چاودێرانی مافی مرۆڤ لە سووریە دەڵێن، پاش ئەوەی کە تورکیە لە مانگی مارس رایگەیاند کە عەمەلیاتی نیزامی خۆی لە سووریەدا راگرتووە، ئەوە یەکەم جارە هێزەکانی تورکیە هێرش دەکەنەسەر خاکی سووریە.

هەروەها لە عێراق، فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیە لە هەوڵی بۆردومانکردنی هێزەکانی حیزبی کرێکارانی کوردستان لە شەنگاڵ ٦ پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بوونە ئامانج و شەهیدبوون.

کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان ئەو هێرشە ئاسمانییەی تورکیەیان مەحکوم کرد، بەڵام تورکیە گوتبووی، ئەو هێرشانە دژی ئەو تیرۆریستانەیە کە مەترسی و هەڕەشەن بۆسەر خاکی وڵاتەکەیان و بەردەوامیش دەبین.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە هێرشێکی ئاسمانی بۆسەر ئاواییەکی سەربە پارێزگای ئەدلیب کە دەوترێ کە لەلایەن رووسیەوە ئەنجام دراوە لانیکەم ١٢ کەس کوژران و لە هێرشێکی دیکەدا ناوەندێکی دەرمانیی لە ئاواییەکی تەنیشتی کاول کرا.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەم هێرشانەی تورکیە بۆسەر کوردانی هەرێمی کوردستان و سووریەی مەحکوم کرد و بە جێی نیگەرانیی زانی.

### پێشگرتن لە بەڕێوەچوونی رێورەسمێکی ژینگەپارێزی لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە

هێزە ئەمنیەکانی پارێزگای سنە رێگەیان نەدا رێورەسمێکی ژینگەپارێزی لە گوندی نزاز سەر بەناوچەی ژاوەرۆ بەرێوە بچێ.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە پارێزگای سنە رۆژی هەینی ٨ی بانەمەڕ کە ژینگەپارێزان و چالاکانی مەدەنی ناوچەی ژاوەرۆ، سەرەڕای ئامادەکاری و بانگهێشتی خەڵک بۆ گوندی نزاز بە مەبەستی بەرێوەبردنی رێورەسمێکی ژینگەپارێزی و پێشوازی کردنی بەرفراوانی خەڵک لەو رێورەسمە، بەڵام ناوەندە ئەمنیەکان بەدەستێوردان و رێگری کردن لە خەڵک رێگەیان نەدا کە ئەو رێورەسمە بەو چەشنە کە ئامادەکاری بۆ کرابوو بەرێوەبچێت.

پێش دەسپێکی رێورەسمەکە هێزێکی چەند سەدکەسی سەرجەم رێگاکانی گوندی نزاز تا سەر جادەی سنە یان ، تەنی بوو.

هێزە ئەمنی و ئینتیزامی‌یەکانی رێژیم بە راگرتنی خەڵک و وەرگرتنی بەڵگەنامەی خۆیان و ماشینەکانیان رێگەیان نەداوە خەڵک بچنە گوندی نزاز.

درێژەی:

### دەقی راگەیەندراوی شەش حیزبەکەی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی مانگی بانەمەر

بە رژێمێک کە مافە ئینسانی و رەواکانی ئێوە پێشێل دەکات، بە جیهان رابگەیەنن.

یەکدەنگ بایکۆتکردنی ئەو بەناو هەڵبژاردنە، لە هەمانکات‌دا رێگایەکە بۆ پێشگرتن لە داسەپاندنی هەر چەشنە فشارو سەرکوتێک بەبۆنەی هەڵبژاردنەوە.

داوا لە هەموو چالاکانی بواری خەباتی کۆمەڵایەتی و مەدەنی، تێکۆشەرانی سیاسی، لایەن و کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکان دەکەین، کە لە پێناوی بەجێهێنای ئەرکی ئازادیخوازانەی خۆیان، هەڵسوڕاوانە بەدەم ئەم بانگەوازەوە بێن و ریزەکانی ئەم یەکدەنگی‌یە بەهێزتر بکەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**کۆمەڵە (رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**
**٧ی بانەمەڕی ١٣٩٦**
**٢٧-٤-٢٠١٧ل٢**

# سامانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## (ئەزموونەکان و پەیامەکان ، ئەرکی هەنووکەیی)



قادر وریا

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا خاوەن ڕۆڵ و جێگە و پێگەیەکی تایبەتە. ئەم حیزبە هەر واکە لە ڕووی سیاسییەوە شوێنی دیاری هەبووە لە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانەی نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە ڕووی ڕۆژنامەنووسییشەوە، ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاوی بووە. دیارە ئەم ڕۆژنامەنووسییە ، ڕۆژنامەنووسیی حیزبی بووە بەڵام لە هەر حاڵدا ئەم ڕۆژنامەنووسییە حیزبییەش بەشێکە لە کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی.

**١– قۆناغی دەسپێک:**

ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چەند قۆناغ دەگرێتە خۆ. یەکەم قۆناغ ئەو کاتەیە کە ئەم حیزبە دادەمەزرێ و دوایەش کۆماری کوردستان پێک دێنێ. ئەمە قۆناغی یەکەمی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتە کە وەک قۆناغی دەسپێک ناوی دەبەین. دیارە بەر لە دامەزرانی ئەو حیزبە، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان هەبووە و کۆمەڵەی ناوبراویش، گۆڤاری» نیشتمان»ی بڵاو کردوەتەوە. بەڵام بە دامەزرانی ئەم حیزبە و چەند مانگ دواتریش بە دامەزرانی کۆماری کوردستان، قۆناغێکی زێڕین لە مێژووی ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ دەکا.

تایبەتمەندییەکانی قۆناغی دەسپێکی ئەم کاروانە بریتین لە:

– حیزبی دیموکرات لە دەسەڵات دایە و بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا و بە زمانی کوردی کاری ڕۆژنامەنووسی دەکا. ئیمکاناتی حکوومەتییش لە خزمەت ڕۆژنامەنووسییەکە دایە.

– جۆراوجۆری لە کارو هەنگاوە ڕۆژنامەنووسییەکاندا هەیە. لە لایەکەوە ڕۆژنامە هەیە کە چەند ڕۆژ جارێک دەرچووە، هەر لەو کاتەدا گۆڤاری جۆراوجۆریش بڵاو بوونەتەوە و توێژی جیاوازی کۆمەڵ، بەردەنگیان بوون.

هێندێک لە چاپەمەنیی ئەو سەردەمە بریتی بوون لە: ڕۆژنامەی «کوردستان»، گۆڤاری «کوردستان»، گۆڤاری «هەڵاڵە» کە لە بۆکان دەرچووە، «گڕوگاڵی منداڵانی کورد»، گۆڤاری «ئاوات»، گۆڤاری «هاواری نیشتمان». هەر لەو سەردەمەشدا، حیزبی دیموکراتی کوردستان، بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ڕادیۆیی بە زمانی کوردی لە ئاستی پێتەختی کۆماردا، ئەزموون دەکا. ئەم قۆناغە بە ڕووخانی کۆماری کوردستان لە کۆتایی پاییزی ١٣٢٥، کۆتایی پێ دێ.

**٢– قۆناغی هەژاریی خەرمانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات:**

لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ١٣٥٧، خەرمانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات هەژارییەکی نەخوازراو بە خۆیەوە دەبینێ. هۆکاری ئەم هەژارییە، گیران و شەهیدکرانی سەرانی کۆمار، ڕاکردن و دەربەدەری یا گیران و دەسبەسەریی بەڕێوەبەران و تێکۆشەرانی حیزب و کۆمار، قەدەغە بوونی تێکۆشانی حیزب و بەرەوڕووبوونی ناوەندی ڕێبەریی حیزب لە گەڵ دوورخراوەیی لە وڵات و ناکۆکیی نێوخۆیی بووە. تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵی خایاندوە بریتییە لە:

– لە ڕووی چەندێتی، ئەو هەوڵە ڕۆژنامەنووسیانەی لەو قۆناغەدا دراون، کەم بوون.

جگە لە ڕۆژنامەی «کوردستان» کە ئۆرگانی حیزب بووە و چەند جار هەوڵی بەردەوامیی و دووبارە بڵاوبوونەوەی دراوە، دوو ناوی دیکە لە ڕیزی چاپەمەنیی حیزبدا دەبیندرێن. یەکەمیان بڵاوکراوەیەکی دەستنووس بە ناوی «تیشک « بووە کە کاک سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی دوو–سێ نوسخەی دەستنووسیان لە نێو بنکە حیزبییەکاندا لێ ئامادە کردوە و هەر لە نێو هاوڕێیانی حیزبیی دانیشتووی ئەو بنکانەدا بڵاو بوونەتەوە. دووهەمیان بڵاوبوونەوەی نامیلکەی نێوخۆیی « تێکۆشەر» لە دوای کۆنگرەی سێهەمی حیزبەوە بووە.

– هەوڵە ڕۆژنامەنووسییەکان بە نهێنی یا لە دوورەوڵاتیدا بوون و، پچڕان و نارێکوپێکی و وەستان لە بڵاوبوونەوەیاندا هەبووە.

**قۆناغی سێهەم:**

بە ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی و دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان، قۆناغێکی نوێ لە کاروانی ڕۆژنامەنووسیی ئەم حیزبەدا دەست پێدەکاتەوە. ئەم قۆناغە هەتا ئەو کاتەی کاناڵی ئاسمانیی تەلەڤیزیۆنی و ئەنترنێت دێنە نیو ڕاگەیەنی کوردییەوە، واتە هەتا سەرەتا و ناوەندیەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی، (دەیەی حەفتای هەتاوی) دەخایەنێ.

لە بەرەکەتی کەشوهەوای سیاسیی دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ڕۆژنامەنووسی لە سەرانسەری ئێران، ئازادی و گەشەیەکی سیاسیی کاتی بە خۆوە دەبینێ. لە کوردستانیش، حیزبی دیموکرات کە ئەزموونی دوو قۆناغی پێشووی هەیە، سوود لە هەلومەرجی سیاسیی نوێ وەردەگرێ و گەشە بە چاپەمەنیی خۆی دەدا. تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسیی حیزب لەم دەورەیە دا ئەمانەن:

– وەک سەردەمی کۆمار و زیاتریش، جۆراوجۆری لە هەوڵ و هەنگاوە ڕۆژنامەنووسییەکاندا سەر هەڵ دەداتەوە. ڕۆژنامەی «کوردستان» دووبارە بە ئاشکراو لە زیدی خۆی کە مەهاباد پێتەختی کۆماری کوردستانە، بۆ ماوەیەک لە لاپەڕەی گەورە دا بڵاو دەبێتەوە. کۆمەڵێک گۆڤار و بڵاوکراوەی نوێ، بە بەردەنگی جیاوازەوە لە لایەن دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ئەو حیزبە بڵاو دەبنەوە.

– نەک هەر ناوەندی حیزب و ڕێکخراوە سینفییەکانی سەر بە حیزب بەڵکوو ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمیتە شارستانەکان و بەڕێوەبەرییە ناوچەیەکانیش، دەبن بە خاوەنی بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان( کە مانگانە یا چەند مانگ جارێک دەردەچوون).

بۆ وەبیرهێنانەوە ناوی هێندێکیان ئەمانە بوون:»خەبەرنامە» کە لە کۆمیتەی شارستانی مەهاباد و زۆر لە کۆمیتە شارستانەکانی دیکەش شتی لەم چەشنەیان بڵاو دەکردەوە،»گەلاوێژ»(یەکیەتیی لاوانی دیموکرات– مەهاباد)، «دەنگی لاوان»(یەکیەتیی لاوانی مەهاباد»، «پێشەوا» کە ٢٦ ژمارەی لێ بڵاو بوەوە و لە لایەن کۆمیتەی شارستانی مەهاباد دەردەچوو. «دەنگی کورد» بڵاوکراوەی کۆمیتەی حیزبی دیموکرات لە تاران، «کێلەشین»(کۆمیتەی شارستانی شنۆ)، «یەکێتی»(کۆمیتەی شارستانی نەغەدە)، پڵێنگ(هەاڵنامەی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار)، «دەنگی ژنان» لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دیموکرات، «شەهید»(کۆمیتەی شارستانی بانە)، «نەکەرۆز»(کۆمیتەی شارستانی سەقز)، «زانیاریی پێشمەرگە»(کۆمیتەی شارستانی سنە)، بڵاوکراوەی «ئاوارە» لە لایەن کۆمیتەی شارستانی سەردەشتەوە، «ڕوانگەی لاوان»(ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات لە بانە)، گۆڤاری «لاوان» ئۆرگانی ناوەندیی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات کە تا ئێستاش بەردەوامە. گۆڤاری ٢٦»ی سەرماوەز» کە لە لایەن کۆمیسیۆنی سیاسی – نیزامی بڵاو دەبووەوە. بڵاوکراوەی «کۆمەڵ» کە لە لایەن کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بڵاو دەبووەوە،»ئارارات» بڵاوکراوەی کۆمیتەی ئاراراتی حیزبی دیموکرات. هێندێک لەو بڵاوکراوانە( ڕۆژنامەی «کوردستان»، گۆڤاری ٢٦ی سەرماوەز و «ڕوانگەی لاوان» دواتر لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران– ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ، دەورەیەکی نوێیان لێ بڵاو دەکرێتەوە.

– زۆربەی بڵاوکراوەکانی ئەم قۆناغە بە تایبەتی ئەوانەی لە کۆمیتە شارستانەکان و بەڕیوەبەریی شار و ناوچەکان دەر دەچوون، بە هۆی داسەپانی شەڕ بە سەر خەڵکی کوردستان و گیرانەوەی ناوچەکان لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، تەمەنێکی کورتیان هەیە.

– ڕادیۆ(ی دەنگی کوردستانی ئێران) دێتە نێو تێکۆشانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات و دەکرێ بڵێین ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە گەیاندنی هەواڵ و پەیامی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و خەباتی حیزبی دیموکرات بە کۆمەڵانی خەڵک. ڕادیۆ سەرەرای پارازێتی بە هێز و بەردەوام کە لە لایەن دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی دەخرایە سەری، دەیتوانی سەر بە هەر ماڵێک و مووچە و مەزرایەک لە هەر شوێنێکی کوردستاندا بکا.

**قۆناغی چوارەم:**

ئەم قۆناغە لە دەیەی ٩٠ی زایینی(٧٠ی هەتاوی) بە هاتنی کاناڵی ماهوارەیی تەلەڤیزیۆنی و هاتنی ئەنترنێت بۆ نیو کار و چالاکیی ڕۆژنامەنوسی کوردی دەست پێ دەکا. ئەم گۆڕان و پێشکەوتنەی نێو دنیای ڕۆژنامەنوسی، ڕۆژنامەنوسیی حیزبی دیموکراتیش– ئەگەر چی بە درەنگەوە– دەگرێتەوە. دەتوانین بڵێین ئەم قۆناغە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات بریتین لە:

– لە سەرەتای قۆناغەکەدا، بڵاوکراوەی کاغەزی بایەخی خۆی هەر پاراستوە. هەر بۆیە کۆمەڵێک بڵاوکراوەی نوێ دێنە ڕیزی چاپەمەنیی حیزب. بڵاوبوونەوەی دووبارەی گۆڤاری «لاوان»، لە دایکبوونی گۆڤاری «ژنان»، لە دایکبوونی «دنیای منداڵان»وەک پاشکۆی ڕۆژنامەی « کوردستان»، لە دایکبوونی گۆڤاری تیشک» وەک بڵاوکراوەی سیاسی و فکریی کۆمیسیۆنی فێرکردنی حیزب، لە ڕووداوەکانی ئەم قۆناغەن.

– ژمارەیەک ماڵپەڕی ئەنترنێتیی سەر بە حیزبی دیموکرات دەست بە کار دەکەن و بەم جۆرە چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتیش لە تۆڕی جیهانیی ئەنترنێت سوود وەردەگرن.

– ڕادیۆ بەرەبەرە لە بایەخی کەم دەبێتەوە و هەتا دێ خوازیاری کەناڵی ئاسمانی پەرە دەستێنێ. لەم قۆناغە دایە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەبێتە خاوەنی کاناڵی ئاسمانی و تەلەڤیزیۆنی «تیشک»لە دایک دەبێ. دواتر کاناڵی ئاسمانیی «کورد کاناڵ» بە پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەخشی بەرنامەکانی دەست پێ دەکا.

– لە گەڵ ئەوەی بەربەست و کۆسپەکانی سەر ڕێگای ڕۆژنامەنووسیی ئازاد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەر وا درێژەیان هەیە، بەڵام بە هۆی پێشکەوتنی ئامێرەکانی پێوەندی، دەنگ و ڕەنگی میدیاکانمان هاسانتر لە پێشوو دەگەنە بەردەنگی خۆیان. هەوڵێشمان ئەوە بووە کە پێوەندییەکە یەک لایەنە نەبێ، و بەردەنگی ئێمەش ڕەخنە و چاوەڕوانیی خۆی بگەیەنێتە ئێمە و تەنانەت بۆشی بڵاو بکەینەوە.

– تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا دێ پتر گەشە دەکەن و خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش وەک بەر دەنگی ئەم حیزبە لەو تۆڕانەدا چالاکتر دەبن.

**نیوەرۆکی پەیامی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات:.**

ناوەرۆکی بابەت و پەیامەکانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات، تیشک خستنە سەر بێ مافی و بندەستیی نەتەوەی کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، هاندانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ نەهێشتنی ژێردەستی و بێ مافی بووە. وەخەبەرهێنانی هەست و بیری نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی سیاسییان بووە، ڕێنوێنی کردنیان بووە بۆ خەبات لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و هەر وەها کۆتایی هێنان بە زۆرلێکراوی لە ڕووی نەتەوەییەوە.

**ئەرکە هەنووکەییەکانمان:**

زنجیرەیەک کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ خەسارناسیی لاوازی و کەموکورتییەکانی کاری میدیایی و ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغی ئێستادا پێک بێنین بۆ ئەوەی لە بەر ڕووناکایی باسەکاندا، پلان و بەرنامە بۆ داهاتووی تێکۆشانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دابنێین.

– هەتا دێ، بەردەوامبوونمان لە ڕۆژنامەی کاغەزیدا بە هۆی تێچووی ماڵیی ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسییە دژوارتر دەبێ، هەر بۆیە پێویستە وێڕای کەمکردنەوەی ئەو جۆرە تێکۆشانە لە ڕووی چەندایەتییەوە، گرنگی بە جۆر و چۆنایەتی و ڕاکێشەربوونی میدیای ئەم سەردەمە و گەیاندنی پەیامەکەی بە بەردەنگی خۆی بدەین.

– لە پەخشی بەرنامەی تەلەڤیزیۆنیدا پێویستمان بە بەخۆداچوونەوە هەیە. بەردەوام ڕاگرتنی کەناڵی ئاسمانی، کە تێچوویەکی بەرچاو لە ئێمە دەخوازێ، ئەو کاتە دەتوانێ بە سوود بێ، کە باشترین کەلکی لێ وەربگرین. پێویستە لاوازییەکانمان لە ڕووی بەرهەمهێنانی بەرنامە، چارەسەر بکەین.

– توانای مەعنەوی(هێزی مرۆیی) و توانای ماددیی خۆمان لەو میدیا و بوارانەدا چڕ بکەینەوە کە بەردەنگی زیاتریان هەیە. گرنگیدان بە تەلەڤیزیۆن و چالاکتربوونمان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی ئەو تۆڕانەی لە ئێران ڕێگە پێدراون و خەڵک سوودیان لێ وەدەگرن، زۆر پێویستە.

– ئەو سامانە ڕۆژنامەنوسییە دەوڵەمەندەی لە قۆناغەکانی پێشوو بۆمان ماوەتەوە، لە دوو بارەوە کاریان لە سەر بکەین. لە لایەکەوە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی پێشوو کە لەوانەیە لە ئارشیوی حیزبیشدا بە ناتەواوی هەمان بن، سکان بکەین و بیان کەینە فایلی» پی. دی. ئێف» و لە ماڵپەڕی ناوەندیی حیزب و یا لە شوێنی تایبەتدا، لە تۆڕی جیهانیی ئەنترنێتدا دایان بنێین بۆ ئەوەی هەم لە مەترسیی فەوتان ڕزگاریان بکەین و هەم بیانخەینە بەرچاوی هۆگران و خوازیاران. هەر لەو کاتەدا توێژەران بە تایبەتی ئەوانەی هۆگری حیزبی دیموکرات و مێژووەکەین هان بدەین بۆ ئەوەی توێژینەوە لە سەر گۆڤار و بڵاوکراوە لە بیرچۆوەکان بکەن.



# دەرچوون لە کۆڵانە داخراوەکانی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

عەزیز شێخانی

پرسی کوردان لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە ڕێژەیەکی گونجاو لە ئاستی ناوچە و جیهاندا ناسراوە. باکوور، باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لەو گۆڕەپانەدا و لە ژێر کارتێکەری ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و نێوخۆیی‌یەکاندا زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتی دەرکەوتن و دەنگ هەڵبڕینیان هەیە. لە زۆربەی پارچەکانی کوردستاندا ڕەوتی نیوەچڵی دیالۆگ و وتووێژ لە سەر چارەسەرکردنی پرسی کورد بەڕێوەچووە. لە ڕۆژئاوا و لە نێو نەوەی تازەی سیاسەتکارە ڕۆژئاواییەکان پرسی کورد لە باکوور، باشوور و ڕۆژئاوا بابەتێکی ئاشنایە، بەڵام ڕۆژهەڵات و خەباتەکەیان وەک پێویست ناسراو نییە. لە ڕۆژهەڵات و لە ژێر سێبەری نیزامی ئاخوندەکاندا، بارودۆخێکی دژوار و ژینگەیەکی ڕەقن و پڕ لە مەترسی باڵی بە سەر وڵات و گەلانی ئێراندا کێشاوە. لەو وڵاتەدا ئازادی‌یەکان لە شەتەک دروان و دەرفەتی خۆرێکخستن و خستنەڕووی ویست و داخوازەکان زۆر کەمن. خەباتی کۆمەڵانی خەڵک و جیابیرە نێوخۆیی‌یەکان سارد و سڕە و هەڵسووڕانی تاک و هێزە سیاسی‌یەکان لە گۆڕەپانی سیاسەت و مافخوازانەدا یاساغ و قەدەغە کراون.

گەلانی چەوساوەی ئێران ڕۆژگارێکی دژوار تێپەڕ دەکەن و لە ژێر باری قورس و مێژوویی سەرکوت و توندوتیژی دەوڵەتی‌دا چەماونەوە. ئەوان لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا، لە چاککردنی پرۆسەی سیاسی وڵاتدا سەرکەوتوو نەبوون. کولتوری داپڵۆسین و دیکتاتۆری لە سەردەمی شا و حکوومەتی ئیسلامی‌دا وەک ڕێکاری ئیدارەی وڵات و پاراستنی کورسی دەسەڵات کەڵکیان لێوەرگیراوە. نەبوونی ئازادی‌یەکان و لاوازبوونی کولتوری پەروەردەی تاک، کە زیاتر بێدەنگی و خۆهاوڕەنگکردنی زۆرەملی یان درۆزنین لە گەڵ بارودۆخ پەرەپێدەدا، کولتوری بەرگریی و ڕەوتی خەباتی ئازادیخوازانەی لاواز کردوە. خەڵک بە ڕێژەیەکی گشتی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان باوەڕیان بە هێزی نێوخۆ و خۆماڵی نییە و بەردەوام چاویان بڕیوەتە هێزی دەرەکی یان مۆرکی چارەنووس. باڵادەستی کولتور، زمان، مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی، سەرکوت و چەوسانەوە لە بازنەی پەروەردە، ئیدارە،ئابووری، میدیا، مێژوو و هتد، کەشێکی نەخوازراوی بۆ کورد و گەلانی دیکە داتاشیوە. پارتە سیاسی‌یە سەرتاسەری‌یەکان، چالاکان و بژاردەی کۆمەڵگە لە دەرەوە و نێوخۆ درێژەدەر و بەرهەمهێنەرەوەی کولتوری نەتەوە و دەسەڵاتی باڵادەستن و ئازایەتی دەستنیشانکردنی بنج و بناوانی کێشە و قەیرانەکانی وڵاتیان نییە. ئەوان لە باشترین فۆڕم و شێوەدا وێنەیەکی بچووکی سیستمی سیاسی وڵاتن و پەرەپێدەری کولتوری درێژەدان بە ڕەوتی سەرکوت و سێدارەن.

گەلی کورد لەو مەیدانەدا زیاتر لە گەلانی دیکەی ئێران بۆ پرسی ئاڵوگۆڕ و داخوازە نەتەوەیی و چینایەتی‌یەکان قوربانی داوە. گوندەکان لە خەباتی پێشمەرگانەدا ڕۆڵی بەرچاوتریان لە شارەکان گێڕاوە، بەڵام لە نەبوونی خەباتی پێشمەرگانەدا گوند و شار لە خەباتی دژ بە ڕێژیمدا زۆر چالاک نەبوون. ساڵانێکی زۆرە کە خەباتی هێزە سیاسی‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەوژمی جارانی نەماوە. بەشێکی بەرچاو لە هێزە ڕۆژهەڵاتی‌یەکان وزەو تواناکانیان بۆ شەڕی لەتبوون و جیابوونەوەکان تەرخانکرد. ئەوان لەگەڵ یەکتردا نەتەنیا بەرەیەکیان بۆ سازنەکرا، بەڵکوو بۆیان نەلوا لە چوارچێوەیەکی زۆر شکڵیدا هەڵسەنگاندن بۆ خۆیان و دوارۆژی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات بکەن. گەورەترین هێزی ڕۆژهەڵات، لە پێناوی باشووردا خەباتی پێشمەرگانە و چەکداری ڕاگرت و خۆیان دایە دەستی چارەنووسێک، کە هێشتا درێژەی هەیە. ڕاستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرە، کە هێزە کوردی‌یەکان وڵامدەری بارودۆخی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵات و ئێران نین. لە لایەکی دیکە، خەڵکی ڕۆژهەڵات هێشتا لە ئاستی ئەو خەباتەدا نین و چاوەڕوانن ماف و داخوازەکانیان وەک دیاری سەری ساڵ یان جێژنانە بە ئاسانی وەرگرن. کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هیچ مەیدانێکی خەباتدا (تەنانەت وەک کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان) لە خۆیان و خاکەکیان بە خاوەن دەرنەکەتوون. بە واتایەکی دیکە، ئەوان ئامادە نەبوون لە خەباتی نێوخۆدا چالاک و ئەکتیڤ بن و تەنانەت لە خەباتی پێشمەرگانە و یارمەتیدانی پارتە کوردی‌یەکاندا پاسیڤ دەرکەوتوون. ئەوان لە پرسێکی ساکاری وەک بایکۆتی سیاسەتەکانی ڕێژیم و هەڵبژاردنەکاندا کارا نەبوون و بۆیان نەلواوە بزووتنەوەی کورد لە نێوخۆدا تێکەڵ بە جووڵەی ڕۆژانە بکەن.

ڕێکخراو و پارتە سیاسی‌یەکان لە دوای جیابوونەوە و لەتبوونەکان کولتوری خۆیان نەگۆڕیوە. ئەو حیزب و ڕێکخراوانە ئامادە نەبوون، کە سروشتی کاری حیزبایەتی لە گەڵ ژینگەی ئەمڕۆی کوردستان و ئێراندا هاوتا و هاوبەند بکەن. ئاڵوگۆڕەکان لە هەموو جیهاندا و بە ستایلی ئەرێنی و نەرێنی دۆخەکانیان گۆڕیوە، بەڵام پارتە کوردی‌یەکان لە ڕۆژهەڵات و تەنانەت پارچەکانی دیکەی کوردستاندا تێکۆشاون خۆیان لە شوێنەواری ئاڵوگۆڕەکان دوور ڕاگرن. ئەوان لە دەلاقەی خۆیانەوە ڕووداوەکانیان تەتەڵە کردوە و تەوژمی ڕاستەقینەی ئاڵوگۆڕەکانیان و ڕەوتی تێکۆشانی خۆیان هەڵلاجی نەکردوە. درێژەدان بەو سیاسەت و کولتورە پەرتەوازەیی درێژخایەنی خوڵقاندوە و خەڵکی کوردستان و تەنانەت بەشێک لە ئەندام و لایەنگرانی خۆیانی تووشی سەرسووڕمان کردوە. لەو دۆخەدا، کوردەکانی دەرەوەی بازنەی حیزبایەتی و ئەوانەی، کە بە بژاردە و چالاک خۆیان پێناسە دەکەن وەک پارتە سیاسی‌یەکان پەرتەوازەن. بەشێکی بەرچاو لەو بژاردەیە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لەبیرکردوە و شەنوکەوی پارچەکانی دیکە دەکەن و لە پێدەشتەکانی ئیمپراتۆری میدیا کۆمەڵایەتی‌یەکاندا ئەسپی خەیاڵی خۆیان تاودەدەن. کۆڵانە داخراوەکانی سیاسەت لە ڕۆژهەڵات ئەوەندە درێژبوونەوە، کە کوردە پەڕیوەکانی دەرەوەی وڵاتی لەوزە خستوە. شایانی باسە، کە وزە و هێزی ئەوانیش لە کێشە نێوخۆیی‌یەکانی هێزە سیاسی‌یەکان و هتددا، بەفیڕۆ دراوە.

بۆ دەرچوون لەو دۆخە دژوارە و تێپەڕکردنی دایکی قەیرانەکان، بژاردەکان زۆر نین. ئەگەر چاوەڕوانی کات و دەرفەتەکان بکرێ، ڕەنگە دوارۆژ لەمڕۆ باشتر نەبێ و دوارۆژی ڕۆژهەڵات لەژێر پاڵەپەستۆی ئەکتەرە جیاوازەکاندا زەبری قەرەبونەکراوەی بەربکەوێ. ئاشکرایە، کە ڕۆژهەڵات لەو مەیدانەدا تەنیایە و هیچ دادڕەس و دەستێکی غەیب، پلان و بەرنامەی دەربازبوون لەو قەیرانە داناڕێژێ. هێشتا مەودای جووڵان و بەخۆداچوونەوە ماوەو دەکرێ مەترسی‌یەکان بکرێنە دەرفەت. سەرکەوتن لەو گۆڕەپانەدا پێویستی بە نەخشە ڕێگا، کەرەستە و هێزە. چاوخشاندنی ڕەخنەگرانە بە کۆی کایەی سیاسەت لە کوردستان، وزەی زیاتر بە جووڵەی خەباتی تێکڕایی خەڵک دەبەخشێ. سەرکەوتنی گەلان و بەئاکام گەیشتنی خەباتی ئازادیخوازانە تەنیا بە خوڵقاندنی دروشم و دووپاتکردنەوەیان دەستەبەر نابن. خۆساغکردنەوە و داڕشتنەوەی هەیکەلی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لە ئەرکە گرینگ و بەپەلەکانی ئەمڕۆیە. پاراوکردنی ژینگەی حیزبایەتی و داڕشتنەوەی تاکتیک و ستراتیژی کاری هاوبەش لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە بەرپرسەکان بەشێکە لە چارەسەر. لەو وەرزەدا پڕوپاگەندە و ونبوون لە ڕابردوودا دەرمان و چارەسەر نییە. گونجاوە بارودۆخەکە وەک هەیە ببیندرێ و پرس و ئەکتەرەکان بە هێزی لۆژیک تەتەڵە بکرێن.

درێژەدان بە خەباتێکی کاریگەر و هەمەلایەنە پێویستی بە هێزی هەمووان و لۆژیکی ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگە، پارتە سیاسی‌یەکان و بژاردەی کۆمەڵگەیە. کاتی ئەوە هاتوە، هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات زیاتر لە ڕابردوو هەڵلاجی بکەین. حیزب و پارتەکان لەو گۆڕەپانەدا ئەرکی گەورەیان لە سەر شانە و ناکرێ لە زۆنی ڕابردوودا قەتیس بمێنن. هەموو ئاماژەکان دەری‌دەخەن، کە حیزب و حیزبایەتی بۆ کایەی سیاسەت لە جیهانی مۆدێرندا پێویستە، بەڵام حیزب و حیزبایەتی لە کوردستاندا پێویستی‌یان بە گۆڕانە. ئەوان چەندە و چۆن دەتوانن هاوکێشەی دروشم و کردار چارەسەرکەن؟ ئەو هێزە کوردی‌یانە بە چ مکانیزم و کەرەستەیەک دەچنە پێش و چۆن لە گەڵ وانە مێژوویی‌یەکان دەگونجێن؟ سیاسەتکار و کادری ڕێبەریی هێزە سیاسی‌یەکان چەندە ئامادەن خۆیان لە گەڵ ڕۆژگار بەرۆژ بکەنەوە و لە تانوپۆی کولتوری ڕەگ داکوتاوی حیزبایەتی نەرێنی ڕزگاریان بێ؟ ئەو حیزب و ڕێکخراوانە چۆن لە گەڵ کەوتن و شکانەکان هەڵسوکەوت دەکەن و چەندە ئامادەن لە قاوغی کۆنی خۆیان دەرچن و لاق لە سەر زەوی، تەتەڵەی دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەینێی چارەنووسی کورد لەو پارچەیەی کوردستان‌دا بکەن؟ ئەو ڕێکخراوانە چۆن تێڕوانینی خۆیان بۆ سیاسەت و حیزبایەتی دەگۆڕن و چەندە ئامادەن بۆ ڕەخنە لە لایەنە نەرێنی‌یەکانی حیزبایەتی لە کوردستان‌دا؟ ئەو حیزب و ڕێکخراوانە چۆن دەڕواننە دوارۆژی تێکۆشانی خۆیان و چەندە ئامادەن ماڵئاوایی لە سیاسەتی چاوەڕوانی بکەن. درێژەدان بە سیاسەتی چاوەڕوانی لە سەر پرس و ڕووداوەکان بە دینەمۆی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە ناکرێ.

ڕاستی‌یەکی تاڵە، کە کۆماری ئیسلامی ئێران کایەی سیاسەت لە ئێران و کوردستان‌دا دەستنیشان دەکات و پارتە کوردی‌یەکان تەنیا لە بەستێنی دژکردەوەدا جووڵەکانیان ڕێکدەخەن. ڕێژیمی تاران، لە ژێر سیاسەتی سەرکوت‌دا خەڵکی لە وزە خستوە و هێزە سیاسی‌یەکانی لە دەرەوەی سنوورەکان خستوەتە ژێر پاڵەپەستۆ. لە سەدەی ٢١دا هێزە کوردی‌یەکان لە جیاتی کارکردن لە سەر سیاسەتی درێژخایەن و تاکتیکی کارا لە سەر چەند پرسێکی لاوەکی وەک ناوگۆڕین و یەکتر قبووڵ نەکردن و خۆپێناسەکردن دمەتەقەیانە. خەباتی کوردان لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە دژوارە پێویستی بە کاری پێکەوەیی و حیزبایەتی و هەروەها گۆڕینی شێوازی حیزبایەتی و خەباتە. دەرچوون لەو کۆڵانە داخراوانەی سیاسەت، هێز و توانای خەڵکی دەوێ. خەباتی نێوخۆ فاکتەری کارا و گرینگە و بە جووڵەی کوردان لە دەرەوە قەرەبوو ناکرێتەوە. گۆڕەپانی سەرەکی ئەو خەباتە ڕۆژهەڵاتە و خەڵک و بژاردەی کۆمەڵگە ئەگەر لەو بزووتنەوەدا ڕێکنەخرێن و خۆیان نەبنە ئەکتەری سەرەکی جووڵەکان، هاوسەنگی بزووتنەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستان‌دا بە لاسەنگی دەمێنێتەوە.

بۆ سەرکەوتن لەو بەستێنەدا سازدانی شەڕی نێوان کۆن و نوێ و درێژەدان بە کولتوری حیزبایەتی کارساز نییە. لەو بەینەدا ڕێزگرتن لە خاڵە ئەرێنیی و هەروەها بنەما و بایەخە ڕەواکان و هەروەها مێژووی ئەرێنی بزوتنەوە سیاسی‌یەکان وزەی زیاتر دەخوڵقێنێ و هێز و وزە پەرتەوازەکان کۆدەکاتەوە. پێشڕەوەکان ئەوانەن، کە لەو قۆناخە دژوارەدا لۆژیک و مەنتقی سیاسەت نادۆڕێنن و لە کۆکردنەوەی هێزەکان و هەروەها تێپەڕکردنی کەندوکۆسپە لاوەکی‌یەکان کراوە و دەستپێشخەرن. دەرچوون لە کۆڵانە داخراوەکانی سیاسەت لە ڕۆژهەڵات بە گۆڕینی ستایل و شێوەی حیزبایەتی و هەروەها گەڕانەوە بۆ سروشتی هاوتاکردنی دروشم و کردەوە، تاکتیک و ستراتیژی، باوەڕ و وتە دەستەبەر دەبێت. خەڵکی ڕۆژهەڵات دەبێ خۆیان لەو بزووتنەوەیەدا ببینەوە و لەو مەیدانەدا خوڵقێنەر و پێشڕەو بن و ماڵئاوایی لە سیاسەتی چاولێکردن لە ڕووداوەکان بکەن.

# بەڕێوەچوونی سیمینارێک بە بۆنەی ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢ی بانەمەڕ بە بۆنەی ١١٩هەمین ساڵرۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی سیمینارێک لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

ئەو سمینارە کە لە سێ پانێلی جیاجیادا بۆ هاوڕێیان قادر وریا، ئاسۆ حەسەن‌زادە و مەنسوور مروەتی پێکهاتبوو کۆمەڵێک باسی پێوەندی‌دار بە ڕۆژنامەگەری کوردی و بەتایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان باس و شرۆڤەی لەسەر کرا

لە پانێلی یەکەم دا قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک،بە باس کردن لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی لە دەسپێکەوە تا ئێستا کۆمەڵێک خاڵی جێگای سەرنجی سەبارەت بە ڕۆژنامەگەری کوردی و بە ئاوردانەوەیەک لە کۆی بڵاوکراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، بە تایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان بەرهەمی کۆماری کوردستان خستە بەرباس و لایەنە جۆراجۆرەکانی بۆ بەشداربووان شی کردەوە.

ناوبراو لە باسەکەی‌دا پەڕژایە سەر گرینگی وچۆنیەتی دەرچوون وبەردەوامبوونی ڕۆژنامەی کوردستان کە لە چەند ڕەهەندەوە خزمەتی بە ڕۆژنامەگەری کوردی کردوە و لە بردنە سەری ئاستی وشیاری کۆمەڵگەو بایەخ دان بە پرسی نەتەوەیی و پرسی ئازادیخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەخش و کاریگەریی بەرچاو و ئەرێنی هەبووە.

قادر وریا لە درێژەی باسەکەی‌دا وتی، بڵاوکراوەکانی حیزبی دیموکرات لە سەردەمی کۆمارەوە بەتایبەتی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لەسەر پێگەیاندن



و ڕاهێنانی بەشێکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەکان لە بواری ڕاگەیاندندا، دەوری هەبووە و

لە قوناخێکی دیکەی کە هاوکاتە لەگەڵ هاتنە ئارای ئینیرنیت کە ئاراستەیەکی نوێی بە بڵاکراوەکانی حیزبی بەخشیوە ، ڕاگەیاندنی حیزب دیموکرات هەوڵی داوە بە باشی لە ئەم قوناخەش کەڵک وەربگرێ.

ناوبراو لەو پێوەندییەدا گوتی، حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵی داوە سەرەڕای کۆسپ و گرفتەکان درێژە بە دەرکردن و بڵاوکردنی چاپکراوەکانی خۆی بدا و سەرەڕای بێ ئیمکاناتی وهەلومەرجی ژیانی سیاسیی حیزب، گرینگی تایبەتی بە بەشی ڕاگەیاندن وچاپەمەنی کوردی داوە.

لە پانێلی دووهەمدا ئاسۆحەسەن‌زادە جێگری سکرتیری گشتیی حدک، باسێکی سەبارەت بە بیبلیۆگرافیی سیاسیی ڕۆژنامەی کوردستان پێشکەش کرد.

بەڕێزیان سەرەتا وێڕای پیرۆزبایی کردنی ساڵرۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی لەسەجەرم قەڵەمبەدەستان وچالاکانی بواری ڕاگەیاندن ، لەسەر بیبلیۆگرافیی ڕۆژنامە کوردستان بۆ ئامادەبووان دوا.

ناوبراو لەوپێوەندییەدا بە زمانی سادە بیبلیۆگرافیی سیاسیی ڕۆژنامەی کوردستان کە وەکوو نامیلکەیەک بۆ بەشێک لە ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە ئامادەکراوە، خستەبەرباس و لە سەر ناساندن و ناوەڕۆکی بیبلیۆگرافیی سیاسیی ڕۆژنامەی کوردستان کە ئەلبۆمێکە لە هەلومەرج و هەڵوێست و قوناخە سیاسییەکانی حیزب بۆ بەشداران شیکردەوە.

لە بەرەبەری دەرچوونی ٧٠٠مین ژمارەی کوردستاندا دکتور ئاسۆ حەسەن‌زادە و مەنسوور مروەتی بە هەوڵی خۆیان نامیلکەیەکیان لە ژێرناوی بیبلیۆگرافیی سیاسیی ڕۆژنامەی کوردستان بۆ بەشێک لە ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە ئامادە کە کردوە کە لەو سیمینارەدا کەوتە بەر دیدی خوێنەران

ئاسۆحەسەن زادە لە درێژەی باسەکەی‌دا لەسەر چۆنیەتی و شێوەی ئامادەکردنی ئەو نامیلکەیە چەند وتەیەکی باس کرد

ناوبراو یەکێک لە تایبەتمەندی‌یەکانی بیبلۆگرافیی ڕۆژنامەی کوردستان کە تازە دەرچووە، بە بابەتی بوون و شرۆڤەی خەبات ناساند و لەو بارەوە وتی: کە کۆمەڵێک هەڵویستی حیزبی و ڕووداوی گرینگ و مێژوویی حیزب لە قۆناغە جیاجیاکان‌دا لەو نامیلکەدا پۆلێنبەندی کراوە.

دواتر لە پانێلی سێیەمی ئەو سیمینارەدا، مەنسوور مروەتی یەکێک لە ئامادەکارانی نامیلکەی تایبەت بە ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕوانگەیەکی‌ترەوە باسێکی کورتی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

ناوبراو باسەکەی تایبەت بوو بە وێژمانی سیاسی و گوتاری حیزبی دیموکرات بەتایبەتی لە سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران و دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران.

مەنسوور مروەتی لە درێژەی باسەکەی‌دا، بە سەرنجدان بە دەسپێکی شۆڕشی گەلان لە ئێران و کاریگەریی بەسەر فیکر و هەڵوێستی حیزب ، ئاماژەی دا بە وێکچوون و هاوشێوە بوونی سیاسەتەکانی حیزب لە ساڵانی ڕابردوو لەگەڵ ئێستاکە کە بە پێی هەلومەرج گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ناوبرا لە کۆتایی‌دا دەورو ڕۆڵی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی لە سەر بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بەرزنرخاند.

دوای پانێلی سێیەمی سیمیناری تایبەت بە ڕۆژنامەگەری کوردی و ڕۆژنامەی کوردستان، کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک و بەرپرسی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە لە ڕۆژنامەنووسانی کورد دەستخۆشی لە ئامادەکارانی نامیلکەی بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەی کوردستان کرد.

# ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ کوردستان‌یان تێکەڵ بەو روحی خەباتگێڕی‌یە کرد کە

بانەمەڕی ئەمساڵ نیوسەدە بەسەر برگەیەکی گرینگی مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و ڕاپەڕینی سیاسیی کورد لە ئێران ڕادەبڕێ. لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی‌داو لە گەرمەی شەڕی ساردو هێمنی‌یەک کە حەمەڕەزاشای پەهلەوی بۆ خۆی‌و دەسەڵاتەکەی دانابوو، چەخماغەی ڕاپەڕینێکی چەکداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لێ‌درا کە ئەو گۆمە مەندەی شڵەقاند. جووڵانەوەیەک کە باوەڕو ورەی بە ڕوحی خەباتگێڕیی کوردو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا کردەوە.

ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧ ئەگەرچی تەنیا ١٨ مانگی کێشاو بەهۆی هەلومەرجی سەختی خەباتی چەکداری لەو کاتداو ناهاوسەنگیی هێز تێکشکا، بەڵام کاریگەری‌یەکانی ئەو جووڵانەوەیە تا ئێستاش لەسەر بیرو ئەندێشەی خەباتکارانی سیاسیی کورد درێژەی هەیە.

«کوردستان» لە وتووێژێکدا لەگەڵ سمایل بازیار، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی کۆیەو ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕات باسی لە چەند ڕەهەندێکی ئەو ڕاپەڕینە کردوە:

**٥٠ ساڵ دوای ئەو ڕاپەڕینەی ساڵانی ٤٦–٤٧ی هەتاوی لەلایەن تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتەوە لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی وەڕێ‌خرا، بە ڕوانینی مێژوویی چۆن پێناسەی ئەو ڕووداوە دەکرێ؟ ئەوە ڕاپەڕین بوو؟ جووڵانەوە بوو؟ یان حەرەکەتێکی سنووورداری نیزامی؟**

ئەوەی باسی دەکەی لە زۆر جێگاو سەرچاوەدا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، تەنانەت لە هەندێ جێ ناوی «شۆڕش»یشی لێ‌نراوە. چونکی شۆڕش بریتییە لە ئاڵوگۆڕێکی قووڵو بنەڕەتی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری‌و کلتووری‌و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا. ئەمن لە نووسراوەی ئاکادمیکیش‌دا دیتوومە کە بە شۆڕشیان ناوبردوە کە ئەوە ناتوانێ دەقیق‌و لەجێی خۆی‌دا بێ. بەرامبەر بەوەش هەیە کە دەیانەوێ زۆر بچووکی بکەنەوە، یانی بە ماجەراجوویی‌و سەربزێویی ناو دەبەن. هەڵبەت وەک گوتم ڕوانگەی جۆراوجۆر هەیە لەو بارەوە. ئی واهەیە عاتفی چاوی لێ‌دەکا و زۆری گەورە دەکاتەوە، ئی واشە دەیەوێ بچووکی بکاتەوە. بەڵام دەکرێ بڵێین ڕاپەڕین بووە، چونکی ڕاپەڕین ڕاستەوخۆ لەگەڵ عەزم‌و ئیرادە پێوەندیی هەیەو پشتئەستووت بە فیکرو ڕێکخستنە. ڕاپەڕین بنەماکەی بۆ ئاگاهی‌و تێفکرین دەگەڕێتەوەو لاوەکان لە ڕاپەڕین‌دا دەوری سەرەکی دەبینن؛ چونکە ئارمانگەراو ڕادیکاڵن‌و بە گژ زوڵم‌و ستەم‌و چەوسانەوەدا دەچنەوە.

ئەم تایبەتمەندی‌یانە بە تەواوی لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦–٤٧دا دەبیندرێ. بە تایبەتیش کە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆری پەرە نەگرت‌و تەواو نەبووە جەماوەری. بۆیە بە ڕاپەڕین ناوهێنانی ئەو حەرەکەتە دەکرێ لە چەمکو زاراوەکانی دیکەی وەک شۆڕش، ڕاپەڕینو ... دەقیق‌تر بێ.

**ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینە کێ بوون؟ سەر بەکام ڕەوتی فیکریی حیزبی دێموکڕات لەو کاتەدا بوون؟**

ئەوانەی ڕێبەرایەتیی ئەو ڕاپەڕینەیان کرد تەرکیبێکن لە کۆمەڵێک خوێندکارو ڕووناکبیری شاری، وەک سولەیمان موعینی کە ساڵێکی لە زانکۆی تاران خوێندبوو، سمایل شەریف‌زادە کە دواساڵی خوێندنی لە بەشی ئەلەکترۆنیک زانکۆی تاران بوو، حەمەدەمینی سیراجی کە ڕشتەی «حقوق»ی لە زانکۆی تاران تەواو کردبوو، سالار حەیدەری کە خوێندکار بوو ئەویش لە سەرەتاکانی جووڵانەوەدا لەگەڵ بوو. کاک عەبدوڵڵا موعینی ڕێبەرێکی دیکەی جووڵانەوەکەیە کە دیپلۆمی بووە و بێ ئەوەی بیەوێ بچێتە زانکۆ دێتە ڕیزی جووڵانەوەکە. بە گشتی ئەوان ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینەن.

**ئەدی مەلائاوارە؟**

مەلا ئاوارەش یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینە بوو کە پێگەیەکی ئایینی هەبوو، مەلایەکی ناوچەی سەردەشت کە لە حوجرەدا پێگەیشتووە، هەڵبەت ئەو بەو مانایە نییە کە چونکی زانکۆ نەچووە تێگەیشتنی سیاسیی نەبووبێ، پێچەوانە کەسایەتییەکی وشیاری سیاسی‌و مایەی بەهێزی ئەدەبیی هەبوو. شێعری «توتنەوان»ی ئەو جوانترین تەعبیرە لە مەینەتی‌و نەهامەتی‌یەکانی جووتیارانی چەوساوە. بەڵام دەتوانین بڵێین کە زۆرینەی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە توێژی خوێندکاران‌و ڕووناکبیرانی شار بوون. بەڵام زۆرینەی هێزەکەیان‌و بەدەنەیان لە جوتیاران، خەڵکی ئاسایی‌و گوندنشینەکان پێک‌هاتبوون.

**ئەو کەسانەی ناوت هێنان یەکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕات بووە لەو کاتەدا، مەبەستم کاک سولەیمان موعینی‌یە. دەمەوێ بپرسم ئەو ڕاپەڕینە چەندە وەڵامدانەوە بە زەروورەتێکی تاریخی لە سەر بەستێنێکی سیاسیی گونجاو و چەندە دەراوێشتەی قەیرانێکی تەشکیلاتیی حیزبی دێموکڕات بوو؟**

کاتێک باس لە دیاردەیەک دەکەین ناکرێ «تەک سەبەبی» بۆی بچین‌و هەر فاکتەرێک بەبەڵگە بێنینەوە. بۆ خوڵقانی هەر ڕووداو و دیاردەیەک ئەوە کۆمەڵە فاکتەرێکن دەست دەدەنە دەستی یەکتر، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئێمە چۆنیان ئەولەوییت‌بەندی دەکەین. ئەوە کە کامەیان فاکتەری سەرەکی‌یە؟ هەموو ئەوانە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ئەو ڕەوتە بووبێ؛ بەڵام بێ‌گومان هۆکارێک قورسایی‌و وەزنی زۆرترە لەوانی دیکە.

لە ڕاستی‌دا لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە باسی ئەو جووڵانەوەیە کراوەو کێشەکە یان جیاوازیی بۆچوونەکان لەو ئەولەوییەت‌بەندییەڕا سەرچاوە دەگرێ. ئی وایە دەڵێن ئەوە هەلومەرجی باشووری کوردستان‌و بارودۆخی شۆڕشی ئەیلوولە کە شوێنکاری لەسەر جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ داناوە. ئی واهەیە ئەو فشارانەی ڕاپەڕینی سیاسی لە باشووری کوردستان خستوویەتە سەر چالاکانی سیاسیی ڕۆژهەڵات‌و دەرەتانی تێکۆشانی پێ‌نەداون، ئەوە بووەتە هۆی هەڵگیرسانی ئەو جووڵانەوەیە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هیندێکی دیکەش دەیبەستنەوە بە قەیرانی نێوخۆیی‌و کێشە نێوخۆیی‌یەکانی نێو حیزبی دێموکڕات. تەنانەت ئی واهەیە کە دەڵێ ئەوانە لە حەیفان خۆیان بە کوشتن داوە کە ئەمە ئیدی سەرسووڕهێنەرە بۆچوونی لەم چەشنە.

بەڵام ئەو کێشە و ناکۆکی‌یانە بووە، تەنانەت لە پێش کۆنگرەی ٢ی حیزبەوە بووە، کۆمیتەی ساغکەرەوەی لێ کەوتۆتەوەو درێژەی بووە.

وایە، ئەوە دەزانم، بەڵام هیندێک کەس دەڵێن ئەوەیان بەسەردا سەپاوە، کە دیارە ناکۆکی‌و تێبینیی من تایبەت لەسەر ئەو خاڵەیە. ڕاستە ئەوانەی ئاماژەم پێکردن کەم‌و زۆر کاریگەری‌یان لەسەر بووە. بەڵام ئەوەی دەڵێ ئەوەیان بەسەردا سەپا ئەوە غەدرە، چونکی فاکتەرِی گرینگی باوەڕو ئیرادەیان لێ زەوت دەکا. چونکی ئێمە دەبینین هەر لەو کاتەدا بەشێکی زۆری ڕێبەری‌و کادرو پێشمەرگەی حیزب هەر لە باشوور ماونەتەوەو کێشەو گرفتیشیان نەبووە.

**ئەمەیان ئی ئەو نەبووە کە ئەو بەشە لە بنەڕەتدا کێشەیەکیان دروست نەکردوە بۆیە کێشەشیان نەبووە؟**

بەڵێ وایە، ئەوانەی جووڵانەوەی ٤٦-٤٧یان وەرێخست ئەوانیش دەیانتوانی وەک ئەوان بێ‌کێشە دانیشن‌و فارس گوتەنی « آهسته بیا، آهسته برو». بەڵام ئەوان نەیانتوانی بەو شێوەیە دابنیشن‌و هیچ نەکەن. دیارە ئەوانیش کێشەی خۆیان بووە بەڵام وانەبووە کە ئەوەیان بەسەردا سەپابێ. هۆکاری سەرەکیی ئەوە دەبێ لە کەش‌و هەوای سیاسیی ئەو کات‌دا بۆی بگەڕێی. ناکرێ ئەو دیاردەیە لە دۆخی ئێستادا هەڵسەنگاندنی بۆ بکەی، دەبێ بگەڕێیەوە کاتی ڕووداوەکان‌و بزانی لە چ هەلومەرجێکدا سەری هەڵداوە.

جارێ با لە پێش‌دا با سەیری ڕەوتی ڕووداوەکان لەو کاتی ئێران‌دا بکەین، با بزانین لە ئێران دەرەتانی چالاکی‌یەکی ئاسایی هەیە؟ بە تایبەت دوای ئەوەی کرانەوەیەکی سیاسی لە ساڵەکانی ١٣٣٩ تا ١٣٤٢ بەهۆی فشاری ئەمریکا بۆ ناچارکردنی ئێران بە هەندێ چاکسازی دروست ببوو. عەلی ئەمینی، سەرۆک وەزیری ئەو کات هەندێ دەرەتانی سیاسی بۆ خەڵک کردبۆوە کە تێیدا بەرەی نیشتمانی‌و ئەوانە دەستیان بە چالاکی کردبۆوە. لە کاتی جوڵانەوەی ٤٦–٤٧دا ئەو قۆناغە کۆتایی هاتبوو، ئەو دەرەتانە بچووکەش نەمابوو، بەتایبەت دوای ئەوەی لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ هەرای خومەینی‌یان سەرکوت کرد. ئیدی دوای ئەوە مەجالێک بۆ چالاکیی سیاسی نەما. مەهەندیس بازرگان قسەیەکی جوانی هەیە لەو کاتدا. ئەو کە ئەندامی ڕێبەریی نێهزەتی ئازادی بوو لە کاتی دادگایی‌کردنیدا بە دادستانەکەی دەڵێ: «ئێمە ئاخرین کەسانێکین کە دەمانەوێ لە چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتی‌دا خەبات‌و تێکۆشانمان هەبێ.» ئەو کە بۆخۆی لە نێو کۆمەڵگاو لە هەناوی ڕووداوەکان‌دا بووە، پێشبینیی ئەوە دەکاو دەڵێ ئێمە ئاخر نەسڵین. نەسڵەکەی دیکە دەست بۆ چەک دەباو لە ڕێگەی دیکەوە خەبات دەکا، واتە لە ڕێگەی توندوتیژی‌یەوە.

**یانی دەفەرمووی دۆخی سیاسیی ئەو کات ئەو شێوازەی بەسەردا سەپاندن یان ئیلهامیان لە شتێکی دی وەردەگرت؟**

دەمەوێ بڵێم هەلومەرجێکی ئاسایی و یاسایی بۆ تێکۆشان لەبەردەستدا نەبووە، ئەوە یەکەم. دواتر با سەیرێکی ڕەوتی ڕووداوەکان لە ناوچەو جیهان بکەین. دەیەی ٦٠ی زایینی کە ئەو جووڵانەوەیەی تێدا کراوە دەیەیەکی زۆر تایبەتی‌یە لە سەدەی بیستەم‌دا. ئێریک هابزباوم بە دەیەی ڕادیکالیزم‌و شۆڕش ناوی دەبا. لە دەیەی ٦٠دا لە زۆر شوێنی دنیا ڕادیکالیسم‌و شۆڕش‌و ڕاپەڕین دەستی پێکردوە. چاو لێکە تەنانەت لە ئەمریکا لە دەیەی ٦٠ دایە کە ڕەشپێستەکان بە ڕێبەرایەتیی مارتین لوترکینگ بۆ مافە مەدەنییەکانیان ئاوا چالاکانە دێنە پێشێ. ئەوجار وەرە ئۆرووپا و سەیری بزاوتە خوێندکارییەکان لە پێتەختی وڵاتانی ئۆرووپایی بکە، بزانە چۆن لە پاریس پاشەکشە بە «دوگول» دەکا. لە جیهانی سێیەم بە تایبەت ئەوە بەرچاوترە. لە ڤیتنام‌ڕا بگرە تا دێتە فەلەستین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تا دەچێتە ئەفریقاو تەنانەت ئەمریکای لاتین. بە دەیان وڵات لەو دەیەدا زنجیری کۆلۆنیالیسم‌و دیلی‌یان پساندو هاتنە سەر نەخشەی جوغرافیای سیاسیی وڵاتان. لەو دەیەدا خەباتی ڕزگاریخوازی دەگاتە لوتکەی خۆی. ئەوەی جالبە، ئەوەی لایەنگران‌و هەروەها دژبەرانی ئەو جووڵانەوەو بزاوتانەی سەرسام کردبوو ئەوەیە کە ئەوەندەی تۆمار کراوەو ئاماژەی دراوەتێ نیزیک بە ٣٢ حاڵەت‌و جووڵانەوەو بزاوتی چەکداری هەیە لە دنیادا. مەسەلەن ڤیتنامی‌یەکان کە پێشتر فەڕانسەوی‌یەکانیان تێکشاندبوو، لەو دەیەدا ئەمریکایان بە تەواوی بە «چالش» کێشابوو. فەلەستینی‌یەکان هەروەها. سەیر کە بزانە چۆن ئەلجەزایری‌یەکان هەر لە ڕێگای خەباتی چەکداری‌یەوە فەڕانسەوی‌یەکانیان لە وڵاتانی خۆیان دەرکرد، سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا، شۆڕشی چین هەر لە ڕێگای خەباتی چەکداری‌یەوە بوو، گۆڕانکارییەکان لە ئەمریکای لاتین. ئەو ڕادیکالیسمەو ئەو پەنا بۆ چەکبردنە کاریگەریی زۆری لە سەر ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦- ٤٧ بووە. هەر لە کوردستانی خۆشمان، لە باشووری کوردستان ئەوکات خەباتێکی چەکدارانەی بەهێز هەیەو هەموو ئەوانە کاریگەریی لەسەر ئەوان بووە. جا کە سەیر دەکەی دەبینی زۆربەی ڕێبەرانی جووڵانەوەکە کەسانێکی لاون، پێشینەیان لە خەبات‌و بزاوتی خوێندکاریی ئێران لەو ساڵانەدا هەیە، ئەوانە هەموو کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەو بڕیارەکانی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیەدا هەبووە.

**بەشی هەرە زۆری ئەو بزاوتانەی جەنابت باست کرد لەچین، لە ئەلجەزایر، لە ڤیتنام‌و لە ئەمریکاش سەرکەوتن بە تایبەت لە کوبا؛ بەڵام لە کوردستان نا. هۆکارەکەی چییە؟ ئایا ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦–٤٧ لە لێکدانەوەکانیان‌دا بەهەڵەچووبوون؟ ئایا ئیحساسی بڕیاریان دابوو؟**

ئێمە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە دەبێ بگەڕێینەوە کەشوهەوای سیاسیی دەیەی ٦٠ کە جۆرێک لە ڕوحی خەباتگێڕی هەموو جیهانی گرتبۆوە، لە ئۆرووپا، لە جیهانی سێیەم بە ئەمریکاشەوە. ئەو ڕوحە خەباتگێڕییە کاریگەریی خۆی لە هەموو جێ‌یەک داناوە. لە ڕاستیدا سەرکەوتنی کوبایی‌یەکان لە کوبا لە ڕێگای خەباتی چەکداری‌یەوە بوو. ئەو سەرکەوتنە بوو ئولگوو، بوو بە ئیلهامدەری زۆر لە شۆڕشگێڕەکان، لە لاوە ڕادیکاڵەکان لە زۆر وڵاتان جا لە ئاسیا، لە ئەفریقاو لە ئەمریکای لاتین‌و شوێنەکانی دیکەش.

هەلومەرجی کوبا جۆرێک بوو زۆر ڕاحەت بە دەستیانەوە هات. ئەوان ١٩٥٧ لە چیاکانی «سیرا مائێسترا» دەستیان پێ کردو لە ١٩٥٩ سەرکەوتن. ئەو سەرکەوتنەوە و بەدەستەوەهاتنەوە بووە ئیلهامدەری زۆر ڕاپەڕینەکانی دیکە کەچی لە زۆر جێیان ئەمە سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا. هەر یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەی کوبا کە بەناوبانگەو هەموومان دەیناسین، چێگوارا. ئەو ویستی عەینی ئەو شێوازە لە بۆلیوی کۆپی بکا بەڵام نەیتوانی، بۆ خۆیشی لەوێ کوژرا.

جا بێ ئەملاوئەولا ئەوە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر بیرکردنەوەی ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦-٤٧. تەنانەت لە ئێرانیش‌دا ئەم کۆپی‌کردنە لە شۆڕشی کوبا کرا، ئەوەی سازمانی چریکەکان لە سیاهکەل لە ساڵی ١٣٤٩ کردیان، دیارە ئەوانیش تێیدا سەرکەوتوو نەبوون. بۆیە ئەمن ناڵێم ئەوان ئیحساسی جووڵاونەتەوە، بەڵام لە لێکدانەوەکانیان‌دا ئەو وردبینییە پێویستەیان نەکردبوو. دەمەوێ بڵێم عونسوری ئیحساس لە وەرێخستنی ئەو جووڵانەوەیەدا زۆر لاوازەو ئەوەی پتر تۆخو دیارە باوەڕبەخۆبوون‌و ئیرادەخوازیی ئەوانە.

**دەکرێ وەک نموونە بەڵگەیەک لەو پێوەندییەدا باس بکەی؟**

بەڵگە زۆرن. تۆ کە نامەیەکی کاک سولەیمان موعینی دەخوێنییەوە کە دێکۆمێنتەو هەیە، بۆت دەردەکەوێ کە لە لێکدانەوەی هەلومەرجی کوردستان‌دا دیققەتی تەواویان نەکردوە. چونکی لە نامەکەدا وا باس دەکا کە هەلومەرج لەبارە، خەڵک پێیان پێوەست دەبێ و ئەوان تێیدا سەردەکەون. ئەوە ئیحساسی بوون نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین لێکدانەوەکانیان ورد نەبووە، لە سەر بارودۆخی کوردستان.

لەگەڵتم بۆ ئەوەیان. چونکی دەبینی ئەو جووڵانەوەیە لە بەشی گوندنشینەکانی کوردستان‌دا دەکرێ، لە شوێنێک کە چەند ساڵێکە ئیسلاحاتی ئەرزی بە فەرمانی شا کراوەو خەڵکی گوندی بوونەتە خاوەنی مەزراو مووچە. سروشتییە لەو هەلومەرجەدا کار بۆ ئەو شۆڕشگێڕانە سەخت‌و دژوار دەبێ.

ڕاست وایە. ئەگەر باس لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بکەین، یەکێک لە هۆکارەکانی دەتوانێ ئەوە بێ.

**دوایە وردتر دێینە سەر باسی هۆکارەکانی تێکشکانی ڕاپەڕینەکە، لێرە پرسیارێک دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕاپەڕینە هەڵگری چ گوتار و گوفتومانێک بوو؟ لە بنەڕەتدا ئەو جووڵانەوەیە تیوریزە کرابوو، گوتاری تایبەت بە خۆی هەبوو؟**

لە ڕاستیدا ئەوان گوفتومانێکی تایبەتییان نەبوو. ئەوان زۆر بە خێراو بەپەلە کەوتنە ڕێکخستنی ڕاپەڕینەکە. تۆ سەیر بکە ئەو ساڵەی کە ئەوان دەستیان بە ڕاپەڕینەکە کرد، ئەو ساڵە بوو کە حەمەڕەزا شا تاجی پاشایەتیی لەسەر دانا. حەمەڕەشا لە ساڵی ١٣٢٠ دەبێتە شای ئێرانی‌و لەسەر تەخت دادەنیشێ بەڵام دوای ٢٦ ساڵ‌و لە ساڵی ١٣٤٦دا تاجگوزاریی کرد. کاتێک کە هەست بە سەقامگیری دەکا. ئەو کات ئیدی ژاندارمی ناوچەکە بوو، ئەمریکا ئەو نەخشەی پێدابوو، یانی نەک خۆی هەستی تەواوی بە ئەمنیەتی خۆی‌و وڵاتەکەی دەکرد، بەڵکوو لە پێناو ئامانجی بەرەی ڕۆژاوادا خۆی بە پارێزەری ئەمنیەتی ناوچەکەش دەزانی. ئێمە دەبێ بیر لەوەش بکەینەوە کە جووڵانەوەکە لە چ کاتێکدایە، لە کاتی شەڕی سارددا. مەبەستم ئەوەیە کە تۆ بتەوێ بە گژی ڕێژیمێکی ئاوا بەو ئیمکاناتەو بەو جێگەو پێگەیە ڕاچی، دەبێ بە ئیمکاناتی زیاتر، بە وردبینیی زۆرترو بە دووربینیی باشترەوە دەست پێ‌بکەی. خۆئامادەکردنی زیاتری دەویست هەم لەباری فیکری‌یەوە، هەم لەبواری ماددی‌و لۆجستیکی‌یەوە کارەکەیان زۆر کتوپڕ بوو، ئەوە ڕەخنەیەکە لەو ڕاپەڕینە دەگیرێ، جا ڕەنگبێ هەلومەرجی باشووری کوردستانیش وای لێکردبن کە پەلە بکەن‌و دەست ببزوێن.

با یەک شتی دیکەش لە سەر ڕێبەریی جووڵانەوەکە بڵێم. تۆ کە چاو لە نامەکانیان دەکەی، بەشی زۆریان کاریگەریی بیری چەپیان بەسەرەوە بوو، ئەویش چ جۆرە چەپێک، چەپی مائۆییستی. ئەوان سەرسامن بە شۆڕشی چین‌و ئیلهام‌وەرگرتن لە ئەزموونەکانی شۆڕشی چین‌و بە تیۆرییەکانی مائۆ کە پێی لەسەر نەخش‌و دەوری گوندەکان‌و جوتیاران دادەگرت. ئەوەی کە دەیگوت ئاوردووی شۆڕش لە گوندەکان باشتر دەسووتێ‌و گەمارۆدانی شارەکان لە ڕێگای دێهاتەکانەوە. شۆڕشی چین بە ڕێبەرایەتیی مائۆ لەو ڕێگایەوە سەرکەوت، پێگەی سەرەکی‌یان گوندەکان بوون، ئەرتەشی سووری مائۆ زۆرینەی هەرە زۆری جوتیارەکان بوون، ئەوە کاریگەریی زۆری بەسەر بیرکردنەوەی زۆربەی ڕێبەرانی ٤٦-٤٧ەوە هەبوو، هەڵبەت حاشاش لەوە ناکرێ کە کاریگەریی بیری نەتەوایەتیش ئاوێتەی ڕاپەڕینەکەیان بووە.

**باشە بۆ ئەوان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بیری چەپ ئەویش لەو جۆرەی؟ بەڵگەی بۆ ئەوە چییە؟**

جیا لە تایبەتمەندیی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە کە باسمان کرد بەشێکی دیکەی هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێوەندییەی لە نێوان ئەوان‌و سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودەدا هەبوو. سازمانی ئیقلابیی حیزبی توودە ئەم ڕێکخراوەیە بوو کە ساڵی ١٣٤٣ لە ئۆرووپا بەشێک لە جوانەکانی ئەو حیزبە پێکیان هێنابوو. دیارە هەندێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودەش وەک فرووتن و قاسمی‌و سەغایی لەگەڵیان کەوتبوون، بەڵام زیاتر کەسانی وەک موحسین ڕیزوانی، مێهدی خانبابا تێهرانی‌و کورش لاشایی‌و ئەو تیپە کەسانە لە حیزبی توودە جیابوونەوەو سازمانی شۆڕشگێڕی حیزبی توودەیان پێکهێنا. ئەوانیش تەواو لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی مائۆدا بوون، ئەو کاتەی بەرەی سۆسیالیستی لە دنیادا ئینشعابی تێکەوت، یانی یەکیەتیی سۆڤییەت‌و چین ڕیزی خۆیان لە یەکتر جیاکردەوە، لە ژێر کاریگەریی ئەم ئینشعابە لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا لە نێو حیزبە کۆمۆنیستی‌یەکان‌دا ئەو جیابوونەوەیە ڕوویان دا. ئەم ڕێکخراوەیەی ئینقلابیی حیزبی توودەش لەو چوارچێوەیەدا دروست بوو. ئەوان یەکیەتیی سۆڤیەتیان بە ریویزیونیسیت تاوانبار دەکردو دەیانگوت ئەوان پیداچوونەوەیان بە بنەماکانی مارکسیزم‌و لێنینیسم‌دا کردوە. جا ئەو ڕێکخراوانە باوەڕیان بە خەباتی چەکداری هەبوو و کاریگەریی مائۆییسمیان بەسەرەوە بوو. ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦-٤٧و ئەوانە پێکەوە پێوەندی‌یان هەبوو.

بەڵگەیەکی دیکە بۆ ئەوەی زۆربەی ڕێبەرانی خەباتکاری جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ چەپی مائۆییستی بوون بیرەوەرییەکانی یەکێک لە ڕێبەرانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە کورش لاشایی‌یە. کورش لاشایی لە ئۆرووپاڕا گەڕاوە، هاتەوە باشووری کوردستان‌و تەقریبەن دوو مانگیان لەگەڵ بووە. لەگەڵ کاک سمایل شەریف‌زادەو کاک حەمەدەمین سیراجی‌و ئەوان زیاتر لە دوو مانگ لە ناوچەدا جەولەی کردوە.

دوایە دەڕواتەوە ئۆرووپا کە دێتەوە ئی دیکەش لەگەڵ خۆی دێنێ، بەڵام ئیدی ڕاپەڕینەکە کۆتایی پێ‌هاتوە، تەواو بووەو بەشێک لە ڕێبەرەکانی شەهید بوون. لە لابەلای بیرەوەری‌یەکانی کورش لاشایی‌دا تێڕوانینی چەپی مائۆئیستیی ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦ – ٤٧ دەبیندرێ‌و بە تایبەتی لە نامەکانیان‌دا کە بۆ د. قاسملوو و کەریم حیسامی‌یان نووسیوە کە تێیدا پێداگری لەسەر پێویستیی خەباتی چەکداری‌و دەوری جوتیاران‌و گوندەکان لە بەرپاکردنی شۆڕش‌دا دەبینین.

با ئەوەش بڵێم چەند ساڵ پێشتریش سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە ویستی لە نێو ئێلی قەشقایی لە باشووری ئێران لە خان‌و دەرەبەگەکان بە ڕێفۆرمەکانی شا لە بابەت زەوی‌و زار ناڕازی بوون کار بکەن‌و ئاراستەی پێ‌بدەن کە سەرکەوتوو نەبوون. دیارە ئەوەی قەشقایی‌یەکان ملبادان‌و سەربزێویی خان‌و دەرەبەگەکان بوو بە ڕێفۆرمەکانی شا و ناچێتە چوارچێوەی ڕاپەڕین، چون فیکرو ڕێکخستن‌و ئیرادەی تێدا نەدەبینرا.

**باشە پێوەندیی نێوان سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودەو خەباتکارانی ڕاپەڕینی ٤٦– ٤٧ چۆن دروست بووە؟ ئەوان لە وڵاتانی ئۆرووپایی، ئەمان لە باشووری کوردستان‌و چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

ئەو پێوەندییە لە ڕێگای «مام جەلال»ەوە دروست بووە. دوای دروستبوونی کێشەو ناکۆکی لە نێوان ڕێبەری شۆڕشی ئەیلوول کە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی جیابوونەوە ، مام جەلال یەکەم کەس لە ڕێبەرانی کوردە کە کاریگەریی ئەندێشەکانی مائۆی لەسەر بوو. یانی دەتوانم بڵێم مام جەلال زووتر لەو کات‌و لە نیوەی پەنجاکانی زایینییەوە کەوتبووە ژێر کاریگەریی بیرو ئەندێشەکانی مائۆ. ئەو بۆ خۆی ئەو کات بۆ بەشداری لە فستیڤاڵێکی

# لە شەستەکان‌دا لەسەرتاسەری جیهان وەڕێ کەوتبوو

خوێندکارانی جیهان سەردانی چین دەکاو ئەوێ دەبینێ‌و بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیرو ئەندێشەکانی مائۆ. ئەمانە، واتە باڵی مەکتەبی سیاسی لە دەرەوەی وڵات، لە بێرلین نەفەریان هەیەو لەگەڵ ڕێبەرانی سازمانی ئینقلابی یەکتر دەبینن‌و بەو جۆرە پێوەندییەکان لەگەڵ خەباتکارانی ڕۆژهەڵات دروست دەکەن‌و کەسانێکی وەک کورش لاشایی دێنەوە بەکرەجۆ و لەوێ لەگەڵ سمایل شەریف‌زادەو ئەوان یەکتر دەگرن‌و دێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. واتە لە ڕێگای مام جەلالەوە ئەم پێوەندییە دروست بوو.

بە هەموو ئەو سەرنجو تێبینییانە ئەگەر بمانەوێ باس لە گرینگیی ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧ بکەین دەبێ قامک لەسەر چی دابنێین؟ ئێوە گرینگیی ئەو جووڵانەوەیە لە چیدا دەبینن؟

با لە پێش‌دا و سەرەتا بزانین ئەو ڕاپەڕینە لەبەرچی بۆ حیزبی دیموکرات گرینگە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان ئەگەرچی تێکۆشانی بووەو خەباتەکەی هەورازو نشیوی زۆری بە خۆیەوە بینیوە. بەڵام هەتا ئاشکرابوونەوەی تێکۆشانی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ لە ١١ی ڕەشەمەدا و لە میتینگەکەی مەهابادا؛ جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ دیارترین‌و بەرجەستەترین قۆناغی چالاکی‌و فەعالیەتێتی.

دیارە لەو ماوەیەدا خەبات بووە، چالاکی بووە، ئەندامانی ئەو حیزبە کەوتوونەتە زیندانەوە، بەڵام ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧ گرینگترینی ئەو مێژووەیە. واتە لە دوای کۆماری کوردستانەوە هەتا شۆڕشی ١٣٥٧ ئەمە لوتکەی چالاکی‌و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. ئەگەر دەبینی لە میتینگی ١١ی ڕەشەممەدا پێشوازی‌یەکی بەرین لە حیزبی دیموکراتی کوردستان کرا بەشێکی کاریگەریی ئەم ڕاپەڕینەیە. ڕاستە بیرەوەری‌یەکانی کۆمار، نۆستالیژیای کۆمار ئێستاش لە بیری بەشێکی خەڵک‌دا هەر مابوو، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک کە ڕوو لە حیزب دەکەن، حیزبێک کە ساڵەهایە دوورە لە خەڵک‌و چالاکیی ئاشکرای نەبووە، خەباتەکەی کز بووە، ئەدی چۆنە پێشوازی‌یەکی ئاوای لێ‌دەکرێ؟ ڕاستە بەرنامەو شوعارەکانی حیزب گرینگن، بەڵام بەبێ ئەملاوئەولا یەکێک لە فاکتەرەکانی ئەو پێشوازی‌یە لە ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧و ئاکامەکانیەتی. چونکی هەر دە ساڵ بوو ئەو ڕاپەڕینە تێکشکابوو. کەسایەتی‌یەکانی ئەو جووڵانەوەیە لە یادەوەریی خەڵک‌دا هەر مابوون. کەوابوو ئەمە خاڵێکی گرینگە. دواتر لە ئێران‌دا ئەمە یەکەمجارە کە ڕێکخراوێک بە کردەوە ڕوو لە خەباتی چەکداری دەکاو ئەو شێوازە بۆ خەبات لە دژی حکومەت هەڵدەبژێرێ. ڕەنگە وەک فیکر هەبووبێ، بەڵام بە عەمەلی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ یەکەم ڕێکخراوە کە پەنا بۆ ئەو شێوازە لە خەبات دەبا. بە ڕوویەکی دیکەدا ئەو جووڵانەوەیە کاریگەریی بووە لەسەر ڕێکخراوەکانی دیکە لە ئێران کە ئەو شێوازە لە خەبات بگرنە بەر. دیارە ئەوەی مەهەندیس بازرگان کە باسم کرد، لە دوای ساڵی ١٣٤٣ یەکەم بیر و گەراکانی خەباتی چەکداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران‌دا دروست دەبێ بەهۆی «بیژەنی جەزەنی»، ئەمیر پەرویزی پوویان‌و مەسعوودی ئەحمەدزادەو ئەوانەوە کە دوایە لە ساڵی ١٣٤٩ ڕێکخراوی فیداییانی لێ‌کەوتەوە، ساڵی دواتر سازمانی مجاهیدنی خەلق کە ئەوانیش لە بیری خەباتی چەکداری‌دا بوون؛ لە کاتێک‌دا کە ئەو ڕێکخراوانە هەر لە فیکری ئامادەکاری دابوون ئەو لە کوردستانە کە چەخماغەی ئەم شێوازە لە خەبات لێ‌دەردێ. ئەمن گوتم کە یەکەم هەستەکانی چریکە فیداییەکان لە ساڵی ١٣٤٣ دروست دەبێ، بەڵام یەکەم کاری بەکردەوەیان ڕووداوەکەی سیاهکەل لە ساڵی ١٣٤٩ بوو. بەبێ ئەملاوئەولا جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ کاریگەریی لەسەر ئەو ڕێکخراوانە بووە. تەنانەت کاک سمایلی شەریف‌زادە لە سەردەمی خوێندکاریش‌دا لەگەڵ هیندێک لە خوێندکاران کە دواتر لەگەڵ چریکەکان کەوتن پێوەندیی بووە، نامەو نامەگۆڕینەوەیان لە نێوان‌دا بووە، وەک عەلیڕەزا نابدل، بێهرووز دێهقانی، برای ئەشرەف دێهقانی کە دواتر هەردووکیان کوژران. ئەوەمان لەبیر نەچێ کە چۆن ئەو ڕاپەڕینە هێمنی‌و ئارامیی ئێرانی شلەژاند. شا کە ئێرانی بە جەزیرەی ئارام لە دەریای تۆفانیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەشوبهاند، ئەو گۆمە مەندەیان لێ شلەقاند.

ئەوانە گرینگن.

**باشە هەر گرینگە یان دەسکەوتیشی بووە؟**

ئەو گرینگی‌یانە هەموو دەسکەوتی مەعنەوین. یەکێک لە دەسکەوتە مەعنەوی‌یەکان درێژەدانی خەباتەو کاریگەریی لە سەر بەردەوامیی تێکۆشان داناوە. نەسڵی پاش ئەوان‌و نەسڵی دواتر کە من یەکێک لەوانم کاریگەریی ئەوانی بەسەرەوە بووە. بەڵام ئەو نەسڵەی کە بەدوای ئەوان‌دا کاریگەریی ئەوانی بەسەرەوەبوو کۆمەڵێک لاو بوون کە لە زانکۆکانی ئێران‌دا دەیانخوێندو دواتر ئەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان‌یان دروست کرد، ئەوە بەرهەمی کاریگەریی ئەوان بوو. یانی ئەو نەسڵەی دوایە بوونە ڕێبەرانی کۆمەڵە، کاریگەریی ئەوانیان بەسەرەوە بوو. نەسڵی دواتر کە ئەمن بۆ خۆم یەک لەوانم، لە ساڵەکانی ١٣٥٥-١٣٥٦ کە دەچووینە شاخەوانی لە ناوچەی مەهابادو شارەکانی پیرانشارو سەردەشت، لەهەر مووچەیەک، لەهەر کانیاوێک کە لامان دەدا، خاوەن مووچەکە باسی کاک سولەیمانی موعینی کە بە کاک فایق دەناسرا، باسی ئەوانیان بۆ دەکردین، ئێمەش کاریگەریی ئەوانمان بەسەرەوە بوو. لام وایە لە کەم حوجرەی فەقێیان باسی مەلا ئاوارە نەکرابێ، زۆر کەس ناوی منداڵەکانی بە ناوی ئەوان دەکرد. هەروەها مینەشەم لە ناوچەی ڕەبەت‌و سەردەشت ناوو ناوبانگی هەبوو. دیسان تۆ چاو لە مەهابادی ئەو کات بکە کە شارێکی بچووک بوو. لەو شارەدا کە چەند کەسی جوان ئەویش لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی ئەو شارەی لێ بکوژرێ، بزانە چ کاریگەری‌یەکی بووە. بۆ خۆت دەزانی کە باوکی کاک سولەیمان موعینی وەزیر بووە لە کۆماری کوردستان‌دا، بنەماڵەی شەریف‌زادە کە بازرگانێکی گەورەی شارەکە بوون، لەو شارە بچووکەدا کە دوو برای وەک کاک عەبدوڵڵا و کاک سولەیمان موعینی، کاک سمایل شەریف‌زادە، کاک سەید فەتاح نیزامی شەهید دەبن چ کاریگەریی سایکۆلۆژیی قووڵی بەسەر شارەکەوە دەبێ. ئەو کاریگەرییە کاتی شۆڕشی ٥٧یش هەر مابوو، وەک گوتم ئێمە نەسڵی دووهەمی دوای ئەوان بووین. ئەم شەهیدانە بۆ ئێمە ئیلهام‌بەخش‌و ئۆلگوو بوون؛ چۆن «خوسرەو ڕەزبە»و «بیژەن جەزەن»ی‌و «حەمید ئەشرەف» بۆ لاوانی ئێران سەمبوول‌و ئۆلگووی موبارزاتی بوون، ئەوانیش بۆ ئێمەی لاوی کورد وابوون.

**ئەدی چ شوێنکارێکی لەسەر ڕەفتاری حکومەتی ناوەندی دانا. حکومەتی پاشایەتیی تووشی چ کاردانەوەیەک کرد؟**

ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧ حکومەتی پاشایەتیی تووشی شۆک‌و ڕاچڵەکانێکی گەورە کرد. ڕێژیمی پاشایەتی قەت چاوەڕوانیی ئەوەی نەدەکرد، باوەڕی نەبوو کە ڕووداوێکی لەو چەشنە ئەو دورگە ئارامەی! لێ تێکبدا، ساڵێک پێش ئەم ڕاپەڕینە شا لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی بیانی‌دا کە لەسەر پرسی کورد پرسیاری لێ‌دەکا، دەڵێ ئێمە کێشەیەکمان بە ناوی کێشەی کورد نییە، هەموو لە نێژادی ئارایی‌ین‌و باسێک بەو ناوە نییە. بۆیە لەگەڵ دەسپێکی جووڵانەوەکە کاردانەوەی زۆر خێرایان هەبوو. ئەوان دەسبەجێ ئەفسەرێکی بەناوبانگی ئەرتەشی شاهەنشاهی، «ئەرتەشبود ئۆوەیسی»ی ڕاسپارد کە ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکا. ئەو هات لە جەڵدیان ستادێکی فەرماندەیی پێک‌هێنا. ئەوان زۆریان گرینگی بەوەدا کە نەهێڵن ڕاپەڕینەکە بۆ ناوچەکانی دیکە پەرەبستێنێ. با ئەوەش بڵێم کە حکومەتی ناوەندی لە ئێران لەو ڕووداوەدا بوو کە یەکەمجار چەکداری کوردی بەشێوەی ڕێکخراو بۆ سەرکوتی ڕاپەڕینی کوردی بەکارهێنا. بۆیە سەرکوتی ئەو ڕاپەڕینیە گرینگیی یەکجار زۆری پێ‌درا. ئەگەر چاو لە کتێبی «چپ بە روایت اسناد ساواک» دەکەی، ئەو کات دەزانی کە ئەو جووڵانەوەیە چەندەی هەراسان کردوون‌و چەندە نیگەرانن لە نفووزی ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە لە نێو خەڵک‌دا. تەنانەت لە یەکێک لە بەڵگەکان‌دا هاتووە کە خەڵک بۆ چارەسەری کێشەکانیان ڕوو ناکەنە ئیدارەو شوێنە دەوڵەتی‌و حکومەییەکان، بەڵکوو ڕوو دەکەنە ئەوان هەتا بۆیان چارەسەر بکەن. یانی کاتێک کە چاو لە بەڵگەنامەکانی ساواک دەکەی ئەو کات بۆت دەردەکەوێ کە چەندە ئەو جووڵانەوەیەو سەرکوتکردنەکەی بەلای حکومەتی پاشایەتی‌یەوە گرینگ بووە، بۆیە بە هەموو تواناوە سەرکوتی کرد. ئەوان جیا لە کۆک‌و پۆشتەی سەربازی هێزی ئاسمانی‌و هێلیکۆپتێریان بەکار هێنا. لە دوای تێکشکانی ڕاپەڕینەکەش خەڵکێکی یەکجار زۆریان گرتو ژمارەیەکیان ئێعدام کرد.

**جوغرافیای تێکۆشانی ئەو ڕاپەڕینە بۆ هەر لەو بەشە لە موکریان‌دا مایەوە کە باسمان کرد؟**

وەک گوتم جووڵانەوەکە کتوپڕ بوو، دوایە مەوداو دەرەتانیان نەدرایە. دیارە ئەوەش بڵێم ئەم ڕاپەڕینە تیمێکی لە ناوچەی ورمێش بووە، بەڵام زور زوو تیمەکەیان بەداخەوە لەنێو دەچێ، ئەو تیمەی نحۆ، ناسراوی بە باپیر شکاک فەرماندەیی دەکردن. بۆیە بەرنامەش بۆ پەرەپێدان بە جوغرافیای چالاکی‌یەکان هەبوو ئەگەر مەجالیان درابایە. هەروەها بەهۆی پێگەی سوننەتی حیزبی دیموکرات لە ناوچەی موکریان کە دیارە ئەم کەمایسی‌یە دواتر لە بەرگریی چەکدارانەی گەلەکەمان لە دژی کۆماری ئیسلامی چارەسەر کراو جوغرافیای تێکۆشانی سیاسی لە کرماشانەوە تا ورمێ‌و سەڵماسی گرتەوە.

**بەر لەوەی وردتر باس لە هۆکارەکانی تێکشکانی ئەم جووڵانەوەیە بکەین، دەپرسم بۆ کەمایەتی‌یەکی زۆر کەم لە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشداری جووڵانەوەکە بوون؟**

نا، ئەمن پێم وانییە کە بەشی زۆرینەی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئەو جووڵانەوەیە نەبووبێ.

ئەی ئەوە نییە لە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تەنیا یەک کەس، ئەویش کاک سولەیمان موعینی لە ڕێبەریی جووڵانەوەکەدا بووە.

ناتوانم بڵێم بەشی زۆری حیزب لەگەڵ نەکەوتوە، لانیکەم نیوەی ئەندامانی حیزبی دیموکرات لەگەڵ جووڵانەوەکە بووە. دیارە ئەمن ئاماری وردم لەسەر ئەو ئەندامانەی حیزب نییە کە لە باشووری کوردستان مانەوە، بەڵام وایە هەندێ سیمای ناسراوی حیزب هەبوون کە لەگەڵ نەکەوتن. ڕەنگبێ هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ئەو بڕیارە ڕیسکێکی گەورە بوو. ئەتۆ دەست بۆ کارێک دەبەی کە ئیحتمالی ئەوەی تێدابچی یەکجار زۆرە، ئەمن هۆکاری سەرەکیی ئەمە بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێنمەوە. بۆ بەشدارییان نەکرد، ڕەنگبێ ئەگەر بەپێی هەلومەرج‌و تێگەیشتنی ئێستا لێکدانەوەی مەنتیقیی بۆ بکەن، مەسەلەن بڵێن هەلومەرجەکە گونجاو نەبووە. تەنانەت یەکێک لەوان لە بیرەوەرییەکانی‌دا بە «ماجەراجوویی» ناو دەبا، بۆ خۆی چونکی تێیدا بەشدار نەبووە دەڵێ ماجەراجوویی بووە. دەتوانم بڵێم چونکی زەربیی ڕیسکی ڕاپەڕینەکە یەکجار لەسەرێ بووە، بۆیە خۆیان لێ نەداوە. ئەوانەی لەم ڕاپەڕینەدا بەشدارییان کرد دەستیان لە گیانی خۆیان شوشتبوو. لە ژیان‌دا مانی تەنیا یەکێک لە ڕێبەرانی ئەم ڕاپەڕینە (حەمەدەمین سیراجی) سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەیە.

**پشتیوانەکانی ئەو جووڵانەوەیە کێ بوون؟ دژبەرانی کێ بوون؟**

زۆر لەمێژە دەگوترێ، دەڵێن کوردەکان جیا لە شاخەکان دۆستی دیکەیان نییە، ئەو قسەیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو قۆناغە لە تێکۆشانی خەباتگێرانی کورددا قەت ئەوەندە ڕاست نەبووە. بەڕاستی پڕ بە پێستی ئەو ڕاپەڕینە بووە. شاخەکانیان بووەو چوار_ پێنج کلاشینکۆف‌و دوو تیربارو چەند تفەنگی کۆنی برنوو. کەس یارمەتیی نەداون، تەنانەت پشتی جیبهەشیان نەبووە، ئەویش لە کاتێکدا کە بۆ خەباتی چەکداری بوونی پشتی جیبهە ئەسڵێکی ستراتیژی‌و بنەڕەتی‌یە. ئەوان ئەوەشیان نەبوو.

با ئەوەمان لە بیرنەچێ لە دیوی کوردستانی عێراق‌دا حیزبی شیوعی لە ڕادەی توانایی‌و دەسەڵاتی خۆی‌دا زۆر جار فریایان کەوتوە.

**هەر ئەوە دەفەرمووی کە جیا لە کۆمەڵێک چەکی سووک‌و نیوەسووک ئیمکاناتی لۆجستیکی دیکەیان نەبوە، ئایا ئەوە خاڵی لاوازی ڕاپەڕینەکە نییە کە بە کەیفییەتەوە بەرەنگاری ڕێژیمێکی زەبەلاح بۆتەوە؟**

پێشتر ئاماژەم پێکرد کە ئەوان بە خێرایی‌و پەلە دەستیان دایە کارێکی گەورە. لە ڕاستی‌دا ئەوان لە سفرەوە دەستیان پێکردو بێجگە لە ئیمان‌و ورە هیچیان شک نەدەبرد.

**گوتت کە جیا لە شاخەکان پشتیوانیان نەبووە، ئەدی دژبەرانیان؟**

دژبەرانی دیارە کە بەپلەی یەکەم ڕێژیمی پاشایەتی بوو، وەک پێشتریش باسم کرد بۆ یەکەمجار بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حکومەتی ناوەندی هێزی چەکداری کورد بەشێوەیەکی ڕێکخراو بە گژی جووڵانەوەی کورددا بکا. ئەوە زیانێکی گەورە بوو. لەگەڵ ئەوەش‌دا بەداخەوە ئاغاوەت‌و دەرەبەگەکانیی کوردیش بە تایبەت لە ناوچەی بانە دەوری خراپیان گێڕا. ئەو هێزە ٤٠٠- ٥٠٠ کەسەی وەدووی تێکۆشەرانی ئەم جووڵانەوەیە کەوتووە دەبینی بە چاوساغیی ئاغاوەتەکانی ئەو ناوچەیە بووە.

**ئەدی لە ئاستی ئێران‌دا دەنگدانەوەی چۆن بوو، توانی پشتیوانێک بۆ خۆی ببینێتەوە؟**

ئەوکاتە تاکی حیزبی سەرتاسەری لە ئێران حیزبی توودە بوو، بەڵام حیزبی توودە چۆن هاتە نێو ئەو مەوزووعەوە. حیزبی توودە کە زانی ڕێکخراوی ئینقلابیی حیزبی توودە پێوەندییان لەگەڵ ڕاپەڕینەکە گرتوە، بۆ ئەوەی ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە بە لای ڕێکخراوی ئینقلابی‌دا نەکەون‌و بۆ خۆیان جڵەوی ڕاپەڕینەکە لە دەست نەدەن، چونکی ئەو کات ڕێکخراوی ئینقلابی‌یان وەکوو دوژمنی خۆیان سەیر دەکرد، ئەوانیش بە پەلەپەل وەخۆ کەوتن. هەڵبەت لەو نێوەدا دوکتور قاسملوو و کەریم حیسامی بۆ ئەوەیان زۆر هاندەر بوون کە حیزبی توودە پشتیان بگری‌و پاڵپشتیان بن. بۆیە دەبینین ساڵی ١٣٤٦ لە بەغدا، ڕەزا ڕادمەنش، سکرتێری حیزبی توودە؛ لەگەڵ کەریم حیسامی کە لە بولغارستان لە ڕادیۆ پەیک‌دا کاری دەکرد، لەگەڵ دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو کە لە پڕاگ بوو دێنەوە بەغدا. ئەوان لەوێ لەگەڵ کاک سولەیمان موعینی‌و کاک حەمەدەمین سیراجی دادەنیشن. ئەوە دەری‌دەخا کە دوکتور قاسملوو لە بەرامبەر ئەو حەڕەکەتەدا بێ‌تەفاوت نەبووە. کاک سمایل شەریف‌زادەو کاک سولەیمان موعینی بەردەوام لەگەڵ دوکتور قاسملوو لە پێوەندی‌دا بوون، لەگەڵ کاک کەریم حیسامی‌ش. نامەکان ماون. ئەوان بەردەوام ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەگەڵ یەکتر بووە. ئەو نامانە هەن‌و بە ئێمە دەڵێن کە کەریم حیسامی‌و دوکتور قاسملوو بەردەوام پێوەندییان بە جووڵانەوەکە بووە. هەر ئەوانیش حیزبی توودە هان دەدەن‌و فشاریان بۆ دێنن‌و حیزبی توودەش لە ترسی ئەوەی ڕاپەڕینەکە نەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودەوە، بۆیە دانیشتنێکیان لەگەڵ ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە بووە. لەوێ حیزبی توودە هیندێک بەڵێنیی یارمەتی‌و شتی دیکەیان پێ‌دەدا؛ بەڵام هیچ شتێک لەو وادەو بەڵێن‌و قسانە شین نەبوو. هیچ شتێکیان نەکرد، تەنانەت هەندێک شەرتیشیان بۆ دادەنان، کە دەبێ ئەو ڕاپەڕینە چەپەکان، واتە باڵی چەپ‌و پێشکەوتنخواز ڕێبەریی بکاو ئەوان باڵادەست بن تێیدا.

بە تۆخی باسی ڕۆڵی دوکتور قاسملوو دەکەی، دەتەوێ بڵێی دوکتور قاسملووش یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە بوو؟

دوکتور قاسملوو و کاک کەریم حیسامی بەردەوام لەگەڵ ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە لە پێوەندی‌دا بوون. لە دانیشتنێکی دیکە کە کاک سولەیمان موعینی‌و کاک سمایل شەریف‌زادە بە مەبەستی بەرینکردنەوەی کادری ڕێبەریی ڕاپەڕینەکە دەیکەن، دوکتور قاسملوو و کاک کەریم حیسامی کاندید دەکەن. قەرار دەدەن دوکتور قاسملوو بگەڕێتەوە کوردستان‌و لە بواری فیکری‌و پەروەردەیی‌و فێرکاری‌دا یارمەتی‌یان بدا بۆ ڕێبەریی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی.

**ڕاپەڕینێک کە دەیەوێ پەلو پۆ باوێ، ڕاپەڕینێک کە دەیەوێ ڕێبەرییەکەی بەرینتر بکاتەوە؛ ئەدی بۆ تێک‌شکا؟ بۆ شکستی خوارد؟**

لە ڕاستیدا زۆر هۆکارن دەستیان داوەتە دەستی یەکتر هەتا ئەو جووڵانەوەیە تێکبشکێ. هەلومەرجی عەینی بەهیچ جۆر ئامادە نەبوو، وە تەنانەت هەلومەرجە زێهنی‌یەکەش. بەڵام هەلومەرجی عەینی بۆ ئامادە نەبوو؟ پێگەو چەقی تێکۆشانی خەباتگێرانی ئەو ڕاپەڕینە گوندەکان بوو، ڕاستە دەبینین لە زۆر جێگادا خەڵکانێک بوون کە پێیان پێوەست بوون. هەر لە بیرەوەری‌یەکانی کورش لاشایی‌دا دەردەکەوێ کە خەڵک بە ڕووی خۆشەوە وەری گرتوون، عەتفیان بۆ نیشان داون، یارمەتی‌یان کردوون، پەنایان داون؛ بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە. ڕیفۆرمەکانی زەوی‌و زار بە جۆرێک جوتیارەکانی بێ‌تفاوت کردوە، شار هیچ دەورێکی نییەو بە کورتی‌و پوختی هەلومەرجی شۆڕش‌و ڕاپەڕین لەبارو ئامادە نییە. هەلومەرجەکەش سەخت بووە. ئەوەی وای‌کردبوو کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر فشاریان بخرێتە سەرو بازنە تێکۆشان‌و چالاکی‌یەکانیان تەنگەبەرتر بێتەوە. هەروەها لە ژمارەی هێزەکانیان کەم دەبۆوە، بۆیە دەبینین کە کاک سمایل شەریف‌زادە شەهید دەبێ خۆی‌و چوار کەس لەگەڵی مابوونەوە کە تەنیا یەک لەوان لەو شەڕەدا بە برینداری ڕزگاری بوو و ئێستاش بە خۆشی‌یەوە لە ژیان‌دا ماوە.

دەمەوێ بڵێم هەلومەرجە عەینی‌یەکە ئامادە نییە، بارودۆخەکە سەختە؛ لە باری زێهنی‌شەوە دروشمی ڕاپەڕینەکە دیار نییە کە چی‌یە، ستراتیژی‌یەکی ڕوونی نییە، ڕێکخستنەکانیان لاوازن، لەوە بترازێ حیزب بۆ خۆی لەو کاتەدا لاوازە، تەنانەت دیار نییە کە بە ڕەسمی کێ کەسی یەکەمی ڕاپەڕینەکەیە. مەعلوومە کە کاک سولەیمانی موعینی دەبێ کەسی یەکەمی بەرپرسایەتی‌یەکان بووبێ، چونکی ئەو تەنیا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە، بەڵام بە ڕەسمی لە هیچ کوێ ئەوە نەگوتراوە. یان وتەبێژەکەی کێ بووە. دەڵێن کاک حەمەدەمین سیراجی بووە، بەڵام دەبینی لە نێو خۆیان‌دا ئەو شتانەیان ساغ نەکردۆتەوە. وەک گوتم زۆر بەپەلە ڕاپەڕینەکەیان وەڕێ خستوە. سەرباقی ئەوە پێشتریش باسمان کرد، لەباری چەک‌و تەقەمەنی‌شەوە لە تەنگانەدا بوون. ئەوەشمان گوت کە پشتی جیبهەشیان نەبوو، دواتر یەک ڕادیۆ و چاپەمەنی نییە کە باسیان بکا، دەمەوێ بڵێم نە دەستیان بە ڕادیۆیەک ڕادەگا قسەی تێدا بکەن، نە ڕۆژنامەیەک هەیە هەواڵی چالاکی‌یەکانیان بڵاو بکاتەوە. دوای شەهیدبوونیانە کە هیندێک لە ڕۆژنامەکانی حیزبە کۆمۆنیستی‌یەکان‌و مەسەلەن ڕادیۆ پەیک، ئەویش بە هیممەتی کاک کەریم حیسامی باسیان دەکەن، ئەویش دوای شکان‌و تەواوبوونی.

ئەوانە هەموو هۆکارن بۆ تێکشکانی ئەم ڕاپەڕینە. دیارە وەک گوتم ڕێژیمیش زۆری پێ حەسساس بوو، بۆیە فشارێکی یەکجار زۆریان لەسەر بوو.

**دوای نیوسەدە لەو ڕووداوە مێژووییە، ئەگەر بە کورتی هەستی خۆت، خوێندنەوەو ڕامانی خۆت لە ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧ باس بکەی دەڵێی چی؟**

دەڵێم ئەوان نەسڵێکی لەخوبووردووی عەمەلگەرا بوون، ئەوە پێناسەی منە بۆ ئەو خەباتکارانە، بۆ ئەوان کە ئاڕمانخوازو بەبیرو باوەڕ بوون. ئەوان ئێستاش ئیلهامدەرن بۆ زۆر کەس بە تایبەت خوێندکارانی ئاڕمانگەرا و ڕادیکاڵ، ئەوان ئێستاش هەر وەک ئۆلگوو سەیریان دەکرێ.

ئەگەر کەسێکی وەک چێگوارا دەبێتە ئەو کەسایەتی‌یە، دەبێتە ئۆلگویەک بۆ زۆربەی زۆری گەنجەکانی ئاڕمانخوازەکانی دنیا، ئەو پزیشکێکی ئاڕژانتینی‌یە کە لە چیاکانی بۆلیوی دەکوژرێ؛ کاک سمایل شەریف‌زادەش مهەندیسێکی جەوانە کە ساڵێک دوای وی شەهید دەبێ. ئەو لە دارستانەکانی بۆلیەوی شەهید دەبێ، ئەمیش لە شاخەکانی کوردستان، دەبینین کە خاڵی هاوبەشیان زۆرە، ئاڕمانەکەیان هەر یەکە، هەر دووکیان دەست لە پیشەکانیان‌و ژیانی ئاسایی‌یان هەڵدەگرن‌و وەدووی ئاڕمانەکانیان دەکەون. چێگوارا دەیتوانی وەک پزیشکێک ژیانی ئاسایی خۆی لە ئاڕژانتین بکا، کاک سمایل شەریف‌زادەش وەک مهەندیسێک درێژە بە ژیانی خۆی بدا. شتێکی لەوە گرینگتر، ئەو پۆلە لە خەباتکارانی کورد کوردستان‌یان تێکەڵ بەو ڕوحی خەباتگێڕی‌یە کرد کە ئەو کات لە دەیەی ٦٠ی دا لەسەرتاسەری جیهان لە کەف‌و کوڵ‌دا بوو. لە هانۆی لە ویتنام، لە هاوانا لە کوبا، لە ئەلجەزایر، لە غەنا، لە پاریس، ئەوان کوردستان‌یان تێکەڵ بەو ڕوحە خەباتگێڕی‌یە کرد، یانی کوردستان لەو ڕەوتە بەجێ نەما. یانی کە باس لە دەیەی ٦٠ دەکەین، کوردستان غایب نییە، ون نییەو جێگەی خۆی لەم قۆناغە تاریخ‌سازەی سەدەی بیستەم‌دا هەیە.



ناشناڵ ریڤیو – سێت جەی فرانتزمەن
کەماڵ حەسەنپوور

# داعش پارسەنگی ئێران نیە

لە دوو لێدوانەدا لە ٢٠١٤، سەرۆکی حیزبوڵڵا حەسەن نەسروڵڵا، ئیددیعای کرد کە داعش هەڕەشەیەکە بۆ سەر ناوچە. ئەو گوتی: مەترسییەکە گوێ ناداتە شیعە، سوننی، کریستیان، دروز، ئێزدی، عەرەب یا کورد. ئەو دەعبایە گەشە دەکا و گەورەتر دەبێ.»

ئەو هەروەها گوتی کە داعش هەڕەشە لە شانشینە عەرەبەکان لە ئوردن تا کەنداو دەکا. پاشان ئەو ئامانجە راستەقینەکەی جووڵانەوەی حیزبوڵڵای، کە لە لایەن ئێرانەوە پشتگیریی دەکرێ، ئاشکرا کرد. «چوونە ناو شەڕی سورییە، لە پلەی یەکەم، بۆ بەرگریی کردن لە لوبنان، خۆڕاگریی لە لوبنان و گشت لوبنانیەکە.»

لە دەستپێکی شەڕی ناوخۆی سورییەوە، ئێران، حیزبوڵڵا و میلیشیا جۆراجۆرە شیعەکانی عێراق کە حەشدی شەعبی پێک دێنن گەلێک سەرکەوتنیان وەدەست هێناون. هەرگێز بەکرێگیراوەکانی ئێران، میلیشیا توندڕەوەکان، هێندە خاوەن رەوایی و دەسەڵات لە هەندێک ناوچەدا نەبوون، ئەوە لە کاتێکدایە کە لە هەندێک شوێنی تر بوونە هۆی دەکا. پاش هێرشی داعش، ئایەتوڵڵای مەزن عەلی سیستانی فتوایەکی بەناوبانگی دەرکرد و لەوێدا داوای لە گشت عێراقی‌یەک کرد کە بەرگریی لە وڵاتەکەیان بکەن. دەیان هەزار کەس لە دەوری حەشدی شەعبی، یا یەکینەکانی بەسیجی جەماوەریی، کۆبوونەوە. لە دیسامبری ٢٠١٦ ئەوان بوون بە باسکێکی فەرمیی لە هێزە ئەمنی‌یەکانیعێراق.

داعش رەوایی بە ئەسەد دەبەخشێ، وەک «لایەنێکی کەمتر خراپ لەناو دوو بەدخوازدا.»

لە ماوەی جەنگی عێراق بە دژی داعش، قاسم سولەیمانی، فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران، بەردەوام سەردانی بەرەکانی شەڕی کردووە: داعش نفوزی ئێرانی لە عێراق کەم نەکردەوە بەڵکو وەک دەرمانی بەهێزکەر وابوو. پێش داعش، ئێران هەرگیز توانایی پێکهێنانی بەرەی میلیشیای شیعە و کردنیان بە بەشێکی فەرمیی لە دەوڵەتی نەبوو. میلیشیاکان وەک توندڕەوی تایفی ناسرابوون. ئێستا لە بەرەکانی شەڕ لە دەوروبەری موسڵ، کە من لە سەرەتای ئاوریل شاهیدی بووم، ئاڵای شیعە لە هەموو شوێنێک دەشەکێتەوە، و ئەوان وەک رزگاریدەر دەردەکەون.

لە لوبنانیش بە هەمان شێوە: لەگەڵ دەرکەوتنی تاقمی داعش لە سەر سنوور لە ٢٠١٤، نەسروڵڵا، خۆبەزلزانێکی




چەند جەمسەریی.

بۆ بەرەبەرەکانی لەگەڵ نفوزی ئێران، هەندێک گوتوویانە کە داعش و جیهادییەکانی‌تر دەبێ هان بدرێن کە لە گەڵ حیزبوڵڵا و هاوپەیمانەکانی شەڕ بکەن. رۆژنامەنووس توماس فریدمەن لە ١٢ی ئاپریل لە نیویۆرک تایمز دا نووسی «ترامپ دەبێ لە سورییە بهێڵێ داعش ببێتە سەرئێشەی ئەسەد، ئێران، حیزبوڵڵا و روسیا، بە هەمان شێوە کە ئێمە شەڕکەرانی موجاهیدینمان لە ئەفغانستان هاندان تا ببنە هۆی خوێن لەبەر رۆیشتنی روسیا» .فریدمەن ١٩٨٢ بەرپرسی دەفتەری تایمز لە بەیروت بوو و دواتر لە هەشتاکان بۆ ئورشەلیم نێردرا. ئەو ئاگایلە دەستپێکی سەرهەڵدانی حیزبوڵڵا و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان، ئەو شوێنەی کە ئەمریکا سەدان میلیۆن دۆلاری بۆ پشتیوانیی لە شەڕکەرانی دژی یەکیەتیی سۆڤیەت خەرج کرد، هەیە.

ئێفرایم ئینبار لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتێژیکی بێگین–سادات لە ئاگوستی ٢٠١٦ بەڵگەی دەهێنانەوە کە «لەناو بردنی دەوڵەتی ئیسلامیی هەڵەیەکی ستراتێژیکە.» ئەو دەیگوت «باشترین شت ئەوەیە کە لە لایەنەکان بگەڕێین کە لەجیاتی ئامانجە خۆرئاواییەکان، شەڕ لەگەڵ یەکتر بکەن و پێش بە خولیای ئێران بۆ هێژمۆنی ناوچەیی بگیرێت.» لەو تێئۆرییەدا وەک ئەوەی دواتر فریدمەن شی کردەوە، «حیزبوڵڵا نرخێکی یەکجار زۆر گەورەی لە شەڕی دژی داعش داوە.»

لە روانگەی ئەخلاقییەوە، داعش لە عێراق و سورییە لەبەر تاوانەکانی بە دژی مرۆڤایەتیی، بە تایبەت کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان،لە ٢٠١٤ و فرۆشتنی ٥٠٠٠ ژن وەک کۆیلە، دەبێ لەناو بچێ. ئەوانەی کە بەڵگە دەهێننەوە کە سەرەڕای ئەوە دەبێ لە داعش گەڕێین تا ئێران «خوێنی لەبەر بڕوا» ئیددیعا دەکەن کە ئەوە بە پێی «بەرژەوەندی‌یەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و خۆرئاوا» ستراتێژی‌یەکی پراگماتیکە.

موشکیلەکە لێرەدایە کە هیچ بەڵگەیەک نیە کە داعش بوەتە هۆی ئەوە کە ئێران، رێژیمی سورییە، حیزبوڵڵا و میلیشیا شیعەکان «خوێنیان لەبەر بڕوا»، بەڵکو ئەوان تەنیا یارمەتیی بەرەوپێش بردنی بەرژەوەندی‌یەکانی ئێرانیان داوە. پێش هێرشی داعش بۆ سەر عێراق لە ٢٠١٤، دەوڵەتی بەغدا هێشتا ناچار بوو وا بنوێنێ کە خزمەتی سوننی‌یەکان مەندیل بەسەر کە میلیشیایەکی مەزهەبیی بەڕێوەدەبا، لە بارەی ئەو «وەحشی‌یانەی» پشت دەروازە قسەی کرد. حیزبوڵڵا کەڵکی لە قەیرانی سورییە و ئەگەری مەترسیی جیهادیستەکانی بۆ بەبارمتەگرتنی پۆستی سەرکۆماری لوبنان بۆ ماوەی دوو ساڵ بەکار هێناتا لە ٢٠١٦ میشێل عەونی سەپاند. یاسای بنەڕەتیی لوبنان دەخوازێ کە سەرکۆمار دەبێ کریستیان بێ، بەڵام نەسروڵڵا کریستیانێکی هاوپەیمانی حیزبوڵڵای دەویست. شەڕ لە دژی داعش و جیهادیستەکانی‌تر لە سوریا، رێگەی پێ دەدا کە خۆی وەک پارێزەری کریستیان و کەمینەکانی‌تر لە لوبنان بنوێنێ. ئەو درێژە بەو بانگەشەیە دەدا کە حیزبوڵڵا لە رێگای شەڕ لە سورییە، دژی ئیسرائیل «دەوەستێتەوە.»چۆن؟ نەسروڵڵا ئیددیعا دەکا کە ئیسرائیل پشتگیریی داعش دەکا.

توندڕەویی داعش، سەرهەڵدانی سورییەی بێ ئیعتیبار کردووە. پێش دەرکەوتنی داعش و سەربڕینی ستیڤن سۆتلۆف و جەیمز فۆلی، جیهان سەرنجی خۆی خستبووە سەر درندەیی بەشار ئەسەد. پاش ئاگوستی ٢٠١٤، هاوپەیمانیی پێک هاتوو لە ٦٨ وڵات بە رێبەریی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرقاڵی بۆمبارانی داعشن. ئەو ئیددیعایەی کە دەڵێ ئەگەر لە داعش بگەڕێین، ئەوە بە شێوەیەک دەبێتە هۆی «خوێن لەبەر رۆیشتنی» ئەسەد، هەڵەیە. لە ٢٠١٤، داعش شەڕی خۆی ئاراستەی کوردەکانی سورییە و عێراق کردبوو و هیچ مەترسییەکی بۆ رێژیمی ئەسەد نەبوو. مەترسیەکە [بۆ سەر رێژیمی ئەسەد] لە لایەن یاخیبووانی سورییەوە بوو. رێژیم یاخیبووەکانی وەک خوێنرێژانی داعش و ئەلقاعیدە پێناسە دەکرد. داعش پارسەنگی ئەسەد نەبوو. ئەو رەوایی بە ئەسەد بەخشی، «وەک لایەنێکی کەمتر خراپ لەناو دووبەدخوازدا.»

پشتیوانیی لە توندئاژۆیانی دینی، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان لە نەوەدەکاندا لە ئەفغانستان کردی، نابێتە پارسەنگی توندئاژۆیانی‌تر. خەبات لە دژی هێژمۆنی ئێران دەبێ شانبەشانی لایەنگرانی خۆرئاوا یا بەڕێوەبەرایەتیی هاوپەیمان وەک ئیسرائیل، ئوردون، عەرەبستانی سعودی، میسر و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق ئەنجام بدرێ. پشتیوانیی لە جیهادیستان دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی. نابێتە هۆی راگرتنی بالانس بەرامبەر بە ئێران.

ئیسلامی سیاسی
[و رەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]



# رەوتی ئیسلامی سیاسی و رێکخراوە گرینگەکانی لە ئێراندا

حەسەن حاتەمی

**( بەشی بیست‌ویەکەم )**

## پاشماوەی حیزبی جمهووری ئیسلامی

دوای دامەزرانی حجا، د. بەهێشتی کتێبێکی بەناوی «مواضع ما» (روانگەکانی ئێمە) نووسی کە بۆچوونەکانی حیزبی ناوبراوی تێدا باس کردوە. باشتر وایە بڵێین ئەو کتێبە بۆچوونەکانی حجا بوو، لە دەورانی سکرتێری ناوبراودا. چونکە بەهۆی چەند بۆچوونیی لەو حیزبدا، پاشان دەرکەوت جیاوازی بیروڕایان زۆر بوو. یا بەواتایەکی دیکە، ئەو حیزبە لە کۆی جیاوازییەکان و بە پەلە و کەم تێبینی دامەزرا. پێکهاتەی نێو ئەو حیزبە لە نێو خۆیدا، زوو تووشی کێشە و گیروگرفت بوو.

لەو کتێبە دا چەند خاڵی لەسەر حکوومەت و ئازادی ئێدایە کە جێی سەرنجە. بۆ وێنە:

١– هەست وئیحساس، ئەزموون، بیرو هزر، وەحی و زاڵ بوون بەسەر رێگاکانی ناسین، ئی مرۆڤن و مرۆڤ گیانلەبەرێکی زانایە، هەڵدەبژێرێ، خۆی و دەوروبەری دروست دەکا و لەگەیشتن بە تێگەیشتوویی تەواو لە رێنوێنی دەروونی و پێغەمبەران و ئیمامان کەڵک وەردەگرێ و ژیانی وی بەتەمای خودا مانا پەیدا دەکا. بە پێی نووسراوەکانی ئەو کتێبە کۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەو گۆمەڵگەیە کە بەها ئیسلامی‌یەکان، لەهەموو پێوەندی‌یەکاندا حاکم بن و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، «فقیهان» دوو بەرپرسایەتیی گەورەیان لە ئەستۆتە.

ئەلف: «تفقه« بۆ دۆزینەوەی وڵامە نوێیەکان. [کە پاشان بەرژەوەندییەکانی نیزام و «حکم حکومتی» لێکەوتەوە ] بێ: ویلایەتی فەقیە و حزووری رێبەری کردنی ئەو لە ئیجرای یاساکان دا. هەروەها نووسراوە کە: لەو بوارانەی کە داخوازەکانی خەڵک بە پێچەوانەی بەها ئیسلامی‌یەکان بێ، بەرپرسان هیچ کات ناتوانن مل بۆ ئەو داخوازیانە رابکێشن.

لەبواری ئازادی بەیان و ئەحزابدا دەنووسێ: رادەی ئازادی، یاسا دیاری دەکا. بڵاوکردنەوەی یەک لایەنەی بیروبۆچوونی دژی ئیسلامی لە کۆمەڵگەی ئیسلامی قەدەغەیە و بڵاوبوونەوەی کتێبی «ضاله« و بڵاوکراوەی لاڕێ، پێشی دەگیرێ... ئەحزاب و کۆڕوکۆمەڵە ئیسلامی‌یەکان بەشێوەیەکی عادڵانە دەتوانن لە ئیمکاناتی رادیۆ و تلویزیۆن کەڵک وەرگرن. ئەحزاب و کۆڕوکۆمەڵە دژی ئیسلامی‌یەکانیش کە ئیدئۆلۆژی ئەوان ئیسلام ڕەد دەکاتەوە، ئەگەر لە مەوزعی تێکدان نەبێ و تەنیا تەبلیغات بێ، بە پێی وەزعییەتی بەشی تەبلیغ، دەتوانن ئازاد بن. بەڵام ئەگەر رەفتاری خراپیان هەبێ دەبێ پێشیان پێ بگیرێ.

هەروەها بەهێشتی لە یەکەمین کۆبونەوەی ئاشکرای حجادا، دەڵێ: «ئێمە لە دروستکردنی ئەو حیزبەدا، بیر لە دامەزراندنی جمهووری ئیسلامی دەکەینەوە، نە بۆ گەیشتن بە پلە و پایە. بیروفیکری ئێمە کۆماری ئیسلامی‌یە و دروشمی ئێمەش سەربەخۆیی، ئازادی و جمهووری ئیسلامی‌یە. کەوابوو هەمووومان دەبێ بۆ بەکردەوەکردنی ئەو دروشمە هەوڵ بدین.» (١)

لە چوارچێوەی ئەو دروشمەدایە کە، ئوسوول و ڕێبازی حیزبی جمهووری ئیسلامی لە چوار خاڵدا دیاری کرابوو.

١– پێداگریی بەردەوامی شۆڕش و پێشگرتنی لەهەر چەشنە دواکەتن و راوەستانێک.

٢– ئیلتزام بە هاوپێوەندیی قووڵ لە نێوان هەموو ئەو هێزە ئیسلامی‌یانەی ئامانجیان دامەزرانی ماف و عەداڵەتیی ئیسلامی بوو.

٣– خۆ دوور راگرتن لەهەر چەشنە بەستراوەیی‌یەک بە گرووپ و هێزەکانی موخالیفی ئیسلام.

٤– کەڵکوەرگرتن لەهەموو شێوەکانی تێکۆشان و ئاوەدانی کە لەگەڵ پێوەرەکانی ئیسلامی یەک بگرێتەوە. (٢)

بەرپرسانی حجا جۆرێکیان حیزبایەتی دەکرد کە لەگەڵ پێوانە و بنەماکانی حیزب، بە مانای مۆدێرن بوون، بە پێی بەرنامەیەکی هەمە لایەنەی کۆمەڵگەی بەرایی ئێران، واتا فرە گەلی، فرە فەرهەنگی – مەزهەبی و یەکسانی ژن و پیاو و رێزدانان بۆ مافی مرۆڤ نەدەهاتەوە.

ئەو حیزبە هەوڵی دا، خەڵک بە مەکتەبی بوون واتا بناژۆیی لە ژێر چەتری ویلایەتی فەقیە پێناسە بکا و هەرچی لەو جەغزەدا، هەڵسوکەوتی نەکردبا، بەدژبەر لە قەڵەم دەدرا؟! واتا خۆیی و غەیرە خۆیی.

لەبواری ئابووری ڕێزیان بۆ بەشی دەستمایەی تایبەتی( سرمایەی خصوصی) دانەدەنا و نەتەنیا بۆ گەشەکردنی ئەوبەشە بەرنامەیەکیان نەبوو؛ بەڵکوو پێیان وابوو دەبێ ئیمکاناتی دەوڵەمەندان دەستی بەسەردابگیرێ و هەموو داهات و ئیمکاناتێک لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەکتەبی‌دابێ؟!

سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەییش، ئەو حیزبە لەژێر دروشمی « نە رۆژهەڵات، نە رۆژئاوا» بە قەولی خۆی دەجولایەوە و خوازیاریی پێوەندی برایانە لەگەڵ موسڵمانانی جیهان بوو. ئەوان ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەییان، وەک کەرەسەیەک لەدەست زلهێزەکاندا، دەزانی و خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە وەزارەتی دەرەوەدا، بوون. ئەو حیزبە لەقاودانی پیلانەکانی زلهێزەکان، بەتایبەتی ئەمریکای « دنیا خۆر» یان لەسەروەیی ئامانجەکانیان دانابوو. هەروەها، بۆ ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی و یارمەتیی بە ڕێکخراوە ڕزگاریخوازەکانی ئیسلامی هەوڵیان دەدا.

کاربەدەستانی حیزبی جمهووری ئیسلامی پێداگر بوون، لە سەقامگیریی کۆماری ئیسلامی بەهەر شێوەیەکی بۆیان بلوێ و کاریگەری هەمەلایەنەیان هەبێ. بۆ ئەومەبەستە بۆ بەدەستەوەگرتنی پۆستە سەرەیەکییەکان هەوڵیان دەدا. لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگانی(خۆبرەگان) یاسای بنەڕەتی- کە بە جێگەی مەجلیسی موئەسیسان دەنرا- کە یەکەم هەڵبژادنی دەسەڵاتی نوێ بوو؛ ململانێی حیزبی جمهووری ئیسلامی لەگەڵ نیهزەتی ئازادی، موجاهدینی خەڵق، چەپ و میللی گەراکانی نامەزهەبی لە تاران و شارەگەورەکان دەستی پێکرد. هەرچەند لە یەکەم کێشەی ئەو حیزبە لە گەڵ دەوڵەتی کاتی م. بازرگان لەسەر دەسەڵات لە ئارادا بوو. بەڵام چونکە ئا. خومەینی کوتبووی دەبێ پشتیوانی لە دەوڵەتی کاتی بکرێ، ئەو حیزبە ناکۆکی‌یەکانی بە شێوەی ئاشکرا باس نەکرد. جەلال الدین فارسی لەو پێوەندی‌یە دا دەڵێ: لە کابینەی بازرگاندا، ڕادەی ئەندامانی حیزب زۆر کەم رەنگە و تەنیا لە وەزارەتەکانی نێوخۆ- هاشمی رەفسەنجانی-، دیفاع – سەید عەلی خامنەیی- و پەروەردەوفێرکردن – محەممەد جەواد باهونەر-، پلەی جێگریان هەبوو. (٣)

ڕێفراندۆم (ڕاپرسی)

لە ڕۆژانی ١٠ و ١١ ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ (١٩٧٩) دا، بۆ سیستێمی دەسەڵاتی نوێ لە ئێراندا، ڕاپرسێک ئەنجام درا. ئا. خومەینی و هاوبیرانی «کۆماری ئیسلامی نە یەک وشە زیاد و نە یەک وشە کەم»یان کردە ڕۆژەڤی ڕێفراندۆم. چونکە مەسەلەکە جۆرێک ڕێکخرابوو کە لەنێوان کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی پاشایەتی دەبوو، یەکیان هەڵبژێردرێ. زۆربەی خەڵکانی ئێران دەنگی ئەرێنی یان دا، بەو ڕاپرسی یە.

بەڵام لە کوردستان خەڵکێکی کەم بەشداری‌یان تێدا کرد. لەبەر ئەوەی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی- یەکێک لە ڕێبەر بەرجەستەکانی میللی –ئیسلامی ئەو کات-، حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)، کۆمەڵەی رێگای رزگاری زەحمەتکێشان- کە پاشان بوو بە کۆمەڵەی شوڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- و زۆربەی خەڵک لە کوردستان دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی- نێوەرۆک ناڕوون- نەدا.

ئەو هەڵوێستەی خەڵکی کورد سەبارەت بە نیزامی نوێی کۆماری ئیسلامی لە رەوتی بەرەوپێشچوون و ئیدارکردندا، زوو خۆی دەرخست. کەمتر لە دوو ساڵ دواتر، یەکەم سەرکۆماری هەڵبژێراوی رێگە پێدراو، کە هێمایەکی زۆر گرینگی بەشی جمهووریەتی نیزام بوو و بەدەنگی میلیونی خەڵکانی بەرایی لە ئێراندا هەڵبژێردرابوو، لەسەر دەسەڵات لادرا و بوونیشی قبووڵ نەکرا. بنی سەدری ناچار بوو، ئێران بە جێ بێڵێ و نیشتەجێی فەڕانسە بێ.

سەرچاوەکان
١– سایت شهدای هفتم تیر
٢– محمد علی زندی، حزب جمهوری اسلامی؛ مواضع ما، تهران ١٣٦٠، صفحات٨٦– ٨١
٣– وتاری «مقدمات تشکیل حزب»

# میوانی ئەمجارەی کۆشکی ئێلیزە



ئازاد مستوفی

هەڵبژاردنی سەرکۆماریی فەڕەنسا هەمیشە بەگرنگییەکی زۆرەوە سەیر دەکرێت چونکە ئەم وڵاتە ناوەندی بڕیاری سیاسیی یەکێتیی ئەورووپایە. تاکە وڵاتی ئەم یەکێتییەیە کە خاوەنی مافی ڤیتۆیە و بەهۆی پێگە ژێئۆپۆلۆتیکییەکەیەوە ڕۆڵی گرنگ لە سیاسەتی ئورووپادا دەبینێت و هەروەها ئەوەی بۆ نەتەوەی کوردیش گرینگە ، ئەم وڵاتە پشتیوانێکی بەهێزی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کوردە کە بناخەی ئەم دۆستایەتییە، دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندی شەهید قاسملوو لە گەڵ سەرۆککۆماری کۆچکردووی فەڕانسە، فرانسوا میتران.

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرکۆماریی فەڕەنسا، یانزە پاڵێوراو بەشدار بوون کە پێنج کەسی سەرەکیی‌یان بریتین لە: ١-ئێمانوئێل مەکرۆن، سەرۆکی حزبی بەرەوپێش. ٢-بنوا ئامون، پاڵێوراوی حزبی سۆسیالیست. ٣-ماریەن لۆپەن، سەرۆکی بەرەی نەتەوەیی ٤-ژان لوک ملانشۆن، دامەزرێنەری بزووتنەوەی فەڕەنسای خۆڕاگر. ٥-فرانسوا فیۆن، پاڵێوراوی حزبی کۆماریخوازان. ئەم پێنج کەسە بێجگە ئامون لە ڕاپرسییەکاندا لە سەدا بیست هەتا بیست و پێنجیان تۆمار کردبوو بەڵام لە ڕۆژی ٢٣ی ئاوریل ئەوە مەکرۆن و لۆپەن بوون کە توانیان لە نێوان ئەو یازدە کەسەدا خۆ بگەیەننە خولی دووەم بۆ یەکلاییبوونەوەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری.

چاودێرانی سیاسی فەڕەنسا هەندێ جار دەستەواژەی «کۆماری شەشەم» بەمەبەستی گرنگیپێدان بەم خولەی هەڵبژاردن بەکار دێنن چونکە هەڵبژاردنێکە سەرکۆماری ئێستا خۆی دووبارە نەپاڵاوتووە و لە نێو بەربژێرەکاندا نیە. پاش شەست ساڵ کەسێکی وەکو مەکرۆن لە سەرووی ڕاپرسییەکانەوەیە کە خۆی لە ڕاست و چەپدا نابینێتەوە، بریتانیا لە یەکیەتیی ئورووپا نەماوە و ڕاستی توندڕەویش هەمان بانگەشەی جیابوونەوە لە یەکیەتیی ئورووپا دووبارە دەکاتەوە، ئابووری فەڕەنسا پێویستی بە هەوڵێکی جیدییە و باسی پەناخوازان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئیسلامی سیاسی لە فەڕەنسا کاریگەریی بەسەر وڵاتانی تری یەکیەتیی ئورووپا دادەنێت و خاڵی گرنگی سیاسەتی نێودەوڵەتیش کە ئایا فەڕەنسا لەگەڵ بەرەی ڕۆژئاوا و ئەمریکا دژی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت دۆخی سووریا چ هەڵوێستێکی دەبێت؟لەم هەڵبژاردنە دیاری دەکرێت.

فەڕەنسا لە نێوان لیبراڵ و ڕاستی توندڕەودا

لە کاتێکدا گۆڕەپانی سیاسی فەڕەنسا خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە فرانسوا فیۆن-ی کۆماریخواز ببێتە سەرکۆمار و بەپێی ڕاپرسییەکان لەسەرووی هەموو پاڵێوراوەکانەوە بوو بەڵام لەناکاو دۆسیەیەک لەو درایە مەحکەمە و بێ ئەوەی ئاکامەکەی دیار بێت میدیای لێ ئاگادار کرایەوە و لەم بەرەبەری هەڵبژاردنەدا کاریگەریی نەرێنی لەسەر لایەنگریی لە فیۆن دانا و ڕێگەی بۆ مەکرۆن و لۆپەن خۆشکرد.

-مەکرۆن Emmanuel Jean-Michel Frederic Macron، لەدایکبووی ٢١-١٢-١٩٧٧ ماستەری فەلسەفەی هەیە و ساڵی ٢٠٠٤ لە قوتابخانەی بەرزی ئیدارە و ئەعمالی دەوڵەتی، کە زۆربەی سیاسەتمەداران و کارگوزارانی وڵات لەوێ خوێندوویانە، خوێندنی تەواو کردووە و چاوەدێر و سەرمایەگوزاری بانکێک بووە. لە ساڵی ٢٠٠٦ هەتا ٢٠٠٩ ئەندامی حزبی سۆسیالیست بووە و لە ٢٠١٤ هەتا ٢٠١٦ وەزیری ئابووری بووە و پاشان خۆی حزبێکی داناوە و ئامادەکاریی بۆ پالاوێراویی سەرکۆماریی وڵاتەکەی کردووە. ناوبراو هەرچەند ئەوکاتەی ئەندامی حزبی سۆسیالیست بووە لەگەڵ کۆتلەی «ڕێگەی سێهەم» بوو بەڵام چاودێرانی سیاسەتی ئەورووپا، مەکرۆن بە کەسێکی سۆسیال لیبراڵ و هەندێکیش بە سۆسیال دیموکراتی وەسف دەکەن. خۆیشی لە دیمانەیەکی لۆمۆند لە ساڵی ٢٠١٥ خۆی بە کەسێکی لیبراڵ پێناسە دەکات و لە گوتارەکانیدا پشتگیریی لە بازاڕی ئازاد دەکات.

مەکرۆن هەر بەوجۆرەی کە لە سیاسەتی ئابووریدا شەفافە لە سیاسەتی دەرەوەشدا زۆر ڕاشکاوانە ڕای خۆی دەردەبڕێت و لە فێوریەی ٢٠١٧ لە دیمانەیەکی لەگەڵ دەیلی تێلیگراف سەبارەت بە ئیستیعماری ئەلجەزایەر بەدەست فەڕەنساوە بە «جینایەتی دژی مرۆڤایەتی» ناساند و ئیدانەی کرد و لە پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردنیشدا لە ئاوریلی ٢٠١٧ سەبارەت بە سووریا پشتیوانی خۆی بۆ دەستێوەردانی سەربازیی ڕاگەیاند. دەربارەی مانەوەی فەڕەنسا لە یەکیەتیی ئورووپا بەهیچ شێوەیەک ڕازی نییە لەبارەی چوونەدەری فەڕەنسا لەو یەکیەتی‌یە.ئێمانوئێل مەکرۆن کە کوڕی دایک و باوکێکی پزیشکە بە دروشمی «فەڕەنسا دەبێ بۆ هەمووان هەلی سەرکەوتن بێت» هاتە نێو گۆڕەپانی هەڵبژاردنەوە و پلانی سەرکۆماریی خۆی بە «پلانێک بۆ دروستکردنی فەڕەنسای نوێ» ڕاگەیاند.

-ماریەن لۆپەن Marion Anne Perrine Le Pen لەدایکبووی ٥-٨-١٩٦٨، پاڵێوراوی حزبی ڕاستی توندڕەوی «بەرەی نەتەوەیی» یاسای خوێندوە و لە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە ئەندامی حزبەکەی باوکی واتە بەرەی نەتەوەیییە و لە ساڵی ٢٠١١ لەجێی باوکی دانیشت. ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٤وە نوێنەری پارلەمانی ئورووپایە. ژان ماری لۆپەنی باوکی، لە ساڵی ١٩٧٤وە هەتا ٢٠٠٧ پێنج جار پاڵێوراوی سەرکۆماری بووە و دەنگی نەهێنابۆوە ئیتر ئەم بەرپرسیاریەتی‌یەی بە کچەکەی دا. هەڵبژاردنی ٢٠١٧ی سەرکۆماریی فەڕەنسا، سێهەم جارە کە ماریەن لۆپەن بەشدارە و ئەوەی ناوبراوی جیاواز لە پاڵێوراوانیتر، نواندووە؛بیروڕای ڕاستی توندڕەوانەیەتی.

ماریەن لۆپەن لە کەمپەینێکی نێوخۆیی حزبەکەیدا لە ١٠-١٢-٢٠١٠ لە شاری لیۆن، نوێژخوێندنی موسڵمانان لە شەقامەکانی فەڕەنسای بە داگیرکاریی وڵاتەکەی لە جەنگی جیهانیی دووەم بەدەست ئەڵمانییەکان شوبهاند. ئەم وتەیەی ناوبراو هەم کێشەی لە نێوان سیاسەتمەدارەکان و هەمیش لە نێو ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و گرووپەکانی ئیسلامی نایەوە و پاشانیش لە دادگە مەحکووم کرا. لۆپەن کە نایشارێتەوە لەگەڵ مسکۆ و خاوەنی کۆشکی کرێملین واتە ڤیلادیمێر پوتین نزیکە لە دیمانەیەکی لەگەڵ تەلەفزیۆنی ڕاشاتودەی لە ٢٩-٦-٢٠١٥ دەربارەی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا وتی: «یەکیەتیی ئورووپا کۆنترۆڵی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەقازانجی ئەمریکا لەدەست داوە... ئێمە لە ژێر کاریگەریی واشنگتۆن تووشی هەڵەی گەورە بووین کە خراپترینەکەی سووریا بوو». ئەو دەربارەی دۆخی سووریا لایەنگریی ڕووسیایە و دەربارەی ئەفغانستانیش ڕای وایە کە دەبێ سەربازەکانی فەڕەنسی بکشێنەوە. هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێویستە سنوورەکانی فەڕەنسا دابنرێتەوە و لە یەکیەتیی ئەورووپا و یۆرۆش جیا بێتەوە.

کۆچبەران و توندڕەویی ئیسلامی و هەڵبژاردنی فەڕەنسا

کار، تەناهی و جیهانیبوون لە تەوەرەکانی هاوبەشی پڕوپاگەندەی پاڵێوراوانی سەرکۆماریی فەڕەنسا بوون بەڵام ئەوەی زیاتر زەق بوو و میدیاکانی بەخۆوە سەرقاڵ کردبوو باسی ئەو کۆچبەرانەیە کە بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەریی ڕوو لە فەڕەنسا دەکەن. بەپێی دەستووری فەڕەنسا دووچاوەگی بەهۆی نەژاد و ئایین هەروەها سەرژمێریی حەشیمەتی وڵات لەسەر بنەمای نەژاد و ئایینەوە قەدەغەیە.

پاش هێرشی تیرۆریستی «شارلی ئێبدۆ» و تیرۆری حەوت ڕۆژنامەنووس بەدەست ئەو تیرۆریستانەی کە ڕەچەڵەکی عەرەبی موسڵمانیان هەبوو ، بابەتی کۆچبەران یان ئەو هاووڵاتییانەی کە ڕەچەڵەکی وڵاتانی تریان هەیە یەکێک لە باسگەلی سەرەکی پڕوپاگەندەی پاڵێواراوانی هەڵبژاردنە، کە دەیانەوێ سەرنجی دەنگدەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن بەڵام ئەم سەرنجراکێشانی دەنگدەرە بەشێوازی جۆراوجۆرە. بۆ نموونە پاڵێوراوێک دەڵێت پێویستە کەڵک لەو کۆچبەرانە وەربگیرێت و پاڵێوراوێکیش دەڵێت هەر نابێ ڕێگەی وڵاتیان پێ بدرێ و ئەوەشی مافی مانەوە و ژیانی هەیە، لێی بسەندرێتەوە. فەڕەنسا بەهۆی ئەوەی هەندێ وڵاتی ئیسلامی وەکو ئەلجەزائیر و مەراکش و.. پێشتر ژێردەستەی بوون و هەنووکە سەفەری ئەو وڵاتە عەرەبی- ئەفریقیانە بۆ فەڕەنسا ئاسانەگرفتێکە کە ڕووبەڕووی بووەتەوە و بەپێی هەندێ ئامار لەسەدا بیست و پێنجی دانیشتووانی فەڕەنسا لەخۆ دەگرن و توندوتیژی و هەروەها ڕووداوگەلی تیرۆریستیش پتر لە ئەستۆی ئەوانە.

لە بەشێک لە پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردن باسی ئەوە دەکرێت کە بەهۆی ئەو نافەڕەنسیانەوەیە کە بێکاری هەیە بەڵام باسی ئەوە ناکرێت کە ئەو کارە سەختەی ئەو بەشەی حەشیمەتی فەڕەنسا خۆی لێ دەدات، فەڕەنسییەکان خۆی لێ نادەن و هەروەها هەندێ کۆمپانیای زەبەلاحی فەڕەنسیش بەکەڵکوەرگرتن لە یاساکانی ئورووپا بۆ خۆدزینەوە لە باج ڕوو لە پۆڵەند (لهستان) دەکەن و هەروەها هێزی کاری ئەوێ هەرزانتریشە بۆیان. نژادپەرستی لە فەڕەنسا زیاتر لە کاتێکدا باسی لێوە دەکرێت کە باری ژیان و ئابووری خەڵک لاوازە یاخود بەوپێیە نییە کە چاوەڕوان دەکرا. خاڵی جێی سەرنج لەوەدایە ئەو شوێنانەی کە ماریەن لۆپەن دەنگی هێناوەتەوە، شار و ناوچەی بچووکن کە خەڵک لە داهاتووی ژیانی ئاسوودەیی و تەناهیی خۆی دەترسێت و دەنگدەرانی ئێمانوئێل مەکرۆن زیاتر لە شارە گەورەکان.

بێگومان بوونی دیموکراسی‌یەکی ڕەها باشترین کەشە بۆ توندڕەویی ئیسلامی کە سەلەفی‌یەکان لە فەڕەنسا زۆر باش کەڵکی لێوەردەگرن. هێز و جەماوەری بۆ کۆدەکەنەوە و بەهۆی لاوازیی ئابووریی فەڕەنسا ڕێکخستنی بەقووەتی خۆیان لە هەموو شارەکاندا گەشە دەدەن و ئەوەی دەتوانێ پێشگیریی لەم دۆخە بکات تەنیا پەروەردەیەکی تۆکمە و ڕێکوپێکە کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە وشیار بکاتەوە. چونکە بێگومان هەم تەشەنەی سەلەفیگەریی لە فەڕەنسا و هەمیش لە بەرامبەریدا نژادپەرستی، هەڕەشەیەکی سەرەکین بۆ دیموکراسییەت و ئازادی.

«فەڕەنسایەکی چوار لەت» و گرفتەکانی مەکرۆن بۆ سەرکۆماریی

ئاکامی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی سەرکۆماری فەڕەنسا لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیشەوە زانیاریی نوێی کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە دەردەخات. ژێرۆم جێفرێ بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوە و ناسینی بیروڕای گشتیی فەڕەنسا لە دیمانەیەکدا لە لۆمۆند، لەمبارەوە ڕای وایە کە ئەم هەڵبژاردنە فەڕەنسای کردوەتە چوار بەشەوە. ناوبراو لە چوارچێوەی کۆمەڵناسی هەڵبژاردندا بەمجۆرە باسی لێکۆڵینەوەکەی خۆی دەکات: «فەڕەنسای یەکەم ئەو فەڕەنسییانەن کە لە شار ئەژین، چینی دەوڵەمەندی کۆمەڵگەن، خوێندنی بەرزیان تەواو کردوە، زۆربەیان دەنگیان بە ئێمانوئێل مەکرۆن داوە. فەڕەنسای دووەم ئەو فەڕەنسییانەن خوێندنی بەرزیان تەواو کردووە و چینی دەوڵەمەندیشن، خانەنشینن، ئەوان زۆربەیان دەنگیان بە فرانسوا فیۆن داوە. بەشی سێهەم ئەو گەنجانەن لە دەوروبەری شارەکاندا دەژین و چینی مامناوەندن و دەنگیان بە ژان لوک ملانشۆن داوە. فەڕەنسای چوارەم ئەو فەڕەنسییانەن کە لە گوند و شارە بچووکەکاندا دەژین و دەنگیان بە ماریەن لۆپەن داوە. «ئێمانوئێل مەکرۆن لە پاریس ٣٤،٨٣٪ و ماریەن لۆپەن لە پاریس ٤،٩٩٪ دەنگی هێناوەتەوە» .

گرفتەکانی مەکرۆن پاش سەرکۆماریی، ڕاکێشانی سەرنج و ڕەزایەتی ئەم فەڕەنسا دابەشبووە نییە بەڵکو حزبەکەی خۆی کە فریای ئەوە نەکەوتووە بەتەواوی بیرۆکەکانی خۆی تێدا بهێنێتە ئاراوە و کۆتلە و بیری جۆراوجۆری تێدایە، هەتا چەند دەتوانێت پشتگیریی لێ بکات؟ سەرکۆمار کاتێک دەتوانێت پلانەکانی خۆی سەربخات کە پەرلەمانیشی بەدەستەوە بێت بەڵام ئەو لایەنانەی کە لە پڕا ماکرۆن گۆڕەپانی لێ بردنەوە، زەحمەتە بهێڵن پەرلەمانیش لەدەست بدەن. گلەیی کۆماریخوازان لە مەکرۆن ئەوەیە هەم کەسایەتی‌یەکی سیاسی نییە و هەمیش سیاسەتمەداری بەناوبانگی بە دەورەوە نییە. ئەوان دەڵێن پلانەکانی بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێکی گرنگ و گەورەی وەکو فەڕەنسا ورد و شەفاف نییە. لە بەرامبەریشدا لایەنگرانی مەکرۆن دەڵێن لە نەبوونی ئێمەدا ئورووپایەکی لاواز دێتەدی کە مەترسییە بۆ ئەورووپا و فەڕەنسا و ئاشتی جیهانی، ماریەن لۆپەن دەیەوێت لە یەکیەتیی ئورووپا نەمێنێت و هەروەها ئەوان دەڵێن فەڕەنسا نابێت بەرامبەر کێشە و قەیرانگەلی نێودەوڵەتی خۆی تەریک بخاتەوە چونکە زلهێزەکانیتر پلانەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن و ئەوە ئێمەین کە دەتوانین کاریگەر بین لە پاراستنی هاوسەنگیی هێزی نێودەوڵەتی. ڕیچارد هاس سەرۆکی ئەنجوومەنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکالە نووسینێکیدا لە ماڵپەڕی project syndicate دەربارەی هەڵبژاردنی فەڕەنسا کە زۆر بەگرنگ وەسفی دەکات و پێشنیاری خۆیشی دەربارەی دۆخی فەڕەنسا و هاوپەیمانێتیی ئەمریکا لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا بۆ ترەمپ دێنێتەئاراوە؛ ڕای وایە «سیاسەتەکانی پوتین بۆ یەکیەتیی ئورووپا زیانی بەدواوە بووە» و هەروەها بە شەفافی وشیاری دەداتە سیاسەتمەدارانی ئورووپا بەتایبەت فەڕەنسا و دەڵێت: «ئەوەی لە ئورووپا ڕوو دەدات دەتوانێ سەقامگیریی و چارەنووسی جیهان بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە».بۆیە فەڕەنسا لەم قۆناغەدا پێویستی بە سەرکۆمارێکە بتوانێت لە یەکیەتیی ئورووپادا بمێنێتەوە و بەهەبوونی ئابوورییەکی بەهێز هەروەکو جاران ناوەندی قەراری سیاسی ئورووپا بێت.

# هەڵبژاردن چۆن دەکرێ ببێتە چەک بۆ دێموکراسیو مافی بەرامبەر لە ئێراندا؟



عەلی بداغی

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ١١ دەورە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، ١٠ دەورە هەڵبژاردنی مەجلیس، ٣ دەورە هەڵبژاردنی شووڕای شارو گوندەکانو چەند دەورە هەڵبژاردن بۆ چەند ئۆرگانیزمێکی حکومەتیی وەک «مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری» کراوە، بەڵام دەکرێ بڵێین بەپێی ئەو پێودانگە کۆماری ئیسلامیی ئێران نیزامێکی دێموکراتیکە؟ لە جیدا هەڵبژاردنەکان لە ئێران ئازادو دێموکراتیک بەڕێوەدەچن؟ بێگومان نا. چونکە لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا ئەسڵێکی بنەڕەتی ونە، ئەویش ئەوەی کەسێک کە هەڵدەبژێرێ خۆی مافی هەڵبژێرانی نییە.

ئەوەی کە هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا موهەندیسی دەکرێن، ئەوەی کە شووڕای چاوەدێری سەر بە وەزارەتی نێوخۆ و شووڕای نیگابان بەهۆی قانوونی «نظارت ئیستصوابی» پاڵێوراوەکان لە بێژنگ دەدەن، ئەوەی کە سندووقەکانی دەنگدان لە ئێران بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریدا بۆ خوگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجە سیاسییەکانی ناوچەو جیهان بەکاردەبرێنو ئاکامی پێشوەختە و دیاریکراو لەو هەڵبژاردنانە وەردەگیرێن، هەموو لەجێی خۆیدا بەڵگەو پێوەری حاشاهەڵنەگر بۆ بەتاڵبوونەوەی هەڵبژاردنەکانە لە مانای خۆی لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئەوەی لە هەمووان زیندووترو جێی بایەخی زیاترە دروستبوونی ئەو پرسیارەیە کە لە هەڵبژاردنێکدا مافی هەڵبژێران بۆ ئەو کەسەی دەنگ دەدا نەبێ، ئەو بۆ دەبێ هەڵبژێرێ؟ یان ئەگەر بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکا، چۆن دەتوانێ بە «دەنگ»ەکەی خۆی شوێن لە سەر بڕیارەکان دابنێو کەمایسییەکانی هەڵبژاردنەکانی ئێستا نەهێڵێ؟

لە ئێرانێکدا کە پێکهاتەیەکی فرەئایینو فرە نەتەوەی هەیە، ڕێبەرو سەرۆک کۆمارو جێگرەکانیو وەزیرو گزیرو پارێزگارەکان هەر دەبێ شیعە بن، ئەوە لە حاڵێکدایە یەک لە چواری حەشیمەتی موسوڵمانی ئەو وڵاتە سوننەمەزهەبن.لە ئێران هیچ شوێنکەوتوویەکی ئایینی زەردوشتی، کەلیمی، مەسیحی، یارسان، بەهاییو ...مافی هەڵبژێران بە سەرۆک کۆماریو پلەو پایە بەرزە ئیداریو دەوڵەتییەکانی ئەو وڵاتەیان نییە کە لێی لەدایک بوونو تێیدا دەژین، ئەوە لە حاڵێکدایە کە حەشیمەتیان سەرجەم زیاتر لە چەند میلیۆن کەسە.

لە ئێران هیچ ژنێک بۆی نییە ببێتە ڕێبەرو سەرۆککۆمار. بە زمانێکی دی زیاتر لە نیوەی ڕاستی حەشیمەتی ئەو وڵاتە لەو مافەی هەڵبژێران بێبەش کراونو هەر دەبێ پیاوێک بە سەرۆکایەتیی خۆیان هەڵبژێرن.

بۆیە ئەو پرسیارە لەجێی خۆی دایە کە کوردو عەرەبو سوننەو ژنو کەمایەتییە ئایینییەکان لە ئێران لەبەرچی دەبێ بەشداری هەڵبژاردنێک بن کە بۆ خۆیان لە مافی هەڵبژێران لەو هەڵبژاردنانەدا بێبەش کراون؟ یان ئەگەر بەشداری ئەو هەڵبژاردنانە دەبن بۆ نابێ دەنگەکانیان لە جیاتی سەرخستنی ئاکامی موهەندیسیکراوی هەڵبژاردنو ڕەواییدان بەو قانوونەی ئەوانی لەو مافانە بێبەش کردوە، بکەنە کارتێکی بەهێز بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە؟

دیسان پرسیارە کە ئاخۆ ئەم بەشە لە خەڵکی ئێران کە لەو مافە مەدەنیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕەوایەی خۆیان بێبەش کراونو حەشیمەتیان یەک لە چوارێ خەڵکی ئەو وڵاتە دەبێ، ملیان بۆ ئەو چارەنووسە هەمیشەییە ڕاکێشاوە کە دەبێ لە وڵاتی خۆیاندا تا هەتایە هاووڵاتیی پلە دووهەم بن، چونکی شیعە نین؟ گریمان نەک شیعەو سوننیو شوێنکەوتووی ئایینێکی دیکە، هەر موسوڵمانو باوەڕمەندی ئایینی نین، بەڵام خۆ مرۆڤنو خەڵکی ئەو نیشتمانەن، کەواتە چۆن دەتوانن لە وڵاتی خۆیاندا مل بۆ ئەو فەڕقو جوداخستنە ڕاکێشنو بۆ دەبێ وابکەن؟

یەکێک لە مکانیزمەکانی کاردانەوەی خەڵکی سوننی لە ئێران بەو بێمافییە لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا دەنگنەدان بەو کاندیدە بووە کە سەر بە حکومەتیان زانیوەو پێیان وابووە حاکمییەت نایهەوێ بێتە سەرێ، یان ئەو کاندیدانەی لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندان لانیکەمی وادەو بەڵێنیان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنە ئایینییەکان داوە.

سەرخستنی خاتەمی لە بەرامبەر ناتق نووری، پشتیوانی لە کاندیداتۆریی کەڕوبیو موسەوی لە بەرامبەر ئەحمەدینژادو، سەرخستنی حەسەن ڕوحانی لە بەرامبەر قالیبافو جلیلیدا میکانیزمەکانی کاردانەوەی وشیارانەو ئامانجداری بەشداریی سوننیو کەمایەتییە ئایینیو تەنانەت کوردەکان لە ئێران بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری بوون. لەوەشدا پرسیار ئەمەیە کە دەسکەوتەکانی ئەو جۆرە کاردانەوەیەو ئەم چەشنە «نا»گوتنانە بە حاکمییەت چی بووە؟ ئەوانەی سەریان خستوون وەک سەرکۆمار، چەندە پێبەندی بەڵێنەکانی پێش هەڵبژێرانیان بوون؟

سەنگو قورسایی ژنانیش بەپێی ڕێژەی زۆری دەنگەکانیان لەجێی خۆی، کە تا ئێستا نەیانتوانیوە لە پێناو لابردنی کۆسپەکانی بەردەوام بەشداری یەکسانیان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەو هێنانەدی مافو داخوازەکانیان بەکاری بێنن.

ڕوونو ئاشکرایە کە هۆکاری بنەڕەتیی ئەو بێمافییەو کۆسپو لەمپەری سەرەکیی بەردەم مانەوەی ئەو هەڵاواردنە قانوونە نووسراو و نەنووسراوەکانی کۆماری ئیسلامییە. بابەتێک کە کاندیداکانی سەرۆک کۆماری پێش هەموو شتێک دەبێ ئیلتزامیان بۆیان هەبێ، لەوەش بترازێ وەدیهاتنی مافو داوای نەتەوەکانو کەمە ئایینییەکان لە ئێران نەک بە تەنیا لە دەسەڵاتی سەرکۆماری، بەڵکوو لە گرەوی ڕێگەپێدانی زۆر دەزگاو لایەنی ئەمنیەتیو لە سەروو هەموویانەوە بەیتی ڕەهبەرییەوە هەیە؛ لەم ڕووەوە دەنگدانو بەشداریی یەکلایەنە لە هەڵبژاردنەکان بۆ ئەو لایەنانەی لەو هاوکێشەیەدا بێماف کراون غەدرێکە کە بۆخۆیان لە خۆیانی دەکەن. ئەوان کاتێک دەبێ دەنگ بدەن کە دڵنیا بن لەوەی دەنگەکانیان دەبێتە هۆی سەرەکیی گۆڕینی قانوونەکانو ئاڵوگۆڕ لە جێگەو پێگەی یەکسانیان لە وڵاتدا.

کوردستان
● ژمارە: ٧٠٣
١٥ی بانەمەر ١٣٩٦ _ ٥ی مای ٢٠١٧



مستەفا مەعرووفی

# فەرهەنگی «حەوتەوانە» شێوەیەکی دەگمەن لە فەرهەنگنووسیی کوردیدا

فەرهەنگی کوردی ـ فارسی ـ ئینگلیسیی»حەوتەوانە» لە وەرگێڕان و ئامادەکردنی نەمر کاک «فەتاحی کاویان» خاوەنی هێندێک تایبەتمەندیە کە لەنێو فەرهەنگە کوردییەکاندا نابینرێن. شێوەی ئامادەکردن و بەکارهێنانی شێوەیەکە کە لە فەرهەنگنووسیی کوردیدا ـ ئەگەر نەڵێن تاقانەیە دەتوانین بڵێین ـ دەگمەنە. ئەو فەرهەنگە لە بنەڕەتدا ٣ زمانە، بەڵام لەراستیدا بە ٩ شێوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لەم وتارەدا هەڵ دراوە شێوەی ئامادەکران و چۆنیەتیی بەکارهێنانی و هەروەها خاڵە بەهێز و لاوازەکانی روون بکرێتەوە.

قەوارەو و بەشەکانی فەرهەنگی «حەوتەوانە»

«حەوتەوانە» لە بنەڕەتدا لە ٣ زمانی کوردی، فارسی و ئینگلیسی پێک هاتوە. بنەمای ئەم کارە لە سەر بەرگی یەکەمی Oxford Dictionary of Current Idiomatic English ە کە تایبەتە بە کار و پێشگر و پاشگرەکانی کە دوو کەس بە ناوەکانی Ap Cowie و R. Mackin ئامادەیان کردوە.

بەشە کوردییەکەی بریتییە لە فەرهەنگی کوردی ـ کوردی کە ٣٥٠ لاپەڕە. بەشە فارسییەکەی بریتییە لە فەرهەنگی فارسی ـ فارسی کە ٣٤٥ لاپەڕە و بەشە ئینگلیسییەکەی بریتییە لە فەرهەنگی ئینگلیسی ـ ئینگلیسی کە ٣٦٩ لاپەڕە. هەروەها بەشێکی دیکەی هەیە کە بریتییە لە جەدوەلی کۆد و ژمارەکان کە دواتر باسی دەکەین کە ئەویش ٧٦ لاپەڕی داگرتوە. لەسەریەک ئەم فەرهەنگە١١٤٠ لاپەڕە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ زایینی دا چاپ بووە.

**چۆنیەتیی بەکارهێنای ئەم فەرهەنگە**

فەرهەنگی «حەوتەوانە» بە ٩ شێوە بەکار دێ. هەر ئەمەشە کە لە فەرهەنگەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە:

ـ یەکەم، کوردی ـ کوردی، واتە لەم بەشەدا زاراوە کوردییەکان کە هەرکامەیان ژمارەکیان بە کوردی و ژمارەیەکیشیان بە ئینگلیسی بۆ دانراوە، لە بەرامبەریاندا بە کوردی واتایان بە نموونەوە لێک دراوەتەوە.

ـ دووەم، کوردی ـ فارسی: هەروەک بەشی کوردی کە هەر زاراوەیەک ژمارەی بۆ دانراوە، لە بەشەفارسییەکەشدا بۆ هەر زاراوەک ژمارە دانراوە، ئەو زاراوانەی هاوواتان ژمارەیەکیان لە جەدەوەلەدا لە پەنا یەکتر دانراوە و لەوێوە هاوواتا کوردییەکی لە بەشی فارسیدا دەدۆزییەوە.

سێیەم، کوردی ـ ئینگلیسی: هەر زاراوەیەکی کوردی ژمارەی خۆی هەیە، ژمارەی هاوواتا ئینگلیسییەکەشی لەگەڵە، لە رووی ئەو ژمارە ئینگلیسییەوە زاراوە ئینگلیسییەکە لە بەشی ئینگلیسی دا دەبینییەوە.

ـچوارەم، فارسی ـ فارسی: هەر زاراوەیەکی فارسی بە نموونەوە واتای بە فارسی بۆ لێک دراوەتەوە.

پێنجەم ، فارسی ـ کوردی: هەموو زاراوەکی فارسییش ژمارەی خۆی هەیە. لە رووی ژمارەکەی لە جەدوەلدا لەبەرامبەر ژمارە کوردییەکەی و ژمارە ئینگلیسییەکەیدا هەیە و لە ویوە هاوواتا کوردییەکەی دەدۆزییەوە.

شەشەم، فارسی ـ ئینگلیسی: ئەگەر بتەوێ بەرامبەری زاراوەیەکی فارسی لە ئینگلیسیدا بدۆزییەوە، زاراوە فارسییەکە کە بۆخۆی ژمارەی هەیە، ژمارەکەی لە جەدوەلدا دەدۆزییەوە و لە بەرامبەریدا ژمارەی هاوواتا ئینگلیسییەکەی دەدۆزییەوەو لە وێوە هاوواتا ئینگلیسییەکەی لە بەشی ئینگلیسیدا دەدۆزیەوە.

حەوتەم، ئینگلیسی ـ ئینگلیسی: وەک باسمان کرد ئەو بەشە فەرهەنگی ئینگلیسسی ئۆکسفۆردە تایبەتە بە ئیدیۆم و دەستەواژەی کار.

ـ هەشتەم، ئینگلیسی ـ کوردی: هەموو زاراوەکان کە ژمارەی خۆیان هەیە، لە جەدوەلی ژمارەکاندا، ژمارەی هاوواتا کوردییەکەی لەبەرامبەردایە و لە بەشی کوردیدا دەیدۆزرێتە.

ـ نۆیەم ،ئینگلیسی ـ فارسی: هەروەک ئینگلیسی ـ کوردییەکە، لەرووی ژمارەی زاراوە ئینگلیسییەکەوە، ژمارەی هاوواتا فارسییەکەی دەدۆزرێتەوە و لە بەشی فارسیدا زاراوە فارسییەکەی دەدۆزرێتەوە.

نموونە: لاپەڕی ٧٦ی بەشی کوردی. زاراوەی «پێشوازی لێکردن» ژمارە ١٤٨٩ یە و ژمارە ئینگلیسییەکەشی (٣٠٣٧)ە، یان راستەوخۆ دەچیە سەر بەشە ئینگلیسییەکەی و ژمارە (٣٠٣٧) دەبینیەوە کە بریتییە لە: greet with: offer, in the "form of a "welcome. بۆ دۆزینەوەی هاوواتا فارسییەکەش دەچییە سەر جەدوەلی ژمارەکان کە ژمارەی هاوواتا فارسییەکەش لەبەرامبەر ئەو دوو ژمارە کوردی و ئینگلیسییەدا هەیە. لە لاپەڕی ٣١ی جەدوەلەکەدا ژمارە ٤٨١ی فارسی لەبەرامبەر ئەو دوو ژمارە کوردی و ئینگلیسییەدایە. لە بەشی فارسییەکەدا ژمارە ٤٨١ بریتییە لە: استقبال کردن، پیشوازی کردن.

**لایەنە بەهێزەکانی فەرهەنگی «حەوتەوانە»**

یەکەم لایەنی بەهێزی ئەم فەرهەنگە ئەوەیە کە لە بەشی پێشەوە باسمان کرد و بە ٩ شێوە کەڵکی لێوەردەگیرێ. واتە، هەر زاراوەیەکی لە یەکێک لەو ٣ زمانە هەڵبژێری بە هۆی بەکارهێنانی جەدوەلی ژمارەکان دەتوانی هاوواتاکانی لە دوو زمانەکەی دیکە بدۆزییەوە. ئەو لایەنە بەهێزە کاتێک زیاتر روون دەبێتەوە کە لەگەڵ فەرهەنگێکی ـ بۆ نموونە: ئینگلیسی ـ کوردی بەروارد بکەین. تۆ دەتوانی وشەیەکی ئینگلیسی هەڵ ببژێری و هاوواتاکەی بە کوردی لەبەرامبەری نووسراوە، بەڵام ناتوانی لە وشەیەکی کوردی بگەڕێی و بەرامبەرەکەی بە ئینگلیسی بدۆزییەوە، چونکە تەرتیبەکەی بە ئینگلیسییە. «حەوتەوانە» بۆ هەرسێک زمان ئەو گیروگرفتەی چارەسەر کردوە.

دووەم، «حەوتەوانە» فەرهەنگی زاراوەیە، واتای زاراوەو دەستەواژەکان تەنیا لە فەرهەنگێکی وەک «حەوتەوانە»دا دەتوانی بدۆزییەوە. چونکە فەرهەنگی وشە واتای وشەکانت بە جیا دەداتێ، بەڵام وشەکان کە لێکدراو بن و لە دەستەواژەدا بن بە زەحمەت واتایان دەزانرێ بە تایبەتی لە زمانێکی دیکەدا. بۆ نموونە: دەستە واژەیەکی وەک «دەست لێشوشتن لە...» لە فەرهەنگی وشەدا واتای هەرکام لە وشەکان «دەست» و « شوردن» و «لە» بە جیا راڤەدەکرێن. بەڵام ئەم ٣ وشەیە لە فەرهەنگی زاراوە و ئیدیۆمدا بە واتای « دەستهەڵگرتن لە شتێک» یان «وازهێنان» یان « ناهومێد بوون لە شتێک» دەگەیەنێ. هەر بە پێی ئەم فەرهەنگە « دەستلێشوشتن»بەرامبەر بە (give up)ی ئینگلیسییە. دیارە ئەم زاراوە ئینگلیسییە واتای دیکەشی هەن بەڵام یەکێک لە واتاکانی «دەست لێشوشتن»ە.

سێیەم، لایەنێکی دیکەی بەهێزیی ئەم فەرهەنگە ئەوەیە کە بەشێکی کوردی ـ کوردیە. زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکان کوردی بۆ زمانێکی دیکە یان زمانێکی دیکە بۆ کوردین. یەکەم فەرهەنگی کوردی «نەوبەهاری ئەحمەدی خانی (١٦٨٣) عەرەبی ـ کوردییە. ئەو فەرهەنگانەی کە ئێستاش چاپ دەبن هەر بەم جۆرەن. فەرهەنگە کوردی ـ کوردییەکان دەگمەنن لە فەرهەنگنووسیی کوردیدا، بەڵام کاک فەتاح لە «حەوتەوانە» دا ئەم لایەنەشی لە بیر نەکردوە.

**کەموکورتییەکانی ئەم فەرهەنگە**

هیچ کارێک بێ کەموکورتی نیە. ئەم فەرهەنگەش لەگەڵ ئەوەدا کە لەچاو فەرهەنگەکانی پێش خۆی لە هێندێک تایبەتمەندیدا دەگمەنە و لە هێندێک لایەنیشەوە سەرکەوتووترە، بەڵام هێندێک کەموکووڕیشی هەن. یەکەم، وەک زۆربەی هەرەزۆری فەرهەنگە کوردییەکان کاری تاقە کەسن فەرهەنگی «حەوتەوانەش» بە تەنیا کاری نەمر کاک «فەتاحی کاویان»ە. باشترین فەرهەنگ ئەوەیە کە بەرهەمی کارێکی بەکۆمەڵ بێ و بوودجە و ئیمکاناتی دامەزراوێکی فەرهەنگی یان حکوومەتیی لە پشت بێ. بێگومان توانا و ئیمکاناتی بەکۆمەڵ لە هی تاقەکەس زیاتر و کاریگەرترە، لە باری فەرهەنگیشەوە ئەم هەر راستە. دووەم، لە فەرهەنگدا، پێشەکییەکی روون و تەواو، نیشانە و سیمبولەکان بۆ خوێنەر یەکجار زۆر رێنوێن و یارمەتیدەرن، بەڵام لەم فەرهەنگەدا تەنیا پێشەکییەکی ٢ لاپەڕیی «دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم» و پێشەکییەکی ٥ پاراگرافیی خودی کاک فەتاحی کە یەک لاپەڕی گرتوە، هەن. هێندێک خاڵی بەرجەستەی رێزمانی و...هتد فەرهەنگ زۆر دەوڵەمەند دەکەن، بەڵام لەم فەرهەنگەدا نین. هەروەها لایەنی فۆنەتیکی، واتە چۆنیەتیی تەلەفوزکردنی وشەو زاراوەکان لانیکەم لە بەشە ئینگلیسی و فارسییەکەیدا نین کە ئەوەش بە کەموکورتی دەژمێردرێ. ئەم کەموکورتیانەی باسیان کرا لایەنی لاوەکیی فەرهەنگن بەڵام زۆر بەسوودن، کە لەم فەرهەنگەدا نین، بەڵام هیچ لە نرخ و بایەخی فەهەنگەکە کەم ناکاتەوە.

**سەرەنجام**

بە گشتی، فەرهەنگی «حەوتەوانە» کە فەرهەنگێکی کوردی ـ فارسی ـ ئینگلیسییە و لە وەرگێڕان و ئامادەکردنی نەمر کاک «فەتاحی کاویان»ە، جگە لەوەی کە فەرهەنگێکی (کوردی ـ کوردی)، (فارسی ـ فارسی) و (ئینگلیسی ـ ئینگلیسییە)،لە هەرکام لەو ٣ زمانەوە دەتوانی هاوواتاکەی لە دوو زمانەکەی دیکەدا بدۆزییەوە. ئەمە وای کردوە کە هەرچەند فەرهەنگەکە ٣ زمانە بەڵام لە رێکخستن و چۆنیەتیی بەکارهێنانیدا لە راستیدا کاری ٩ فەرهەنگ بکا. هەروەها ئەم فەرهەنگە فەرهەنگی زاراوە و ئیدیۆمە کە دۆزینەوەی بەرامبەریان لە زمانی دووەمدا کارێکی ئاسان نیە و ئەمە لایەنێکی بەهێزی ئەم فەرهەنگەیە. ئەم تایبەتمەندیانەی لەم وتارەدا باسیان کرا سەرکەوتووی ئەم فەرهەنگە دەسەلمێنن و هەر ئەم تایبەتمەندیانەش ئەم فەرهەنگە لە فەرهەنگەکانی دیکەی کوردی جیا دەکاتەوە.

## مێژووی زیندوو




# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ڕەحمان ئیبراهیم زادە(شۆکە)

هەیاس کاردۆ

قرچە قرچی گەرمای نیوەڕۆیە لە جەنگەی شەڕێکی قورس و بەربڵاو لە دەشتێکی پان و بەرین و تەخت دا پڕیشکی گوللەی خۆمپارە لاقێکی لە چۆکیڕا لێوە کرد. بێ ئەوەی بخەجڵێ بە ئاغا بانوەکەی سەری پێچایەوە و تفەنگەکەی کردە دار شەقە و دەخۆی نووسا هەتا لە ڕیزی پێشەوەی شەڕگەکە دوور کەوێتەوە. خوێن وەک کانی هەڵدەقوڵی و نەرم نەرم بە لکی ئاغابانوەکەدا چۆڕاوگەی دەبەست. هیچ چاری نەبوو، یان دەبوو خۆی دەرباز بکا یان ڕاوەستێ هەتا ئاخر دڵۆپی خوێن لە لەشی دەچۆڕێ. جارێک بە زگەخشکە و جارێک بە شەلەشەل خۆی گەیاندەماڵێکی قوڕین لە نێو باغێکی سێودا. خۆی و شانسی تەنیا کەسی جێماو لە ماڵەکە، ژنێکی بە ساڵدا چووی سارد و گەرمیی ڕۆژگار چێشتوو بە هانایەوە هات. شێرە ژن بێ ئەوەی هات و هاوار وەڕێ بخا بە پەلە ڕۆنێکی زۆری دە مەنجەڵێک کرد و لە سەر ئاگرێکی خۆشی دانا. هەرکە ڕۆن جوان قرچ بوو، لاقی پەڕیوی گرت و خستیە نێو مەنجەڵەکە. لاق لە نێو مەنجەڵ دا چزەی لێ هەڵدەستا و کاکی پێشمەرگەش جوان جوان چاوی لێدەکرد. کارجوانیی شێرە ژن و غیرەتی لە بن نەهاتووی پێشمەرگە پێشی کانیی خوێنیان گرت و مرۆڤێکیان لە مەرگ ڕزگار کرد.

«خاک»، ڕیشەی «دار» دەخۆیدا جێ دەکاتەوە، نان و ئاوی دەداتێ، لە سەرما و گەرما دەی پارێزێ و تینی وەبەر دێنێ لق و پۆپ دەربکا و بەر بێنێ. «خەڵک»، «پێشمەرگە« لە ماڵی خۆیدا دەحەسێنێتەوە، خواردنی دەداتێ، نازی دەکێشی، دەرمانی دەکا و بۆ بەرەنگاری ڕەوانەی مەیدانی دەکا. دار، بە بێ خاک ڕیشە ناکا و کە ڕیشەش نەبوو بەژن ناگرێ. بەبێ بەژن، دار لق و پۆپ ناکا و بەر ناهێنێ. پێشمەرگە، بێ خەڵک سەرگەردانە و هێزی بەرەنگاریی نییە. خەڵک پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەیە و پێشمەرگەش زامنی درێژی خەباتە.



***

ئەوانەی داخوازانە بڕیاری بەڕێوەربردی کاری گەورە و گرینگ دەدەن هەموو هەوڵیان ئەوەیە بە باشترین شکڵ و شێوە بە ئەنجامی بگەیەنن. بۆ وان تەمەن و ڕادەی زانیاری و ئەزموونی ڕابردوو گرینگ نیە. ئەوەی لای ئەوان گرینگیی دەنوێنێ ئیرادە و نواندنی غیرەت و ئیدامە کارییە. کاک ڕەحمان شۆکەش ئەلحەق بەو تەمەنە کەمە و بەو ناپوختی و بێ ئەزموونییەی خۆیەوە هەر کە پێی نایە مەیدان نیشانیدا کوڕی ڕۆژی تەنگانەیە و جێگای باوەڕی هاوسەنگەرانیەتی.

«ڕاستی من نەمدەزانی خەباتی چەکداری چییە و نەشم دەزانی چەکم بۆ چی هەڵگرتووە. نەشم دەزانی بەرهەمی خەباتی من دەبێتە چی و تەنانەت نەمدەزانی سەرنجامی ئەو ڕێگا سەخت و دژوارە بەرەو کوێم دەبات. بەڕاستی ئەو کاتمەگەر خوێندەوارەکان ودەستەیەکی کەم لە کۆمەڵانی خەڵک نەبێ نەیان دەزانی خەبات و بەرخۆدان چیە. بەلامرق و کینەیپەنگ خواردوویان لە کار و کردەوەکانیژاندەرمەو ئەمنییەکانی شای گۆڕبەگۆڕ ئەوانیبەرەوکۆڕی خەبات و بەرخۆدان هاندابوو».

زۆر لاوی کورد بە کچ و کوڕەوە لەو قۆناغە گرینگەی خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا پێش ئەوەی لە سەر لاپەڕەی کتێبەکان وەدوای شێوەکانی خەبات بکەون و هەوڵی ئەوە بدەن وەزعی کوردستان دەگەڵ تیئۆرییەکان ڕێک بخەن، قۆڵی هیممەتیان هەڵ ماڵی و لە مەیدانی کردەوەدا دەرسی چۆن ژیان و چۆن خەبات کردن فێر بوون. ئەوان هاتن هەتا ڕێگا نەدەن چیدیکە پیاو و ژنی کورد بکرێتە ئامرازی کایەی نێردراوانی حکوومەت و هیچی دیکە تۆزی نائومێدی و بێ هیوایی لە ڕوخساری دایکان و باوکان بنیشێ. بەڵێ ئەوان هاتن و باشیش هاتن. ڕەحمان شۆکە و هەزاران لاوی دڵگەرمی وەک ئەو بێ ئەوەی لە سەر نیمکەتی زانستگاکان فێری زانستی تێکۆشان ببن، لە نێو سەنگەرەکان و لە سەر دوندی چیاکانی کوردستان فێری خۆڕاگری و ڕاوەستان بوون.

کاک ڕەحمان خەڵکی گوندی بەردە سپیانی ناوچەی سەردەشتە. گوندێکی ١٤ ماڵی و خاوەنی ٧ شەهید. سەردەشت و دێهاتی ئەو دەڤەرە کانگای خەباتی نەتەوەیی و خەزێنەی بیری وشیار و دەریای پڕ شەپۆلی خۆڕاگرییە. هیچ نامۆ نییە ئەگەر کەسانی وەک شۆکە لەو مەڵبەندە پێ بنێنە مەیدان و ئاگر لە سەر پشتی بەکرێگیراوانی دوژمن بکەنەوە.

کە دەڵێم مەڵبەندی سەردەشت مەکۆی خەبات و تێکۆشانە هەڵەم نەکردوە. سەیر کەن گوندێکی ١٤ ماڵی دەبێ چەند پێشمەرگەی بووبێ کە ٧ شەهیدی داون. لەو مەڵبەندە پێشمەرگەپەروەرە کاک ڕەحمانەکان کەم نەبوون کە لە پێناو ئازادیی نەتەوەکەیان‌دا ژیانی پڕ مەترسی بەڵام سەربەرزانەیان هەڵبژارد و بەشێکی زۆریشیان وەک ئەو حەوت کەسەی بەردەسپیان گیانی خۆیان فیدا کرد.

تێکۆشەر ڕەحمان شۆکە لەو ڕۆژەوە پێی نایە مەیدانی خەبات و ناوی پێشمەرگەی بۆ دیاریی کرا، هەتا ئەو کاتەی بە پێچەوانەی مەیلی خۆی و بە ناچاری ڕێگای هەندەرانی گرتە بەر، قەت جارێک ناهومێدی ڕووی تێ‌نەکرد و بۆ ساتە وەختێک لە تێکۆشان نەوەستا. ناوبراو یەک لەو تێکۆشەرانەی گەل بوو کە هەر چەند بۆ خۆی گوتەنی تەنیا لە کلاسی «پیکار با بیسوادی»دا کەمێکی دەرس خوێندبوو، بەڵام لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا وای خۆ پێگەیاند کە هەم بوو بە فەرماندەرێکی لێهاتووی نیزامی و هەم وەک کادرێکی لێزانی سیاسی دەناسرا. تێکۆشەر شۆکە لە ماوەی پێشمەرگایەتییدا ئەم بەرپرسایەتییە نیزامی و سیاسییانەی وەئەستۆ گرتووە: سێ ساڵ پێشمەرگەی سادە. ساڵێک بەرپەرسی ماڵیی دەستە. ساڵێک جێگری پەل و ساڵێک فەرماندەری عەمەلیاتی دەستە. دوو ساڵ کادری دەرمانی. دوو ساڵ کادری ناوچەی ئالان و باژار. دوو ساڵیش ئەندامی کۆمیتەی شارستان. هەروەها دووساڵ سەرلکی لکەکانی یەک و دوو لە هێزی گیاڕەنگ. لە سەریەک ١٤ ساڵ پێشمەرگە بوو و یازدەساڵ بەر پرسایەتییهەبوە.

بە تێڕامان لە ژیان و بەسەرهاتی پێشمەرگە، مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەبێ. سەرسوڕمان لەوە کە چ هێزێک پاڵ بەو تێکۆشەرەوە دەنێ ئاوا خۆڕاگر بێ و هەتا ئەو ڕادەیە فیداکار. باسی شەهیدەکان ناکەم کە لە فیداکاری‌دا دەگەنە ئەوجی بەخشندەیی و هیچی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە هەتا پێشکەشی بکەن. باسی ئەوانەش ناکەم کە لە مەیدانی نەبەرددا یەک یان چەند ئەندامی لەشیان لە دەست داوە و بۆ هەمیشە لە چێشتنی تامی ژیانێکی ئاسایی بێبەش بوون. بەڵام زۆریشن ئەوانەی کاک ڕەحمان ئاسایی هەر لە جەنگەی خەبات‌دا خۆشەویسترین کەسانی خۆیان لە دەست‌داوە و بۆ هەتا هەتایە داخی دووریی ئەوان لە سەر دڵیان بۆتە گرێ.

لە خوێندنەوەی داستانی ژیانی تێکۆشەر ڕەحمان ئیبڕاهیم زادەدا مرۆڤ دەتوانێ دەرسی زۆر فێر بێ. جگە لە فیداکاری و ماندوویی نەناسی و غیرەت و چاونەترسی، کاک ڕەحمان خاوەنی زۆر تایبەتمەندیی باشی دیکەشە کە بێگومان ئەویان کردوەتە ئینسانێکی تایبەت. بۆ نموونە هەستی بەرپرسایەتیی ئەو مرۆڤە بەرامبەر هاوژینەکەی جێگای ئافەرینە. کاک ڕحمان کاتێک بڕیاری بەجێ هێشتنی سەنگەری پێشمەرگایەتیی دا، بۆخۆی هیچ گیروگرفتێکی نەبوو. نە لە شۆڕش ماندوو ببوو، نە تووشی ناهومێدی و دڵەڕاوکە ببوو، نە دەگەڵ بەرپرسان تووشی گرفت هاتبوو و نە هەوای ژیانی دەرەوە لەسەری دابوو. تەنیا شتێک کە ئەو خەباتکارەی هان دا بڕیارێکی ئاوا بدا، نەخۆشیی شەریکی ژیانی بوو کە لەوێ چارە نەدەکرا. ئەوەش دیارە بە پاداشی ئەو هەموو خزمەتە لەبیر نەکراوە بوو کە خاتوو «خونچە»ی تێکۆشەر بە پێشمەرگەی کردبوو.

پاش ساڵانێک لە سەنگەردا مانەوە و خۆ بێر و بەوێ دادان بۆ خزمەتی زیاتر، ئێستا تێکۆشەر ڕەحمان ئیبڕایم زادە بە خۆی و بنەماڵەوە لە وڵاتی سوئیس نیشتە جێیە. تێکۆشەر ڕەحمان شۆکە لەو ماوەیەش‌دا کە لەو وڵاتە دەژی نەک هەر خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادیی وڵاتەکەی لە بیر نەکردوە، بەڵکوو زۆر شێلگیرانە و ماندوویی نەناسانە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی تێ‌دەکۆشێ. ناوبراو هەم لە پێشمەرگایەتی‌دا نیشانی دا دەتوانێ کەسێکی بە سوود بێ و هەم لەو وڵاتەش کە لێی دەژی لە کاروان بە جێ نەماوە، چونکە هەم زمان فێر بووە و هەم کاری باشی وەگیر خستوە.

ڕێز گرتن لە مەقامی پێشمەرگە نابێ پابەند بە هەلومەرج بێ و گۆڕانی دەور و زەمان ئاڵوگۆڕی تێدا پێک بێنێ. سیاسەت دەتوانێ تووشی گۆڕان بێ، بەڵام کەسایەتیی پێشمەرگە نەگۆڕە. ئەوانەی تەنیا یەک ڕۆژ لیباسی پێشمەرگەیان پۆشیوە و لە سەنگەری بەرگری‌دا سیلەیان لە دوژمن گرتوە، خۆشەویستی هەتا هەتایین. تێکۆشەر ڕەحمان شۆکە یەک لەو خەباتکارانەیە کە کارنامەیەکی زێڕینی بۆ خۆی تۆمار کردوە و نازناوی هەمیشە پێشمەرگەی وەرگرتوە.

# «وەرە پێکەوە بمرین»



عەلی فەتحی

دوو ڕۆژ بوو لە ناوچەڕا گەڕابوومەوە گووندی بابەکراوێ لە ناوچەی سەرشاخان. بارانێکی نەرم دەستیپێکردبوو و لێینەدەکردەوە. شەو بڕیاردرا بەیانی زوو وەڕێکەوین. بەشە چەک و تەقەمەنی هێزەکانی باکوور گەیشتبوونە لای ئێمە. ئەو سەردەم هێزەکانی دەڤەری باکوور ناسراوبوون بە هێزەکانی شیمال. مەبەست لەوانەی لای ورمێ و سەلّماس بوون. دەبوایە ئەو چەکانە خێرا بگەنە دەستی ئەو هێزانەمان.

لەگەڵ سپێدەی بەیانی، دوای خواردنی بابۆڵە شیرێژێک و خواردنەوەی چایەکی گەرم، وەڕێکەوتین. تا گەیشتینە ڕەوەزەکانی شازوقاز، لەبەر باران تەواو خووساین. ڕێگایەکی دوورمان لەبەر بوو و دەبوایە شەویش لە یەکدوو شوێنی پڕمەترسی بەژێر پێگەکانی دوژمندا بپەڕینەوە.

بە هەوراز و هەڵدێری شازوقازدا شۆڕبووینەوە. هەورازی ئەژنۆشکێن و بارانی بە خوڕێن وەزعەکەی تەواو شێواندبوو. لەگەڵ بەهمەن شانبەشانی یەکتر دەڕۆیشتین. بەهمەن بامرووەت. هەم وەکوو ڕنوو پڕ لە هێزبوو و هەم لە دۆستایەتیدا بەڕاستی ئەمەگناس. کەسێکی بەجەستە پێشمەرگە و بەخەیاڵ چەگوارا. پێشتر ئەندامی سازمانی چریکەفیداییەکانی خەڵکی ئێران بوو. بە مارکسییەت دەستی بە تێکۆشانکرد و دواتر ئەو هەستەی کردە هەوێنی کوردایەتی. گەنجێکی قۆز، باڵابەرز، جوان، لێو بەبزە و دەریایەک لە هەست و سۆز و ورە و وزە. ڕیزەکانی ڕێکخراوی فیداییەکانی جێهێشتبوو، چونکە ئەوان هەڵگەڕابوونەوە و تەواو کەوتبوونە خزمەتکردن بە ڕێژیمی مەلاکانی تاران. بەهمەن بەرلە هاتنی بۆ شاخ پێوەندی بە تەشکیلاتی شاری حیزبەوە گرت. لەگەڵ من لەپێوەندیدا بوو و مەئموورییەتە پێئەسپێردراوەکانی حیزبیی جێبەجێدەکرد. بەواتایەک لەژێر تاقیکاریدا بوو. نیزیک بە ساڵێک تێپەڕیبوو کە ئیدی لەوە پتر نەدەکرا لە شار بمێنێتەوە و هاتەدەر و لەنێو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا دامەزرا. هەر لە یەکەم ڕۆژەکاندا، لەبەر خوێندەواری، ورەبەرزی، بوێری و کۆمەڵایەتیبوونی کەوتە بەر ڕق و کینی ژمارەیەک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە، واتە ئەوانەی لەمەر لەدەستدانی کورسیلەی دەسەڵاتیان نیگەران بوون. پاش کێشەیەکی زۆر، تفەنگێکی برنۆمان بۆی وەرگرت و لە یەکێک لە لکەکانی هێز وەکوو پێشمەرگە دامەزرا. ئەوانەی ئەو سەردەم کادری سیاسی بووین، لەبەر کەشوهەوایەکی خوڵقاوی فەرماندە نیزامییەکان، لەنێو حیزبدا ناسراوبووین بە باڵتۆسپی. ژمارەیەک باڵتۆی ئەمریکی سپیڕەنگ لەلایەن حیزب بەسەر کۆمیتەکاندا دابەشکرابوون و لەبەر ئەوەی زوو چڵکن دەبوون و مەجالی شۆردنیان نەبوو، دابوویان بە ئێمەی کادیرانی بەشی تەشکیلات. منیش یەک لەوانەم وەبەرکەوتبوو. بەهمەن هەرچەند باڵتۆی سپیشی بەرنەکەوتبوو، بەڵام زانابییەکەی کەوتبوە بەر هەستی ئێرەیی پێبردن.

بەڵێ، شانبەشانی هەڤدوو لە شازوقاز دەهاتینەخوارەوە. کاروانی چەک و تەقەمەنی لە دواوەمان دەهات. ڕێگاڕۆیشتن و داگەڕان لەبەر تەڕی و قوڕی دژواربوو. باران نەک لێینەدەکردەوە، بەردەوام بەخوڕێنتر دەبوو. دەتگوت بە ئاسمان گوتراوە ڕاست لەو کاتەدا چی فرمێسکی هەیەتی ڕۆیکا. ئاسمانی ناوچە بەهاری ناوچەی دەستکەوتبوو و لەسەر ئێمە پەکی نەکەوتبوو. ئەو دەبوایە بە هەور و ساوی خۆی یاساکانی سروشت بەڕێوەببا. دیاردەی نامۆ لەو نێوەدا، ئێمەی ڕێبواری ناوەخت بووین.

ماندوویەتی بەرەبەرە شەکەتیکردین و پشووی لێمانبڕی. خوڕێنی باران مەجالی پتری بۆ ڕۆیشتن نەدەدا. بەهمەن تەواو شەکەت دیاربوو. لە بزە و قسەی خۆشکەوتبوو.

– چییە کاکی برا، کز و ماتی، ئەگەر کەیفت قنج نییە، بۆ دەهاتی؟ (دەمویست حاڵ و هەوای بگۆڕم).

– نا کەسی برا، باشم. باران پشووی لێبڕیوم. ئارەقەی لەشم لەو خراپتر.

لەنەکاو یەک لە پێشمەرگەکان هاواری کرد: پشوودانە و تۆزێک وەحەسێن!

مۆژدەیەکی بەهاری بوو. هەر بابایە خۆی لە کەلێنێک ئاخنی تاکوو لەوە زیادتر تەڕ نەبێ.

لەگەڵ بەهمەن خزاینە ژێر ڕەوەزە بەردێک کە بارانی نەدەگرتەوە. هەڵتروشکاین. جگەرەیەکم داگیرساند. سەیرێکی بەهمەنم کرد، پەشێو دیاربوو.

– کاکی برا خەفەتبارت دەبینم!

– تاسەی ماڵەوەم کردووە. دوێنێ شەو نەخەوتووم. بیری مناڵەکان، بێبەشی لە سۆزی باوکایەتی. سیامەندم جارێ کۆرپەیە. بەیانم بێناز ماوەتەوە و ساماڵیشم زۆر هۆگری من بوو.

– ئەوانە مناڵەکانتن؟

– بەڵێ، هەر ئەو سێ جگەرگۆشەیەم هەن.

– تەماشا ئەو ڕێکەوتەی! لە هەورازی شازوقازێ، ئەو شوێنەی بەپێی هەندێ ڕەوایەت دەبێ شوێنی خەج و سیامەند بووبێ، بەو بەیانە باسی سیامەند دەکەین و چاوەڕوانی ساماڵین...

بەو قسەیەم لە خۆشیان هەڵبەزییەوە. لێم نیزیک کەوتەوە و پاڵیوێدام.

– دەزانی چیم نووسیوە؟

– بیخوێنەوە، هەرچەند شارەزای شێعر نیم. جاروبار پەخشانێک دەنووسم و ئەویش بێ هیچ سووژەیەکی تایبەت، تەنیا وشە مەوزوونەکان بەدوای یەکتردا ڕیزدەکەم و پێیدەڵێم مەخشانی بەناو پەخشان.

– گوێبگرە!

دەستی بە خوێندنەوەی شێعرەکەی دوێنێ شەوی کرد:

**دیاری بۆ «بەیان»**
**هەیهۆ!**
**بە کام ڕستە؟**
**بە چ زبانێک؟**
**بە کام هۆنەر و کەلامێک؟**
**چی بڵێم؟ چی بێژم؟**
**تاسە لە لای کێ هەڵڕێژم؟**
**لای کێ بێژم نهێنیی دڵ؟**
**خونچەم کەی دەبێت بە گوڵ؟**
**بوخچە و پرێسکەی نەکراوە**
**نهێنیی کوڕی تێشکاوە!**
**بە کێ بڵێم چۆن تێکڕووخا؟**
**کۆشکی ئاواتم چۆن ڕما؟**
**ئەو خانووچکەی شووشە و بلوور**
**کە چام کردبوو لە پشت سنوور**
**بەرزتر لە سنووری ئەوین**
**چی پێدەڵێن لە ڕووی زەوین؟**
**من دیتم بە دوو چاوم**
**کە چۆن لە «باستیل» خراوم**
**دیتم بە چاو مەرگی هیوام**
**دەسەلمێنم: شکام! شکام!**
**بەڵام نا، هەیهۆ! چ دەڵێم؟**
**دەبا بشکێم و تێکشکێم!**
**هێندە دەشکێم و دەکەوم**
**هەتا فێر بم چۆن سەرکەوم.**

چەپڵەیەکم لێدا و چاوێکم لێکرد و سەرسوڕمانی خۆم لەمەر خەفەتبارییەکەی و کۆتایی ئەو دووسێ دێرەی کۆتایی شێعرەکەی لە نیگایەک وەرپێچا و بۆ چاوەکانی ئەوم بەڕێکرد.

باران هێور ببۆوە. بەرەو گوندی گردەبن وەڕێکەوتین. لەوێش پشوویەکی کورت ڕاگەیەندرا. پاشماوەی ڕێگا تاکوو گووندی قاڕنێ، واتە شوێنی پەڕینەوەمان تەواوێک ڕێگابوو. دەبوایە شەو بەتەنیشت پێگەکانی دوژمندا دەربازبین.

ئێوارە گەیشتینە گووندی قاڕنێ. بەسەر ماڵاندا دابەشبووین. بەهمەن تووشی حاڵەتێکی پڕ لە پەرۆشی هاتبوو. من خێرا ئازارەکانیم دەخوێندەوە. هەوڵمدەدا چی بە خەیاڵیدا دێت، بیدرکێنێ.

– چۆنی چەگوارا شەکەتەکە؟ وادیارە بەرەبەرە لە بارودۆخەکەمان تێدەگەی. دەبینی ئەو ژیانەی ئێمە دەگەڵ نووسراوەکانی سەر کتێب جیاوازی زۆری هەیە، وانییە؟

– لێمگەڕێ! بیر لەو دێیە دەکەمەوە. تراژێدیای قاڕنێ چ جارێک لەبیرناچێتەوە. بۆت وەخوێنم؟

– چییە، ئەویشت دوێنێشەو نووسیوە؟

– نا، هی پێشترە، گوێبگرە!

دەستی بۆ باخەڵی برد و پەڕاوە بچکۆلەکەی دەرهێنا. شێعرێکی دوور و درێژی سەبارەت بە ڕەشەکوژیی قاڕنێ خوێندەوە:

...

**کچان کوڕانی کوێن دەبەر**
**ئێرەش وەکوو تەلیزەعتەر**
**بەزۆر بۆم دێتە سەر قاقەز**
**ڕووداوی کارەساتی ناحەز**
**.......**
**کەوتۆتە گۆڕێ چاویلکە**
**دەستەددان و ملوانکە**
**مێشک بڵاو، چاوێک لەولا**
**لاقێک لە جەندەکی جیا**
**پیرێک کەوتووە لەپاڵ گۆچان**
**خوێناوییە شۆڕتکەی ماڵان**
**لەناو لانک مناڵ بێشیر**
**دایک و باوک بوونە ئەسیر**
**....**
**ئەو کوشتنە، ئەو بڕینە**
**تاوان ڕوونە مناڵینە**
**بەوردی گوێم لەبۆ شلکەن**
**پاشان لە تاوان، بیرکەن**
**لێرە تاوان مناڵینە**
**مافویستنە، مافویستنە، مافویستنە**

هەوا بوولێڵ ببوو کە وەڕێکەوتین. نەدەکرا ماتڵی وەستانی بارانبارین بین. ئاسمان و هەورەکانی کاری خۆیان دەکرد و پێشمەرگەش ڕێگای خۆی دەپێوا. شانبەشانی یەکتر بەڕێوە بووین. ڕێگای لای گووندی (دواوان)مان گرتەبەر. تاریکی ڕەشی شەو باڵی بەسەر ناوچەدا کێشابوو. چاو چاوی نەدەدیت. لەنیزیک پاسگای حکوومەت تەقەیەک کرا. هەر بابایە بەلایکدا لە چەخماخەی تفەنگیدا. شتێکی تایبەت نەبوو. پێشمەرگەیەک ناخواستە تفەنگی لەدەست دەرچووبوو. ڕەوشەکە هێوربووەوە و هەنگاونان بەردەوام. بەهمەن، شەکەتی، برسییەتی و دووری ئازیزانی بەتاقی کردبووەوە، بەڵام دەبوایە ئەسڵێکی دیکەی شۆڕشی بەکردەوەش بەچاوی خۆی بدیبایە.

گووندی قەڵاتان، ئاوایییەکی بریندار دەستی ڕەشەکووژیی دوژمن لەسەر ڕێگامان بوو، ئەو شوێنەی لەمێژنەبوو خەڵتانی خوێن کرابوو. لەوێوە بە سواری تراکتۆر بەرەو ناوچەی حەڵبێ و کۆیکان وەڕێکەوتین. لەسەر پاشتەرکەکانی تراکتۆر ڕووبەڕووی هەڤدوو دانیشتبووین. هەرکام لە خەیاڵێکدا! لەنێو دێی حەڵبێ، تراکتۆر لەنەکاو کەوتە نێو چاڵی بەتاڵی گەنم. من خۆم گرت، بەڵام بەهمەن هەڵدێرا. چاویلکەکانی دەرپەڕین و بەسەریاندا کەوت. بۆ تاوێک هیچکەس خۆی تێنەگەیاند. ناچار هەستاوە و هەموو گیانی قوڕاوی ببوو. چاویلکەکانی هەڵگرتەوە و خێرا بۆ لای من هات کە دوای ئەو وەرگەڕانەی تراکتۆر خۆم فڕێدابووە خوارەوە و تەواو سلامەت بووم.

– پەکوو ئێوەش خەڵکێکی بێڕحمن!

– بۆ کەسی برا؟

– کەسی برای چی، ماڵتان نەشێوێ نەتاندیت چیم بەسەرهات. لانیکەم یارمەتی هەستانەوەتان دابام.

– بەهمەن گیان دەبێ بتوانی خۆت هەستییەوە. ئەی ئەو چەند ساڵە بەردەوام دەنووسی کە دەبێ خۆم، خۆمان هەستینەوە، نابێ لە کەوتن و شکان بترسین. (هاوکات لەگەڵ قسەزلەکانم، بزەم دەهاتێ).

– ئەوها، دەی باشە نۆرەت دێت.

– ئەو ڕۆژە لە گووندی حەڵبێ میوانی مام عەزیز بووین. پیاوێکی دنیادیدە و دڵفراوان. لەکاتی فراویندا پێمانڕاگەیەندرا کە من و بەهمەن دەبێ لەگەڵ ٥ پێشمەرگەی دیکە لەو ناوچەیە بمێنینەوە. هاوڕێیان بەرەو شیمال وەڕێکەوتن.

شەو چووینە گووندی سیاوان. دانیشتبووین. پاش تاوێک بێدەنگی وەقسەهات.

ـ بۆت وەخوێنم؟

شێعرەکانیم بەدڵ بوون، بەڵام هەمیشە بەرلە وڵامی ئەرێنیم، جەفەنگێکم لەگەڵی لێدەدا و عاشقی قاقاکانی بووم.

ـ دەی گوێی مفتت دەستکەوتووە، بۆ نا.... وەیخوێنە!

پەڕاوەکەی بەدەستەوە بوو:

ئەمڕۆش وەکوو زۆر ڕۆژان
ڕۆژی ڕەشی بێبەشان
کیژێکی کاڵ و ساوا
بوو بە فیدای جەمێک نان....
ئەوەشیانم زۆر بەدڵە:
نەورۆزی گشت چەوساوەکان، مەرگی سەرمایەدارە
نەمانی ژێرچەپۆکی ئێمەش، فەوتانی ئیستعمارە

– بەهمەن! پێموایە دوای وەرگەڕانی تراکتۆر، دووبارە کەوتوویەوە بیری ئیستعمار. نەکا ئێمەش ڕەگەڵ ئەوان بدەی؟

لە قوڵایی دڵییەوە قاقایەکی لێدا.

– شادم بە بوونتان، شانازی بە پێشمەرگایەتیم دەکەم....

ڕاست ئەو ساڵە لە پاییزێکی شوومدا، بەهمەنی خۆشەویستم، ئەو مرۆڤە بە مرۆوەتە لە دەڤەری سەردەشت، لە شەڕی چیای هۆمل شەهید بوو.

ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە، تەنیا ئەو ڕستەیەی یانیس ڕیچۆس سوکنایی دەخاتە دڵم کە دەڵێ:

«ئەوان بەرەو بەرزایی هەڵکشان، تا دەستیان بە خاک ڕابگا».



KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 703 5 may 2017

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی



### ماڵاوا مام عەلیشا، پاشای چاک و باشەکانی ئێمە!

قادر وریا

(شەوی ٣لە سەر٤ی مانگی مای ٢٠١٧)

بەر لەوەی خۆی بناسم سلێمانی کوڕیم ناسی. ساڵەکانی١٣٦٥-١٣٦٦، ئەو کاتەی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات و فێرگەی سیاسی- نیزامی لە تەنیشت یەکتر لە بناری قەندیل بوون ، ڕەوانشاد کاک نەبیی قادرییش یەکێک لە بەرپرسانی فێرگە و ئەڵقەی پێوەندیی یەکیەتیی لاوان و بەڕێوەبەریی فێرگەی سیاسی- نیزامی بوو، لاوێکی پێشمەرگەم بە ناوی سلێمان ناسی کە زۆر زوو کەوتە بەر دڵم. ئەو لاوە، وەک پێشمەرگەی پاریزەرلە گەڵ کاک نەبی دا دەهات و دەچوو. جارو باریش کە دەچوومە خزمەت کاک نەبی ، ئەو لاوەم دەدیت. سلێمان، کە تەمەنی هەر لە نێوان ١٨-٢٠ساڵ دابوو ئەوەندە بەڕێز و لە سەرخۆ و موحتەرەم بوو کە نەتدەتوانی خۆشت نەوێ و ڕێز لەو هەمووە نەجابەتەی نەگری. هەر لە پاییزی ئەو ساڵە دا (١٣٦٦) بوو کە جارێک بە ڕێکەوت و بە شێوەیەکی سەرپێی ڕێگام کەوتە بەر دەرگای ماڵێک لە قەلادزێ. خاوەن ماڵەکە قیافەیەکی ئاشنای هەبوو و پێشتر لە نێو بنکە حیزبییەکان‌دا دیتبووم، بەڵام هەتا ئەو کات نەمدەزانی ناوی عەلیشایە و باوکی ئەو لاوە پێشمەرگەیە کە ئەو هەمووەم خۆش دەویست.

ئاسەوارەکانی کۆنگرەی ٨، لێک دابران لە نێو حیزبی دیموکراتی لێ کەوتەوە و کاک نەبی و کاک سلێمانی هاوڕێی و زۆر هاوڕێ و بنەماڵەی دیکەش لە لای ئێمە باریان کرد و لێک دوور کەوتنیەوە. سلێمانم هەر نەدیتەوە و هێچ خەبەرم لێی نەبوو هەتا ئەو کاتەی وابزانم هاوینی ١٣٧٣(١٩٩٤) بوو کە خەبەری شەهیدبوونی لە گەڵ پۆلێک تێکۆشەری دیکە لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتم بیست. لە سەر دڵم بووە داخێکی گەورە کە جارێکی دیکە نایبینمەوە. ساڵی ١٣٧٥، حیزبی دیموکرات بۆوە یەکماڵ. ماڵی مام عەلیشا( بنەماڵەی شەهید سلێمان) هاتنە کەمپی ئازادی. ئەگەر جاران هەر سلێمانم لی دەناسین، ئەمجارەیان مام عەلی، داخەیاڵی هاوسەری و دایکی شەهید سلێمان، سمکۆی تاقانە کوڕیان و کچەکان و زاواکانیشیانم بەرە بەرە ناسین. داخەیاڵ بە مەتانەت و هێمنییەکەی، کورە شەهیدەکەی، (سلێمان)ی وەبیر دەهێنامەوە. مام عەلییش کە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ئاشنای هەڵسوکەوتی دەبووم، هەتا دەهات پتر دەکەوتە بەر سەرنجم. پیاوێکی شۆخ، بە ورە و بە بیرو باوەڕ، گەرم وگوڕ لە گەڵ هاوڕێیان و دۆستان و دەرو دراوسێ، دڵ ئاوەڵا و دڵگەورە.

چەند ساڵێک لەمەوبەر شوێنەوارەکانی نەخۆشیی شەکرە لە مام عەلیی دەرکەوت، زۆری نەخایاند لاقێکیان هەر بۆ پێشگیری لە تەشەنای زیاتری ئەو نەخۆشییە لە جەستەی دا، بڕییەوە. دڵنیام هەر وەک بۆ هەمووی ئێمە چاوەڕوان نەکراو بوو، بۆ خۆشی چاوەڕوانیی نەدەکرد لە پڕ ناچار بە بڕینەوەی لاقی بێ. گومانم نەبوو کە ئەم ڕووداوە، لە سەر نەشە و شۆخبوونەکەی کاریگەر دەبێ و مام عەلی لە قسەی خۆش دەخا. بەڵام چ ئەو کاتەی لە نەخۆشخانە را هێنانایانەوە و چ دواتر کە دەچووینە سەردانی، هەستت دەکرد مام عەلیشا، هەر ئەو کەسایەتییەی جارانە و ئەم ڕووداوە نەیتوانیوە زەفەر بە ڕۆحە سەرکێشەکەی ببا. نازانم چ ماوەیەکی خایاند کە نەخۆشییەکەی کۆڵی لێ نەدا و قوربانیی دیکەی لێ ویست و بڕانەوەی لاقەکەی دیکەی لێ خواست. کاتێک هەواڵی بڕانەوەی لاقەکەی دیکەشیم زانی، بۆ خۆم تووشی شۆک بووم. مرۆڤێک لەو تەمەنە دا، هەر دوو لاقی لێ بستێنرێ، دەبێ چ بارودۆخیکی هەبێ؟! باوەڕ کردنی بۆ خوێنەری ئەم دێڕانە لەوانەیە هاسان نەبێ کە ورەی مام عەلی هەر وەک سەردەمی ساغییەکەی بەرز و ڕووی وەک هەمیشە گەش و دەمی بە خەندە بوو. ئەو نەک هەر لە قسەی خۆش نەکەوتبوو، نەیدەهێشت دەوروبەرەکەشی مات و بێ کەیف بن. هەتا دەچووی و لە لای دادەنیشتی، لێی فێر دەبووی کە چۆن بەرەورووی سەختی و نەهامەتییەکانی ژیان بییەوە و لە پێ نەکەوی. عەلیشا هەر دوو لاقی بڕابوونەوە، بەلام هەر نەکەوتو هەر بە چۆک دانەهات.

مام عەلی، هەر خۆی دەیزانی ئێش و خەمی لە دەستدانی کوڕێکی لاوی لێهاتوو چەندە بە ژان و قورسە. ئەوەش کە هێشتا گوڕ و تینی تێ دامابوو و نەیدەویست لە نێو بنکە و سەنگەری پێشمەرگە و کارو تێکۆشانی حیزبی و پێشمەرگانە دوورکەوێتەوە، نەخۆشی بەربینگی پێ گرت و لاقەکانی لێ ئەستاند، نەهامەتییەکی کەم نەبوو. بەڵام ئەو بێ ئەوەی کتێبە فەلسەفییەکانی خوێندبێتەوە، بۆ تێگەیشتن لە ژیان و خەبات خاوەنی فەلسەفەی خۆی بوو: ژیان و خەبات بە هەر ڕادەیەکیش سەخت بن و هەر چەند قوربانیی گەورەشیان لێت بوێ، هەر دەبێ بە ورەبەرزی و ڕووخۆشی لە گەڵیان دا ڕێگە ببڕێ و لێیان بە جێ نەمێنی. دیارە بەختیاریی عەلیشای ئێمە، هەر تەنیا هەبوونی ئەو ڕۆح و گیانە گەش و زیندووە نەبوو، هاوسەرێکی لە گوێن فریشتەکان و، کوڕ و کچ و بووک و نەوەی قەدرزانی «گەورە» و پاشای خۆیان، یەکێکی دیکە لە بەختیارییەکانی ئەو پیاوە بەڕێزە بوو
.

کەسانی بەخشندە و خۆراگر لە خەباتی ئێمە دا کەم نەبوون و کەم نین. عەلیشا، بەو هەمووە بیرەوەرییەی لە سیمای پڕ لە هیوا و قسەخۆشەکانی لە یادگەم دا بە جێی هێشتوە، بەو وێنە و دیمەنانەی لە گاڵتە و پێکەنینەکانی بە ڕووی سەختی و نەهامتییەکانی ژیان و خەبات دا لە بیرمان دەمێنن، لە ڕیزی پێشەوەی ئەومرۆڤە پتەو و خۆڕاگرانە دا دەیبینم. «عەلیشا»، شا و پاشای چاک و باشەکانی ئێمە بوو. ئۆغرت خێر کە نەبوون و ڕۆیشتنت لای هەموو ئەوانەی ناسیویانی، جێگای داخە. خۆزگە وەدیهاتنی خەون و ئاواتی سلێمانەکانت دەبینی..... خۆزگە لێت فێر بوایەین ئەو کاتانەی دەشمان برنەوە، هەر نەکەوین و هەر بڕۆین.

## بەڕێوەچوونی فستیڤاڵێکی هونەریی لە شاری بانە

ڕێکخراوی هێمای هونەر لە شاری بانە ڕۆژی دەی بانەمەڕ لە تەلاری ئەربابای ئەو شارە مێهرەجانێکی هونەریی لە ژێرناوی "هیوا و نەشە" بەڕێوەبرد.

ئەو ڕێورەسمە کە بە بەشداریی بەرفراوانی خەڵک و هونەردۆستانی شارە جیاجیاکانی کوردستان بەڕێوەچوو، سەرەتا گرووپی هەڵپەرکێی "نیشتمان" چەند تابلۆیەکی جوانی لە هەڵپەرکێی کوردی پێشکەش کرد.

دواتر هونەرمەندانی لێهاتوو، خەڵکی شارەکانی سنەو بۆکان و بانە و جوانڕۆ چەندین مەقام و ئاوازی فۆلکلۆری کوردییان پێشکەش کرد و لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێورەسمە یەکێک لە توێژەرانی بواری ڕیتم ناسی لە سەر شێوازو ڕیتمی ئاواز میلوودی کوردیی بۆ ئامادە بووان دوا.

پاشان شانۆیەک لە ئامادەکردن و ڕۆڵگێڕی شانۆکارانی بانەیی پیشکەش بە ئامادەبووان کرا.





لە بڕگەیەکی دیکەدا چەند کەس لە هونەرمەندان و چالاکانی بواری هونەری لەوحەی ڕێزلێنانیان پێبەخشرا.

## بەڕێوەچوونی خولێکی دیکەی فێرکردنی ڕێنووسی کوردی لە ناوچەی بانە



چالاکان و خەمخۆرانی زمان و ئەدەبی کوردیی ناوچەی بانە لە درێژەی چالاکییەکانی خۆیان‌دا خولێکی دیکەی فێرکردنی ڕێنووسی کوردییان بۆ بەشێک لە هۆگرانی زمانی دایک، لە ناوچەی بانە بە سەرکەوتوویی بەڕێوە برد.

بە پێی هەواڵی بڵاوکراو شەوی ٤ لەسەر ٥ی بانەمەڕی ٩٦ی هەتاوی بە هەوڵ وماندووبوونی ئەنجومەنی ئەدەبیی هاژەی کۆخان، تاقیکاریی خولێکی دیکە لە پۆلەکانی زمانی کوردی لە ئاوایی "ئەنجێنەی مەڵاساڵە" سەربە ناوچەی کێوی بلۆوی شاری بانە بۆ ٧٢کەس لە بەشداربووان بەڕێوەچوو.

خاڵی بەرچاوی پۆلەکانی زمانی کوردی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئەوەیە کە هەموو چین وتوێژیک تێیدا بەشداری دەکەن و بە پێی زانیارییەکان یەکێک لە بەشداربووانی ئەو خولە فێرکارییە مامۆستای ئاوایی، بە ناوی مامۆستا جەلال ئەحمەدی بووە، کە هەروئەش لاوان و مێرمندالانی هانداوە کە لەو خولە بەشداریی بکەن و نیشان لەوەیە کە ئەگەر مامۆستایانی ئایینی بەهەست وسۆزی زیاترەوە سەیری پرسە نەتەوەییەکان بکەن بێ گومان کاریگەریی زیاتریان لەسەر کۆمەڵگا دەبێ.

شیاوی باسە لە درێژەی ئەو ڕیورەسمەدا کۆمەڵێک چالاکیی هونەری وفەرهەنگی وەکوو کردنەوەی کتێبخانەی کوردی و پێشکەش کردنی وتار وبابەتی ئەدەبی و نواندنی چەند تابلۆ لە مووسیقی کوردیش بەڕێوەچوو.

## وەرزشوانێکی سەرکەتوو و بەڕابردووی کرماشانی ، ماڵاوایی لە ژیان کرد

عەلی جەمشیدی هەڵکەتوو لە بنەماڵەی کوردپەروەری ناوچەی قەڵخانیی کرماشان، قارەمانی بواری وەرزشی بۆکس لە ئاسیا ، ڕۆژی شەممە ڕیکەوتی ٢ی بانەمەڕ کۆچی‌دوایی کرد.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە ناوەندی کوردستان وکورد، لە ڕێورەسمی ناشتن و پرسە وسەرەخۆشی ئەو وەرزشوانە سەرکەوتووە، بەهۆی یارسانی بوونی هیچ کام لە بەرپرسانیی حکومەتی بەشدارییان نەکرد، ئەمە لە کاتێکدایە خەڵکێکی بەرفەراوان و هەروەها بەشێک لە وەرزشوانە ئێرانی وکوردەکان لەو ڕێورەسمەدا بەشداربوون.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کوردانی یارسان لە دەڤەری کرماشان، بەشێوازی جۆراجۆر لەگەڵ هەلاواردن ودووچاوەکیی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕوون.

عەلی جەمشیدی قارەمانی ناوداری دەیەی ٤٩و ٥٠ی هەتاوی، بۆکسێرێکی دیار و خاوەن ئیخلاقی ناوچەی کرماشان، بە



هۆی ئازایەتی لە بواری وەرزشی بۆکس لە لایەن خەڵکەوە نازناویی عەلی چاو هەڵۆی پێ بەخشرابوو.

ئەو وەرزشوانە کوردە دوای تۆمارکردنی چەندین شانازی نێونەتەوەیی لە بواری وەرزشی بۆکس، لە دوویەمین ڕۆژی دوویەم مانگی بەهاری ٩٦٦ی هەتاوی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

## شاعیرێکی کورد لە شاری ئیلام دەسبەسەرکرا

عەلی محەممەد محەممەدی، شاعیر و چالاکی سیاسی لە شاری ئەیوانی سەربە پارێزگای ئیلام بە هۆی خوێندنەوەی شێعرێک ڕەخنەگرانە لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەرکرا.

عەلی محەممەد محەممەدی شاعیری ناسراوی کورد لە شاری ئەیوان بە هۆی خوێندنەوەی شێعرێکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە هەڵبژاردن لەلایەن دادستانی گشتیی پارێزگای ئیلام بڕیاری دەسبەسەرکرانی درا و لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەرکرا.

ناوبراو لە کاتی کرانەوەی ستادی هەڵبژاردنی حەسەن ڕوحانی ئەو شێعرەی لە شاری ئیلام بە زمانی کوردی و زاراوەی کەڵهوڕی خوێندۆتەوە.

سادق حوسێنی، فەرماندەی سپای پارێزگای ئیلام، مەکارم شیرازی، محەممەد شەریعەتمەداری هەر کام لە بەیاننامەی جیاجیادا داوای دەسبەسەرکردنی ناوبراویان کردوە.



عەلی محەممەد محەممەدی ساڵی ١٣٤٧ لە شاری ئەیوان لە دایک بووە، ناوبراو سەرۆکی ئەنجومەنی شێعر و ئەدەبی ئەو شارەیە، کارناسی باڵای لە بواری "شیمی کاربردی" و هەروەها مامۆستای شیمی لە زانکۆکانی ئەو شارە و ، هەروەها لە چالاکانی بواری ئەدەب و فەرهەنگی کەڵهووڕی شاری ئەیوانە.